# ڕۆژنامە

هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە (٦٠٩) سێشەممە ٢٠١٠/١١/٢٣ www.sbeiy.com نرخ ٧٥٠ دینار




دۆسیە

**چۆن چاکسازیی لە پەرلەمان بکرێت؟**

ل...١٢-١٣

## هەزاران ئیمزا لە دژی یاسای خۆپیشاندان کۆکراوەتەوە

# چەندین پەرلەمانتار پەشیمان دەبنەوە

**ڕۆژنامە**

هەزاران ئیمزا بۆ ڕەتکردنەوەی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان کۆکراوەتەوەو ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی کوردستانیش پەشیمانن لەوەی دەنگیان بۆ ئەو پرۆژەیاسایە داوە، هاوکات، چەند پەرلەمانتارێکیش بەهۆی پەرچەکردارەوە دەنگیان بەپرۆژەکە داوە.

د. دانا سەعید سۆفی، پەرلەمانتاری لیستی کوردستانیی بە ڕۆژنامەی وت: هەر لەسەرەتاوە ئەو یاسایە کۆدەنگیی لەسەر نەبوو، بەڵام بەهۆی جۆرێک لە پەرچەکردارەوە بەرامبەر بە فراکسیۆنێکی دیاریکراوی پەرلەمان، هەندێک پەرلەمانتار بە ویستی خۆیان دەنگیان نەدا، بەڵکو لەسەر ئەو پەرچەکردارە دەنگیان دا، ئەمەش بێگومان لەئێستادا پەشیمانیی بۆ بەجێهێشتوون.

د. دانا، کە یەکێک بووە لەو پەرلەمانتارانەی لیستی کوردستانیی کە دەنگی بە پرۆژەیاساکە نەداوە، داوادەکات سەرۆکی هەرێم، یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان بنێرێتەوە بۆ پەرلەمان.

هەر لەم بارەیەوە د. ڕەفیق سابیر، ئەندامی لیستی کوردستانیی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کۆمەڵێک ئەندام پەرلەمان لە داواکارییەکانی هاوڵاتییان گەیشتن‌و دەنگیان بۆ پرۆژە یاساکە نەدا، بەڵام ئەوانەی دەنگیان داوە، دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە، کە بۆچی دەنگیان بە یاساکە دا؟

لەلایەکی دیکەوە، ئاکۆ خەلیلزاد، ئەندامی کەمپەینی (سەرۆک ئیمزای مەکە)، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «تائێستا نزیکەی (٤) هەزار هاوڵاتی لە شاری سلێمانی ئیمزایان کردووە لەسەر یاداشتی ڕەتکردنەوەو واژۆنەکردنی یاساکە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە.

هەرچەندە دوو هەفتەیە پرۆژەیاسای خۆپیشاندان لە پەرلەمان پەسەند کراوە، بەڵام تائێستا نەنێردراوە بۆ سەرۆکی هەرێم، بەوپێیەی داڕشتنەوەی زمانەوانیی بۆ نەکراوە.

ڕەتکردنەوەی یاسای خۆپیشاندان لەو ڕوانگەیەوە کە لە هەندێک بڕگەیدا مافی یاسایی‌و مەدەنیی لە هاوڵاتییان دەسەنێتەوەو یاساکە لەلایەن شارەزایانەوە بە پرۆسەیەکی تر بۆ کۆتوبەندکردنی ئازادییەکان لەقەڵەم دەدرێت.

**وردەکاریی لەوبارەیەوە لە لاپەڕەکانی (٦و٧)دایە.**



سلێمانی؛ هاوڵاتییان ئیمزا بۆ ڕەتکردنەوەی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان دەکەن فۆتۆ: سەنگەر

**دەسەڵاتداران پاشەکشێیەکی دیکەیان بە کورد کرد** ل...٣

**لێبووردنەکەی سەرۆکی هەرێم ڕێکخراوەکانی ژنان تووڕە دەکات** ل...٥

**گەنجان بە دوای قەرزدا دەگەڕێن** ل...١٤

**(٨١) ملیار لە بودجەی وەبەرهێنانی کەرکوک خەرجنەکراوە** ل...٨



## وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان هەڵوێستەکانیان ڕووندەکاتەوە

**ڕۆژنامە**

وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، لە چاوپێکەوتنێکی«ڕۆژنامە»دا،ڕوونکردنەوە لەسەر هەڵوێستی فراکسیۆنەکەیان دەدات سەبارەت بە پێشهاتە سیاسییەکان لەهەرێم‌و عێراقدا.

ئاماژەی بەوەکرد: مانەوەی پەرلەمانتارەکانیان لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەران، لەپێناو بەرژەوەندیی کورددا بووە.

محەمەد تۆفیق، وتیشی: «بە ئالییەتێکی جیاواز بەشداریی دەکەین لە حکومەتی ئایندەی عێراق».

لەبارەی هەوڵەکان بۆ گەڕانەوەیان بۆ ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، وتەبێژی گۆڕان، دەڵێت: «هەوڵەکان بەردەوامن‌و بەڵێنی چارەسەری کێشەکانمان لە دەسەڵاتی هەرێم وەرگرتووە».

**چاوپێکەوتنەکە لە ل(٦)دا بڵاوکراوەتەوە**

## حکومەت پرۆژەیەکی یەک ملیۆن دۆلاریی بێبەرامبەر دەداتە کۆمپانیایەکی ئەهلیی

**ڕۆژنامە**

هەرێمی کوردستان نوێترین تۆڕی پەیوەندیکردنی لە لایەن بەغداوە بۆ دابیندەکرێت، بێئەوەی بەکاریببێنێت‌و لە بەرامبەردا بێبەرامبەر دەدرێتە کۆمپانیایەکی ئەهلیی.

تۆڕی کێبلی تیشکیی کە لەسەر بودجەی وەزارەتی گەیاندنی عێراق بۆ سێ پارێزگاکەی هەرێم دانراوە، توانای گواستنەوەی دەنگ‌و ڕەنگ‌و ناردنی داتاو زانیاریی‌و هێڵی ئینتەرنێت‌و تەلەفۆنیش لەخۆدەگرێت، بەڵام لەبری حکومەت کۆمپانیای (ئای.کیو) بۆ پەیوەندیکردن بەکاریدەهێنێت، بێئەوەی هیچ ڕێککەوتنێکی ڕەسمیی لەنێوان حکومەت‌و ئەو کۆمپانیایەدا هەبێت.

سەرپەرشتیاری بەشی کێبلی تیشکی لە بەڕێوەبەرێتی پۆستەو گەیاندنی سلێمانی، وتی: کۆمپانیای (ئای.کیو) ڕەزامەندییان وەرگرتووە کە دوو (کۆڕ) بەکاربهێنن‌و هیچ پارەیەکمان لێ وەرنەگرتوون.

**وردەکاریی زیاتر لە ل(٤)دایە.**

## پارتی بە ڕەوای نازانێت کۆمەڵ‌و یەکگرتوو وەزارەت وەربگرن

**دلێر عەبدولخالق**

کۆمەڵی ئیسلامیی بە مافی خۆی دەزانێت لەناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکە داوای وەزارەتە سیادییەکە بکات‌و ئەندامێکی شاندی یەکگرتووش دەڵێت: «پارتی‌و یەکێتی ڕازی نابن، بۆیە داوای وەزارەتێکی خزمەتگوزاریی دەکەین».

هەرچەندە تائێستا دانیشتنی لایەنەکانی ناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان؛ پارتی‌و یەکێتی‌و یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی بۆ وەرگرتنی پۆستەکانی حکومەتی داهاتووی عێراق، کە بڕیارە نوری مالیکی لە هاوپەیمانی نیشتمانیی پێکیبهێنێت، ساز نەکراوە، بەڵام یەکگرتوو و کۆمەڵ خواستی خۆیان لە وەرگرتنی پۆستە وەزارییەکان بۆ «ڕۆژنامە» ئاشکرا دەکەن.

دارا محەمەد ئەمین، ئەندامی شاندی کۆمەڵی ئیسلامیی لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە بە مافی خۆمانی دەزانین، وەک شەریک لە ئیئتیلافەکە داوای پۆستی وەزیرو بریکارو بەڕێوەبەری گشتیی بکەین، بە تایبەت کە پۆستەکانی سەرۆکی کۆمارو جێگری سەرۆک وەزیران‌و پەرلەمان بۆ پارتی‌و یەکێتی بووە، ئەو وەزارەتە سیادییەی بڕیارە بۆ کورد بێت، بدرێت بە ئێمە».

**بۆ ل...٢٠**

# دەسەڵاتداران پاشەکشەیەکی دیکەیان بەپێگەی کورد کرد

# گۆڕان قازانج دەکات بەشداریی حکومەت بکات، یان زیان؟

ڕاپۆرتی: سیروان ڕەشید

**ئەگەرچی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، گرێکوێرەی قەیرانە سیاسییەکەی عێراقی کردەوە، بەڵام شەقامی کوردی بێئومێدە بەرامبەر پێگەی کورد لەحوکمڕانیی نوێی عێراقدا.**

ڕۆژی (١١/١١) لەچوارچێوەی دەستپێشخەرییەکەی بارزانیدا، لیستە براوەکان ڕێککەوتن کە حکومەتی (شەراکەتی نیشتمانیی) پێکبهێنن‌و بەوپێیەش هەموو لایەنەکان هاوبەش دەبن لەحکومەت‌و پرۆسەی سیاسیی عێراقداو هیچ لایەنێک بە ڕواڵەت نەیارو بەرهەڵستکاری حکومەت نابێت.

لەچوارچێوەی ڕێککەوتنەکەدا، سێ سەرۆکایەتییەکە بەسەر پێکهاتەکانی کوردو شیعەو سوننە دابەشکراون‌و بڕیاریشدراوە، لەپاڵ ئەو سێ پۆستە گرنگەدا، ئەنجومەنێکیش بەناوی (ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییە باڵاکان)، بە سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی پێکبهێنرێت‌و لەماوەی مانگێکدا لەپەرلەمان یاسایەکی بۆ دەربکرێت کە بەپێی زانیارییەکان، ئەنجومەنەکە لە (٢٠)ئەندام پێکدێت: (سەرۆکی ئەنجومەنەکە، سەرۆکی کۆمارو جێگرەکانی‌و سەرۆک وەزیران‌و جێگرەکانی‌وسەرۆکی پەرلەمان‌وجێگرەکانی‌و (٥)وەزیری وەزارەتە سیادییەکان‌و سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی دەزگای قەزای عێراقی)و بڕیارەکانیشی ئیلزامی دەبن بەسەر حکومەتەوە. هەروەها بەپێی لێدوانی فەلاح نەقیب پەرلەمانتاری لیستی عێراقییە، عەلاوی دەسەڵاتی دامەزراندنی (١١٠) ڕاوێژکاری لەو ئەنجومەنەدا دەبێت.

چاودێران، ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە ئەنجومەنەکە (حکومەتی بچووککراوە) دەبێت‌و مەبەست لێی بەرگرتنە لەتاکڕەویی مالیکی‌و کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانیەتی.

## کورد، پاشەکشەی کرد

هەرچەندە هێشتا نازانرێت کە ڕێککەوتنی تاڵەبانی‌و بارزانی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان بۆ حوکمڕانیی تازە لەعێراقدا چییەو ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە بەخەڵک ڕانەگەیەنراوە، بەڵام ڕووخساری ئەو ڕێککەوتنە وا دەخوێنرێتەوە کە پێگەی کورد لە بواری دەسەڵاتی تەشریعی‌و جێبەجێکردندا لەپاشەکشەدایەو کورد لەپێناوی بەدەستهێنانی پۆستدا لەم ڕوانەوە پاشەکشەی کردووە.

## * لە ڕووی دەسەڵاتی تەشریعی:

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەزگای یاسادانان‌و تەشریعە لەعێراقداو لەم خولەیدا کورد، جگە لەوەی قورسایی لەڕووی ڕێژەوە بە بەراورد بەخولی پێشوو (٢١٪-١٧٪) دابەزیوەو (٥٧)کورسی هەیەو دەستەی بەڕێوەبەرانی ئەم خولەی پەرلەمانیش، کەسانێکن کە هاوسۆزنین لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کوردو بەخەڵکانی دژ بەخواستەکانی کورد لەقەڵەم دراون.

ئوسامە نوجەیفی، سەرۆکی پەرلەمان، بەیەکێک لەعەرەبە شۆڤێنییەکانی دژ بەخواستەکانی کورد لەقەڵەم دەدرێت‌و دووساڵ بەر لە ئێستا، لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی داوای لێسەندنەوەی متمانەی کرد لە کاری پەرلەمانتاریی. لەئێستاشدا لیستەکەی نوجەیفی خاوەنی (٩٣)پەرلەمانتارە.

پشتیوان ئەحمەد، پەرلەمانتاری خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران کە ماوەی چوارساڵ ئەزموونی کارکردنی لەگەڵ نوجەیفیدا هەبووە، وتی: «بەبوونی نوجەیفی لە سەرۆکایەتیی پەرلەماندا، گەڕانەوەی کەرکوک بۆسەر هەرێم خەونە».

قوسەی سوهەیل (شیعە مەزهەب)، جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانە کە لە گرووپی تەیاری سەدرییە، گرووپەکەی لە تەجەموعی (٢٢)ی تەمووزی (٢٠٠٨)، لەگەڵ کۆمەڵێک پەرلەمانتاری دیکەی سوننە یەکیانگرتەوەو هەمواری یاسای هەڵبژاردنیان لەزیانی کوردو دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک تێپەڕاند.

دانانی ئەو کەسایەتییانە لەو پۆستە هەستیارانەداو دەنگپێدانی نوێنەرانی کورد پێیان، بەبێ ئەوەی هیچ ڤیتۆو تەحەفوزێکیان لەسەریان هەبێت، بەلای زۆرێک لەچاودێران‌و ڕەخنەگرانی سیاسیی کوردەوە، جێگای سەرسوڕمانە!

## * لە ڕووی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە:

پێگەی کورد لەم بوارەشدا بە بەراورد بەدەورەی ڕابردوو، ڕوو لەپاشەکشەیە، ئەگەرچی پۆستی سەرۆک کۆمار لەڕووی سایکۆلۆژیەوە بۆ کورد جێگەی دڵخۆشییە، کە کوردێک سەرۆکی عێراق بێت، بەڵام لەڕووی سوودگەیاندنی ئەوپۆستە بە کوردو بەرژەوەندییە سیاسییەکانی هەرێم، هیچ سوودێکی نییەو تەنیا پۆستێکی ڕەمزییەو سەرۆک کۆمار دەسەڵاتی تەنفیزیی نییە، بەوپێیەی ئەمجارە دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمار نامێنێت‌و پۆستی سەرۆک دابڕێنراوە لەدەسەڵات، تاڵەبانی لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری (گوڵان)دا کە سەرەتای ئەم مانگە بڵاوکرایەوە، وتی: «ئەمجارە، دەسەڵاتی ڤیتۆکردنی یاساکانی پەرلەمانم نامێنێت».

لەناو کابینەی حکومەتیشدا، لەخولی پێشوودا کورد پۆستی جێگری یەکەمی سەرۆک وەزیران، وەزارەتەکانی دەرەوە، پیشەسازیی، شارەوانی، سەرچاوەکانی ئاو، ژینگە، داد، وەزیرێکی دەوڵەت‌و (١١)پۆستی بریکاری وەزیر، سەرۆکی ئەرکانی سوپا، سەرۆکی جیهازی موخابەرات، سەرۆک‌و ئەندامی باڵای لە چەندین هەیئەی سەربەخۆو باڵیۆزی هەبوو، بەڵام بەوپێیەی کە ئەمجارە، حکومەتی (هاوبەشی نیشتمانی) پێکدەهێنرێت‌و هەموو لایەنەکان بەشدارییان پێدەکرێت، پۆستەکانی کورد لەکورتی دەدەن‌و وەرگرتنەوەی هەردوو پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران‌و وەزارەتێکی سیادیی پێکەوە بۆکورد ئاسان نییەو پۆستی سەرۆکی ئەرکانی سوپاو جیهازی موخابەراتیش لەکورد دەسەنرێتەوە. بەوپێیەش تاکە زەرەرمەند لەو حوکمڕانییە تازەیەی عێراق، کوردە، چونکە شیعەکان دەسەڵاتی تەنفیزییان مسۆگەرکردووەتەوەو لیستی عێراقییەش سەربارى ئەوەی دەسەڵاتی تەشریعیان بەدەستەوەیە، بەشێک لە دەسەڵاتی تەنفیزیشیان وەرگرتووە کە خۆی لە (ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە ستراتیژییە باڵاکان) دەبینێتەوە.

لیستە براوەکانی شیعەو سوننە، بە پاڵپشتیکردنی دەستپێشخەرییەکەی بارزانی، کوردیان ڕووگیرکرد تا دەستبەرداری مەرج‌و کارنامە (١٩)خاڵییەکەی بێت کە پێشتر وەک کارنامەو مەرجی کورد لەبارەی پێکهێنانی حکومەت خستبوویە بەردەم لایەنە عێراقییەکان‌و لەخاڵی کۆتایی ئەوکارنامە (١٩) خاڵییەشدا، باسی ئەوەکراوە، «ئەگەر کورد لەدەسەڵاتی تەنفیزیی کشایەوە، حکومەت بەهەڵوەشاوە حساب بکرێت».

> **»پێدەچێت یەکێتیی، مەسەلەی پۆستی سەرۆک کۆمار لەدەرەوەی بنەمای ئیستیحقاقی هەڵبژاردن‌و (١٤)کورسی‌و (سێ خاڵ‌و نیوەکەی) حسابی بۆبکات، بەوپێیەی پۆستی سەرۆک کۆمار هاوتای پۆستی سەرۆکی هەرێمە«**

تا ئێستا نازانرێت کە ئایا سەرکردایەتیی کورد درکی بە هیچ ئەجێندایەکی لایەنە عێراقییەکان کردووە، کە دەیەویست لەپاڵ بایەخدان بەموبادەرەکەی بارزانیدا، کارنامە (١٩)خاڵییەکەی پشتگوێبخرێت!

شەقامی کوردی، بێ هیوایە بەرامبەر پێگەی کورد لەحوکمڕانیی تازەی عێراقداو هەندێک لەهاوڵاتییان پێیانوایە، نوێنەرانی کورد، هیچ زەمانەتێکیان مسۆگەرنەکردووە.

سامان حەمەکەریم، ڕۆژنامەنووس لەشاری سلێمانی، وتی: «دەسەڵاتداران، لەپێناوی بەدەستهێنانی پۆستدا، باجیان بەمافەکانی کورددداو هیچ زەمانەتێک مسۆگەر نەکراوە».

## میکانیزمی دابەشکردنی پۆستەکان

بەپێی زانیارییەکان، دابەشکردنی پۆستەکان لەسەر بنەمای خاڵ دەبێت‌و هەرلیستێک (٣) کورسی پەرلەمانی هەبێت وەک یەک خاڵ حسابی بۆ دەکرێت‌و پۆستە ڕیئاسییەکانی سەرۆکایەتیی کۆمارو وەزیران‌و پەرلەمان‌و ئەنجومەنی سیاسی پێویستیان بە (٥)خاڵ هەیەو پۆستی جێگرانی سەرۆکی کۆمارو وەزیران‌و پەرلەمان (٤)خاڵ‌و وەزارەتی سیادیی (٣)خاڵ‌و وەزارەتی خزمەتگوزاریی پێویستی بە (٢)خاڵ هەیە.

هەرچەندە هێشتا ڕوون نییە کە ئایا سێ لیستە سەرەکییەکەی پێکهێنەری حکومەت (دەوڵەتی یاساو عێراقییەو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان) دابەشکردنی (پۆستە ڕیئاسییەکانیان) لەچوارچێوەی سیستمی دابەشکاری خاڵ حسابکردووە، یان لەدەرەوەی ئەو بنەمایەیە کە ئەگەر خستبێتیانە دەرەوەی ئەو بنەمایە، لەزەرەری ئەو لیستە بچووکانەیە کە خاوەنی کەمترین کورسی پەرلەمانین، بەوپێیەش کەمتر پۆستیان بەردەکەوێت.

بەڵام پێدەچێت، بەنیسبەت یەکێتییەوە، مەسەلەی پۆستی سەرۆک کۆمار لەدەرەوەی بنەمای ئیستیحقاقی هەڵبژاردن‌و (١٤) کورسی‌و (سێ خاڵ‌و نیوەکەی) حسابی بۆبکات، بەوپێیەی پۆستی سەرۆک کۆمار هاوتای پۆستی سەرۆکی هەرێمە، کە بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژیی وا دیاریکراوە. بەوپێیەش ئەگەر پارتیش ڕازی بوو، پۆستی سەرۆک کۆمار وەک مەسەلەیەکی جیا حسابی بۆبکرێت، ئەوکاتە یەکێتیش مافی وەرگرتنی دوو وەزارەتی دەبێت‌و ئەگەر بەپێچەوانەشەوە بوو، ئەوا یەکێتی مافی وەرگرتنی وەزارەتێکی هەردەبێت‌و پارتیش دوو پۆستی سیادیی (جێگری سەرۆکی پەرلەمان‌و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەبات) کە پێویستیان بە(٨)خاڵە، واتە (٣٢)کورسی پەرلەمانە کە ئێستا پارتی (٣١) کورسی هەیە.

## شەڕی یەکگرتوو و کۆمەڵ

یەکگرتووو کۆمەڵی ئیسلامیی، سەربارى ئەوەی وەک لیستێکی کوردی هەوڵی وەرگرتنی پۆست دەدەن لە لیستی پێکهێنەری حکومەتداو ئەم دوولایەنە دەبێت شەڕی پارتی‌و یەکێتیش بکەن بۆ وەرگرتنی پۆست، کە بە شەش کورسییەکەی هەردووکیان تەنیا دووخاڵیان هەیەو هیچ لایەکیان پۆستی وەزارەتیان ناکەوێت، بەڵام بەیەکەوە دەتوانن پۆستێکی وەزیری دەوڵەت مسۆگەربکەن.

## گۆڕان، بەشدار نەبێتە یان بەهێزەوە بەشداربێت؟

بەرپرسانی گۆڕان، ڕایانگەیاند، کە بەشداریی لەحکومەتەکەی مالیکیدا دەکەن‌و نابنە ئۆپۆزسیۆن، هەرچەندە لەناو گۆڕاندا دیدێکیش هەیە کە پێیوایە: گۆڕان ناتوانێت بەقورساییەکی باشەوە بەشداریی ئەو حکومەتە بێت، بۆیە وا باشترە نەکەوێتە ژێر کاریگەریی موراعاتکردنی دەسەڵات‌و چاوپۆشیکردن لە گەندەڵی‌و سیاسەتی هەڵەی دەسەڵاتدارانی پارتی‌و یەکێتییەوەو ڕێگای ئۆپۆزسیۆن هەڵبژێرێت، بەوپێیەی دەتوانێت ببێتە چاودێر بەسەر ئەدای حکومەت‌و نوێنەرانی کوردەوە لەبەغداو ئەوەی لەژێر بەرە دەگوزەرێت، بیهێنێتە سەر بەرە، بەڵام لەحاڵەتی بەشداریکردن لەحکومەتدا، ئەو دەستکراوەبوونەی بەو شێوەیە بۆناچێتە سەر.

ئەم بۆچوونە لای گۆڕان نابێ گرنگی پێ بدرێت‌و گەر هەر لایەنێک بەشدار بێت لە حکومەت مانای ئەوە نابەخشێت کە چاوپۆشیی لە کارە نایاسایی‌و گەندەڵییەکان بکات‌و ناشبێت ئەزموونی دەسەڵاتی هەرێم لە بەغدا دووبارەبکاتەوەو بێدەنگی هەڵبژێرێت.

قورسایی بزووتنەوەی گۆڕان، لە بەشداریکردنی لە حکومەتی عێراقدا لاواز نییەو بەپێی سیستمی خاڵ کە وەک بنەما بۆ دابەشکردنی پۆستەکان دیاریکراوە، گۆڕان بەئاسانی پۆستی وەزارەتێکی (خزمەتگوزاری) لەگەڵ چەند پۆستی وەک بریکاری وەزیرو بەڕێوەبەری گشتیی‌و باڵیۆزو ئەندام لەدەستە سەربەخۆکان پێدەدرێت.

هەرچەندە وەرگرتنی پۆستێکی وەزاریی سیادیی، یاخود پۆستی جێگری سەرۆکی وەزیران، یان جێگری سەرۆکی پەرلەمان بۆ گۆڕان زۆر گرنگ بوو، بەوپێیەی دەبووە ئەندامی ئەنجومەنە سیاسییەکەو ئاگای لە وردو درشتی کێشەو دۆخە سیاسیی‌و ئابووریی‌و ئەمنییەکانی وڵات دەبێت، بەوپێیەی ئەنجومەنەکە بۆ ئەو مەسەلانە دروستبووە، بەڵام لەباری واقیعدا، گۆڕان ئەو پۆستەی ناکەوێت، مەگەر لایەنێکی سیاسیی پشتگیری لێ بکات، جگە لەوەی گۆڕان پێنجەم لیستی براوەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق بوو، ئەوەش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ وەرگرتنی پۆستێکی سیادیی‌و باڵا لە حکومەتی داهاتووی مالکیدا.

**ئەو پۆستانەی لیستە کوردیەکان پشکیان تێیدا دەبێت:**

* سەرۆکایەتییەکان: (کۆمار، حکومەت، پەرلەمان، ئەنجومەنی سیاسی).
* جێگری سەرۆکایەتییەکانی: (کۆمار، حکومەت، پەرلەمان)
* وەزیری وەزارەتەکان
* بریکاری وەزارەتەکان
* بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتەکان
* باڵیۆزخانەکان لەدەرەوەی وڵات.
* لەبواری سەربازیدا: سەرۆکی ئەرکانی جەیش‌و سەرکردەی فیرقەکان‌و موخابەرات‌و ئەمن.
* دەستە سەربەخۆکان: (کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، دادگای دەستووریی، دەستەی نەزاهە، کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ، دەستەی ڕاگەیاندن‌و پەیوەندییەکان، دیوانی چاودێریی دارایی، بانکی ناوەندی عێراق، دیوانەکانی ئەوقاف، ئەنجومەنی گشتیی خزمەتی فیدراڵیی..هتد).

# پەرلەمان بینا حکومییەکان لە حیزب دەسەنێتەوە

شارا عەبدولڕەحمان

لە ڕێگەی پرۆژە بڕیارێکەوە دوو پەرلەمانتار داوا دەکەن کە ئەو بینا حکومییانەی لە لایەن حیزب‌و ڕێکخراوەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، بگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم.

هەردوو پەرلەمانتار د.سەروەر عەبدولڕەحمان‌و گەشە دارا، پرۆژە بڕیاری چۆڵکردن‌و تەسلیمکردنەوەی بینا حکومییەکانیان لە هەرێمی کوردستان ئامادەکردووەو بە ئیمزای (١٠) پەرلەمانتاری فراکسیۆنەکەیانەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردووەو دوای ئەنجامدانی خوێندنەوەی یەکەم، چاوەڕواندەکرێت بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوەو پەسەند بکرێت.

سەبارەت بە پێویستی بوونی بڕیارێکی لەو جۆرە د.سەروەر عەبدولڕەحمان، بە ڕۆژنامەی وت: «لە کوردستان ژمارەیەکی زۆر لە بینای حکومیی وەک قوتابخانەو خوێندنگەو بینای زانکۆو پەیمانگەکان‌و فەرمانگەکان، لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)ەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، جا لە لایەن حیزب‌و ڕێکخراوەکانەوە وەکو بارەگا بەکارهێنرابن، یان لەلایەن خەڵکەوە کرابێت بە شوێنی نیشتەجێبوون، لەکاتێکدا ئەو بینایانە هەمووی موڵکی حکومەتن‌و پێویستە تەسلیم بکرێنەوە تاوەکو بۆ مەبەستی ڕاستەقینەی خۆیان بەکاربهێنرێن».

ئەو دوو پەرلەمانتارە لە ئەنجامی گەڕان‌و ئیش‌و کاری ڕۆژانەدا درکیان بە زۆریی ئەو بینا حکومییانە کردووە، کە لە لایەن حیزب‌و ڕێکخراوەکانەوە بەکاردەهێنرێن‌و هەربۆیە بوونی ئەو پرۆژە بڕیارە بە پێویست دەزانن، د.سەروەر، وتیشی: «لە کوردستان کێشەی کەمیی بینای قوتابخانە کێشەیەکی گەورەیە، ئەمە جگە لەوەی کە ژمارەیەک لە فەرمانگەکان لە خانووی کرێدان، هەربۆیە ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی ئامارێکین لەو بارەیەوە، تاکو وردتر بۆ بابەتەکە بچین‌و بتوانین لە ڕێگەی پەرلەمانەوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین».



بینای کۆنی خانەی مامۆستایانی کچان لە سلێمانی کە ئێستا مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)ی تێدایە

فۆتۆ: ڕۆژنامە

تازەترین هێڵی پەیوەندیکردن لە کوردستاندایەو کاری پێناکرێت 4

# سیاسەتی لێرەو لەوێ

سەرنووسەر

تا ڕادەیـەک دەسەڵاتدارانی هەرێم مافی خۆیانە شانازیی بە سەقامگیربوونی ئەمنو ئاسایشی هەرێم بکەن، کاتێک ئەم پرسە بەراورد دەکرێت لەگەڵ ئەو کوشتارو تەقینەوانەی ڕۆژانە بەغدا دەهەژێنێ. بەرکەماڵبوونی ئەمنو ئاسایش لە هەر وڵاتێک دەبێتە هۆی وەگەڕنانی سەرمایەو بووژاندنەوەی کەرتی ئابووریی‌و بازرگانیی‌و دەبێتە هۆی برەودان بە پرۆسەی دیموکراسی‌و گەڕانی ڕەوڕەوەی ژیانی ئاسایی هاوڵاتییان، حوکمی خۆماڵی کوردی (٢٠) ساڵی تێپەڕاند، هاوڵاتییانی کوردستان لەو ماوەیەدا پشتو پەناو هاوکاری دەزگا ئەمنییەکانی هەرێم بـوونو هەر خۆشیان بەرهەڵستکارو داڵـنـەدەری گرووپە تیرۆریستییەکان بوون، هەر لە سەرەتاشەوە دژی توندوتیژیی‌و شەڕی ناوخۆو تەنانەت دژی دیاردەی چەک هەڵگرتنیش بوونو بەردەوام داوای بەموئەسەساتکردنی دامودەزگا حکومییەکانو دوورخستنەوەی دەستی حیزب لە کاروباری فەرمیی بەڕێوەبردنی وڵاتو دادپەروەریی‌و فەراهەمکردنی ئازادییە دیموکراسییەکان بوون.

هەروەک چۆن دەسەڵاتی کوردی بەردەوام پێی خۆشە ئاسایشی هەرێمو بەغدا بخاتە ڕستەوەو شانازیی پێوە بکات، هەر بەو شێوەیەو بگرە زۆر زیاتر لە بوارەکانی تردا ئەو هاوکێشەیە لە خزمەتی دەسەڵاتدارانی هەرێمدا نییەو دەتوانین بڵێین: کە بەشەکەی تری عێراق لە ڕووی دەستووریی‌و یاساییەوەو لە ڕووی هەنگاونانو بەرەو فراوانکردنی ئازادییە دیموکراسییەکان (لەگەڵ ئەوەی کە باری ئاسایشی ناجێگیرە) پێش هەرێم کەوتووە، ئەمڕۆ هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو زۆرینە لە پەرلەمانی کوردستان لە ڕێی دەزگا تەشریعی‌و تەنفیزییەکەیەوە لە هەوڵی لەقاڵبدانو بەرەو دواوەبردنی دەستکەوتە میللییەکاندان.

هەنگاوەکانی دەسـەڵاتو زۆرینەکەی لە پەرلەمان دژی یاسای فراوانکردنی دەسەڵاتی داواکاری گشتیی وەستانەوە، لەکاتێکدا دەسەڵاتی دادوەریی‌و دەزگا تایبەتمەندەکانی بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی وەک: (نەزاهە)و (دیوانی چاودێری دارایی)و (موفەتیشە گشتییەکان) لە عێراق، ڕۆژانە ڕۆڵی خۆیان چالاکتر دەکەنو بەردەوام بەرپرسو گەندەڵکاران دەدەنە دادگاو دەیانو بگرە سەدان ڕاپۆرتی جۆراوجۆر ئامادەدەکەنو هیچ سەرۆکایەتییەکی عێراقیشی لێ فەرامۆش ناکەن.

کەچی لە هەرێمی کوردستان تائێستا یەک ڕاپۆرتی دیوانی چاودێریی هەولێر، نەک بەرچاوی ڕۆژنامەنووسانو هاوڵاتییان نەکەوتووە، بەڵکو پەرلەمانی کوردستانو لیژنە تایبەتەکەی‌و حکومەتە خۆماڵییەکەش ئەو ڕاپۆرتانەی نەدیوەو کاریشی پێ نەکراوەو تائێستاش یەک بەرپرسی گەورە، یان بچووک لەسەر گەندەڵیی لە کارەکەی دوور نەخراوەتەوەو سزا نەدراوەو جگە لە چەند حاڵەتێک کە ئەویش پەیوەندیی بە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی هەولێرەوە نییە.

لە بەغداو بەشەکەی تری عێراق دەسەڵاتێکی فـراوان دراوەتـە ئەنجومەنی پارێزگاکان، کەچی لە هەرێم ئەو مەسەلەیە پێچەوانەیە، کورد بەردەوام داوای لامەرکەزیی لە بەغدا دەکات، کەچی کە دێتە سەر سیستمی حکومڕانیی لە هەرێم، دەیەوێ بەهەموو شێوەیەک مەرکەزییەت بۆ خۆی زیاتر بکاتو دوایین هەوڵی بۆ قۆرخکردنی هەتا هەتایی دەسەڵات، هێنانی یاسای دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم بوو، بۆئەوەی بەزۆرینەی دەنگ ئەو یاسایەش تێپەڕێنن، ئەم سیاسەتی (بانێکەو دوو هەوا) لەنێوان هەرێمو بەغدا لەسەر ئاستی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەرێمیش بە هەمان شێوە بوو، هەرێم زۆر بەتووندیی دژی مالیکی وەستایەوە، کاتێک داوایەکی لەو جۆرەی هەرێمی بە ڕەوا بۆ خۆی بینی. لە بەغدا دەڵێن دەبێت بە تەوافوق بێتو پێشتر لەسەر مەسەلەکان ڕێکبکەوین، لە هەرێمیش دەڵێن مانای دیموکراسیی زۆرینەو کەمینەیە.

لە هەرێم زۆربەی هەرە زۆری سەندیکاکان، ئەگەر هەر هەمووی نەبێ لە لایەن حیزبەکانەوە پێکهێنراونو بودجەیان بۆ تەرخان دەکرێ‌و بوونەتە داردەستو پاشکۆی سیاسەتەکانی حیزب، بەڵام لە بەغدا جموجۆڵەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و سەندیکاکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەژێر هەیمەنەو دەسەڵاتی حکومەتو حیزبەکان دوور دەکەونەوە، هەوڵی بێ وچان هەیە بۆ دوورخستنەوەی دەستی حیزبەکانو بەشبەشێنە لەم ڕێکخراو و سەندیکایانە.

لە بەشەکەی تری عێراق بودجە بە ڕوونی دێتە پەرلەمانو زۆر بە گەرمیی تاووتوێی برگە بە برگەی دەکرێ‌و وەزیرە پەیوەندیدارەکان دێنە لیژنەکان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، لەو بودجەیە پارە خەرج ناکرێ بۆ حیزبە دەسەڵاتدارەکانو دەزگاو ڕێکخراوەکانی سەر بە حیزب، هەروەها بەشێک لەو بودجەیە بۆ حیزبەکان تەرخان ناکرێت، وەک پرۆژەی وەهمیی‌و وەک (٣٥) ملیۆن دۆلارە مانگانەکەی پارتی‌و یەکێتی، لە بەغدا گرێبەستە نەوتییەکان لەلایەن وەزارەتی نەوتەوە ڕاشکاوانەو بێ پێچو پەنا ئاشکرا دەکرێنو گرێبەستەکان ژێر خاکو سەر خاکی وڵات نافرۆشن بە کۆمپانیا بیانییەکان و وەک سامانێکی نیشتمانیی سەیری نەوت دەکرێ، بەڵام لە هەرێم ئەو سیاسەتەی کە پەیڕەو دەکرێ ئەوەندە ناشەفاف‌و گوماناویی‌و پڕ نهێنییە کە بەشی هەرە زۆری بەرپرسە باڵاکانی حیزبیش بێ خەبەرن لێی، چ جای وەزیرو ئەندام پەرلەمانو هاوڵاتییانی بەشخوراوی کوردستان.

جیاوازییەکە ئێجگار گەورەیە لەنێوان ئەوەی، کە سامانی نیشتمانەکەت بە هی خۆتو حیزبەکەت بزانی‌و تا بۆت بکرێ هەرچی زووە هەڕاجو تاڵانفرۆشی بکەیت، لەگەڵ ئەوەی ئەم سامانە وەک ئەمانەتێک سەیر بکەیتو بە هی هاوڵاتییانو نەوەکانی داهاتووی بزانی‌و بە هەموو شێوەیەک بیپارێزی‌و بە باشترین شێوەش سوودی لێ وەربگریت.

لە هەرێمی کوردستان تا دێ ئازادییەکان بەرتەسک دەکرێنەوەو فشاری زیاتر دەخرێتە سەر ڕۆژنامەو قەڵەمە ئازادەکانو لە هەوڵی ئەوەدان یاسای ڕۆژنامەنووسیش هەموار بکەنەوە بە قازانجی دەسەڵات.

لیستی زۆرینە هەر بۆ بەرتەسککردنەوەی مافەکانی مرۆڤو ئازادییە دیموکراسییەکان یاسایەکی نادیموکراسییانەی بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێم ڕەوانـەی سەرۆکی هەرێم کرد، کە تەنیا بەکەڵکی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان دێت. ئەگەر ئەمانەی سەرەوە مشتێک بن لە خەرواری، دەکرێ شانازیی بە بیست ساڵی تەمەنی حکومڕانیی خۆماڵیی کوردییەوە بکەینو تەنیا و تەنیاش لاف و گەزاف بەسەقامگیریی ئەمنو ئاسایشی هەرێم لێ بدەین؟!

# مەسیحییەکانی هەرێم ناوێرن دەنگهەڵبڕن

زمناکۆ ئیسماعیل

چەندین خێزانی مەسیحی لە ناوەڕاستو باشـووری عێراقەوە ڕوویـان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بەرپرسانیش وەکو پێویست هاوکارییان نەکردوون.

لەدوای ئەو هێرشەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کرایە سەر کەنیسەی نەجات لە شاری بەغدا، کە تێیدا (١١٤) کەس کوژرانو بریندابوون، چەندین هاوڵاتی مەسیحی لە ترسی دووبارەبوونەوەی هەمان ڕووداو، ڕوویان کردووەتە شارەکانی هەرێمی کوردستان.

سەرچاوەیەکی ئـاگـادار لە کەنیسەی ماریوسفەوە لە شـاری سلێمانی کە لەبەر بـاری ئەمنیی نەیویست نـاوی خۆی ئاشکرا بکات، بە ڕۆژنامەی وت: «ژمارەی ئەو خێزانە مەسیحییانەی لە بەغداو ناوەڕاستو باشووری عـێـراقـەوە ڕوویـان کـردووەتـە کەنیسەی ماریوسف، دەگاتە (٥٨) خێزانو سەرجەم کە ژمارەیان (٢٨٠) کەسەو چەندین منداڵو ئافرەتو پیرو پەککەوتەی تێدایە».

ئـەو سـەرچـاوەیـە، وتـیـشـی: «لـەلایـەن بەرپرسانەوە کۆمەکیان پێگەیشتووە، بەڵام ئەو کۆمەکییانە وەکو پێویست نەبووەو لەبەر باری ئەمنیی مەسیحییەکانی کوردستان نایانەوێت بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بدوێنو کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی بگرن، چونکە نایانەوێت بە هۆی ناساندنی ئەو خێزانە مەسیحییانە خێزانی زیاتر لە باشوورو ناوەڕاستی عێراق بەرەو هەرێمی کوردستان هەڵبێن».

بـۆ بـەدواچـوونـی هـەواڵـەکـە ڕۆژنـامـە پەیوەندیکرد بە قەشەی کەنیسەی ماریوسف لە سلێمانی، قەشە ئەیمەن، وتی: «لەبەر باری ئەمنیی ناتوانم وەڵامـی هیچ ڕاگەیاندنێک بدەمەوە، بە تەنیا سوپاس بۆ ئەو کەسانەی کە بڕێک هاوکارییان بۆ ناردووین».



کڵێسەی ماریوسف لە سلێمانی

# کارگەی جلوبەرگی سلێمانی دادەخرێت

ئاکام ئەبوبکر - هۆشەنگ هەرتەلی

کـارگـەی جـلـوبـەرگـی سلێمانی دادەخــرێــتو دەکـرێـتـە کـارگـەی تـراکـتـۆرسـازیـی، یـان کـارگـەی دەرمـانـسـازیـی، لـەگـەڵ ئـەوەی بۆ مـاوەی (٢٠) سـاڵ بە کـرێ دراوەتـە کۆمپانیایەک.

ئاراس ڕەئووف، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانیی لە وەزارەتی پیشەسازیی‌و بازرگانیی هەرێمی کورستان بە ڕۆژنـامـەی ڕاگـەیـانـد: «لـە دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانەوە بڕیار دراوە، کە کارگەی جلوبەرگی سلێمانی بگۆڕدرێت بۆ وەبەرهێنان، لە هەمانکاتدا سەرچاوەیەکی بەرپرس لە بەڕێوەبەرێتی پیشەسازیی سلێمانی بێئاگایی خۆیان لەو بڕیارە نیشاندا».

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی پیشەسازیی سلێمانی ڕایگەیاند: «گرێبەستێکمان لەگەڵ کۆمپانیای (شێنێ) هەیە بە ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران، گارگەی جلوبەرگ دراوە بە کرێ لە بـەرواری (٢٠٠٦/١٢/٢١)ەوە بۆ ماوەی (٢٠) ساڵو کاری کۆمپانیاکە بەڵێندەرایەتی‌و بازرگانیی گشتییە».

سـەبـارەت بە بـڕیـاری داخستنی کارگەکەش ئـاراس ڕەئـووف، وتی: «ئێستا ئەو کارگەیە کێبڕکێی وڵاتەکانی پێ ناکرێت، بۆیە بڕیار دراوە کە کاری ئـەو کارگەیە بـگـۆڕدرێـتو سـوودی زیاتری بۆ کورستان هەبێت».

دوای داخستنی کارگەکەش بڕیارە سەرجەم فەرمانبەرو کرێکارەکانی کارگەکە بگوازرێنەوە بۆ سەر میلاکی فەرمانگەکانی تری حکومەت.

لەلایەکی دیکەوە، ئاراس ڕەووف بۆ ڕۆژنامەی ئاشکرا کرد: «دوو پرۆژە بۆ گۆڕینی ئەو کارگەیە پێشکەشکراوە، ئەویش بکرێت بە کارگەی (تراکتۆر)، یان (دەرمانسازیی)و گۆڕینەکەش ماوەیەکی زۆری دەوێت».

# پسپۆڕێک: مەترسیی وشکەساڵیی زۆرە

شارا عەبدولڕەحمان

پسپۆڕێکی بواری کەشناسیی ئاماژە بەوە دەکـات؛ کە مەترسییەکی زۆری وشکەساڵیی دەکرێتو ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر وەرزی چاندن دروستکردووە، بە تایبەت لە ناوچەی گەرمیان.

سـۆران حەمە ئەمین، مامۆستای کەشناسیی لە بەشی جوگرافیای زانکۆی سلێمانی ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە؛ کە هەرێمی کوردستان بە گشتیی بارانەکەی دەکەوێتە سەرەتای پایز تا ناوەڕاستی بەهار، کە تێیدا نزیکەی حەوت بۆ هەشت مانگ باران دەبارێت، بەڵام بۆ ئەمساڵی (٢٠١٠-٢٠١١)، کە دەبوو لە مانگی تشرینی یەکەمدا بڕی (٢٠) میلیمەترو لە مانگی تشرینی دووەمدا بڕی (٨٠) میلیمەتر باران ببارێت، تائێستا یەک میلیمیش نەباریوە، هەر بۆیە وتی: «بەپێی ئەو پێشبینییەی کە هەیە چاوەڕێ ناکرێت تا هەفتەی یەکەمی مانگی کانوونی یەکەم باران ببارێت، کەواتە دوو مانگی بارانبارین لە کوردستان ڕۆیشت، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین؛ مەترسییەکی زۆری وشکەساڵیی دەکرێت».

بەپێی وتەی ئەو پسپۆڕەی بواری کەشناسیی، دواکەوتنی باران لەمساڵدا زیانێکی زۆر بە وەرزی چاندن دەگەیەنێتو بەمەش زیان بە بەروبوومی دانەوێڵەو کشتوکاڵ دەگات، بە تایبەت لە ناوچەی گەرمیان.

# چواریەکی لیژنەکان دەدرێتە ژنان

بەرهەم خالید

لیژنەیەکی (١٩) ئەندامیی لە پەرلەمانی عێراق بۆ هەمووارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانو تاوتوێکردنی پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکان پێکدەهێنرێتو سەرۆکایەتی لیژنەکان بە تەوافوقی سیاسیی‌و بە پێی پێگەی لیستەکان دادەنرێتو چواریەکی لیژنەکان بەر ژنان دەکەون.

لە دانیشتنی دوێنێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بە مەبەستی پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکان، کە (٢٤) لیژنەی هەمیشەیی‌و دوو لیژنەی کاتیی دەبێت، ئەوەش لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی قەوارەسیاسییەکان دەبێتو ئەندامانو بڕیاردەرو سەرۆکی لیژنە هەمیشەییەکان بە شێوەی دەنگدان هەڵدەبژێرێتو هەر دوێنێش لیژنەیەکی‌تایبەتی لە (١٩) ئەندام پێکهات بۆ هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

حاکم لەتیف مستەفا، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەوان ناوی هەر هەشت ئەندامەکەیان نووسیوە بۆ ئەو لیژنانەی کە بە گرنگیان زانیوە لە ئایندەدا کاری تێدا بکەن، وتیشی: «پێدەچێت گۆڕان سەرۆکایەتی یەکێک لە لیژنە هەمیشەییەکان وەربگرێت، کە بە پێی تەوافوقی کوتلەکان دابەش دەکرێت، بەڵام تائێستا نازانرێت چ لیژنەیەک وەردەگرین».

هەروەها، ئالا تاڵەبانی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لە فراکسیۆنی هاوپەیمانیی باسی لەوەکرد؛ کە کورد کوتلەیەکی گەورەیەو هەوڵی بەدەستهێنانی لیژنەی گرنگ دەدات بەپێی قەبارەی خۆی، وتیشی: «لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە سەرۆکی (٢٥٪)ی لیژنەکان ژن بنو هەروەها ناشبێت سەرۆکی لیژنەکانو وەزارەتە پەیوەندیدارەکەی لە هەمان کوتلەی سیاسیی بن، ئەوەش بۆ ئەوەی لیژنەکان دەستکراوەبن لە کارکردنو چاودێریکردنی ئەو وەزارەتە».

## پاشماوەی... پارتی بە ڕەوای نازانێت کۆمەڵو یەکگرتوو ...

لای خۆشیانەوە، ئەندامێکی شاندی یەکگرتوو ئەوە دەخاتە ڕوو؛ کە پارتەکەیان داوای وەزارەتێکی خزمەتگوزاریی دەکـەن، چونکە بە حوکمی دەنگەکانیان پارتی‌و یەکێتی ڕازی نابن بە پێدانی وەزارەتێکی سیادیی بە لایەنەکانی دەرەوەی خۆیان.

دیندار نەجمان دۆسکی، وتیشی: «ئێمە داوای وەزارەتێکی خزمەتگوزاریی دەکەین، چونکە یەک وەزارەتی سیادیی هەیە، ئەویش مافی زۆرینەیە، تەنانەت ئەگەر داواشی بکەین پارتی‌و یەکێتی ڕازی نابن».

لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان هاوپەیمانیی کوردستانو یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی لەناو ئیئتیلافەکوردستانییەکەسەرچاوەیەک بۆ «ڕۆژنامە» باسی لەوە کرد؛ پێشترو بە هۆی دانانەوەی عارف تەیفور، بە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقو ڕاوێژنەکردن بە دوو پارتە ئیسلامییەکە، پەیوەندیی نێوانیان بەرەو گرژیی چووە.

لەو چوارچێوەیەو لە بارەی بەدەنگەوەهاتنی پارتی‌و یەکێتی بۆ داواکەیان، ئەندامەکەی کۆمەڵ وتی: «ئەوان زیاتر بیریانکردووەتەوەو بەخۆیاندا چوونەتەوە، بە تایبەت ئەگەر حەز بە شەراکەتی ئێمە بکەن، ئەوا بە شێوەیەکی ئیجابی بەرەوپیری داواکەی ئێمە دێن، لەبارەی چۆنێتی دانانەوەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش بەڵێنیان داوە ئەو ئەزموونە دووبارە نەبێتەوە».

لە بەرامبەر داواکاریی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی، بەڕێوەبەری دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان داوای وەرگرتنی وەزارەتی سیادیی بۆ کۆمەڵ بە «ناڕەوا» دەبینێتو وەک خۆی دەڵێت: «یەکێتی پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری وەرگرتووە، بەڵام پارتی کە ژمارەی کورسییەکانی لە هەموویان زیاترە، هیچ پۆستێکی سیادیی بەدەست نەهێناوە».

جەعفەر ئیبراهیم ئیمنکی، وتیشی: «پێویستبوو ئەو داواکارییە لە گفتوگۆی ئیئتیلافەکە باسبکرایە، نەک بۆ ڕاگەیاندنەکان، پۆستەکانیش بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن دەبێت، بۆ داواکارییەکەی کۆمەڵیش لایەنی تر هەیە، کە کورسیان زیاترەو داواکە بۆ ئەوان ڕەواترە».

# گۆڕان، لە دەسەڵات نزیکدەبێتەوە

راپۆرتی: هیوا جەمال

**چاودێرانی سیاسیی، لەگەڵ بەشداریکردنی گۆڕانن لە دەسەڵاتی بەغدادا «بەمەرجێک زیان بە ئیستیحقاقی نەتەوەیی نەگەیەنێت‌و بە پێویستیشی دەزانن، داوای دەستکەوتی زۆر بکات‌و بە کەم رازی نەبێت.**

دوای ئـەوەی فراکسیۆنی گۆڕان لـە ٢٠١٠/١٠/٢٩ لـە ئیئتیلافی فراکسیۆنەکانی کوردستان کشایەوە، لە ئێستادا رایگەیاندووە، وەک کوتلەیەکی سەربەخۆ لە بەغدا دانوستان دەکات.

شۆڕش حاجی، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا، رایگەیاند: ئێمە بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن، بەشداریی لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا دەکەین.

لە عێراقدا دوو نەتەوەو سێ لایەنی سەرەکی کوردو عەرەب (شیعەو سوننە)) لە دانوستان‌و ململانێدان بۆ وەرگرتنی هەرچی پۆست‌و پلە گرنەگەکانە لە چـوار سالی داهـاتـووی حکومەتدا، بەڵام خواستی هەموولایەک بۆئەوەیە، حکومەتێکی بنکەفراوان پێکبێت‌و گشت لایەنەکان بەشداریی بکەن.

ئاسۆ عەلی، چـاودێـری سیاسیی، دەڵێت: پێویستە بەشداریکردنی هەر هێزێک لە پرۆسەی سیاسیدا، وەک هێزێکی سـەرەکـی‌و بڕیار بەدەست بێت، ئەگەر نا، ئەوا چەکێکی گەورەتری بەدەستەوەیە کە چەکی شەفافییەت‌و هـەر هەنگاوێک دەنـێـت بەخەڵکی رابگەیەنێت، بۆئەوەی دواتر دەرفەتی چاکتری لەلایەن خەڵکەوە پێبدرێت.

د. کەنعان حەمەغەریب، پسپۆڕی زانـسـتـی سیاسیی، بـڕوای وایـە، گۆڕانیش وەک هەموو لایەک بەشداریی بکات، باشترە، چونکە هەر لایەنێکی ئـۆپـۆزسـیـۆن، کـاتـێـک ئـەزمـوونـی حوکمکردنی هەبێت، دوایی لە بڕیاردانـدا، کاملتر دەتوانێت بڕیار بدات.

لە ئەزموونی (٤) سالی رابردوودا، لایەنە کوردستانییەکان وەک ئیستیحقاقی نەتەوەیی بەشدارییان لە حکومەتی بەغدا کردووەو بەپێی تەوافوق پلەو پۆستیان بەرکەوتووە، بەڵام گلەیی لە ئەدائیان‌و چۆنێتیی بەکارهێنانی پۆستەکانیان هەبووە.

ئـاسـۆ عـەلـی، دەڵـێـت: ئـەگـەر بەشداریکردنی گۆڕان، وەک لایەنەکانی دیـکـەی کـوردسـتـان بـێـت، ئـەوا بەشداریی نەکات باشترە، بەڵام ئەگەر بەشداریکردنەکە بەشێوازێکی جیاواز بێت‌و خەڵکی ئەکتیڤ بخاتە شوێن خۆی‌و بەشدارییەکەی لەبەر خاتری هێنانەدی ئامانجەکانی گەلی کوردستان بێت‌و بە فیعلی خزمەت بکات، ئەوا بەشداریی بکات، باشترە.

د. کەنعان، دەڵێت: ئەگەر گۆڕان لە کێشە نەتەوەییەکاندا هەڵوێستی هاوبەشی هەبێت‌و لە مەسەلەکانی تردا سەربەخۆیانە کاربکات، لەوبڕوایەدا نیم، زیان بە مەسەلەی کورد بگەیەنێت‌و بەشداریی لە حکومەتدا بکات، باشترە.

لە (٩٠) سالی رابـردوودا، نەتەوەی کـورد لەلایەن حکومەتە یەکلەدوای یەکەکانی عێراقەوە، چەوساوەتەوەو دەربەدەر کراوە، لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە حکومەتەکان وەک دیکۆر پلەو پایەیان بە کورد داوە، بەڵام لە بنچینەدا کورد هەر ئۆپۆزسیۆن بووە.

ئاسۆ عەلی، لەوبارەیەوە بڕوای وایە: هەرچەندە کورد بەشداریی لە حکومەتدا بکات، ئـەوا هـەر ئۆپۆزسیۆنەو ئەو بانگەشانە راست نین کە دەڵێن، کورد شەریکە لە حکومەتدا، بۆیە گۆڕانیش لە بەغدا دەبێتە ئۆپۆزسیۆن، هەرچەندە بەشداریی لە حکومەتیشدا بکات.

ئەگەرچی بـڕوای بـەوە نییە کە ئۆپۆزسیۆن نیوە تـەواوکـەرەکـەی دەسـەڵات بێت‌و لەوبڕوایەدایە کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئۆپۆزسیۆن، هێزێکی کەنارخراوە، بەڵام ئاسۆ عەلی، دەڵێت: وا قازانجە کە ئۆپۆزسیۆن، ئۆپۆزسیۆنێکی بەشدار بێت‌و جێدەستی هەبێت لە پرۆسە سیاسییەکەدا، بۆیە بە بەشداریی لە حکومەتدا، کارەکان باشتر دەگەنە جێ وەک لەوەی بە ئۆپۆزسیۆنیی بمێنیتەوە.

لە (٤) سالی رابردوودا، هاوپەیمانی کوردستانیی‌و یەکگرتووی ئیسلامیی، بەجیا لە بەغدا بەشدارییان کردو وەک چاودێران دەڵێن، تا ئەندازەیەک ئەو جیاییە زیانی بە پرسە نەتەوەییەکان نەگەیاند، بـەڵام ئێستاو لە قۆناغی نـوێـدا، گـۆڕان رایگەیاندووە کە بە جیا لـە بـەغـدا بـەشـداریـی دەکـات‌و ئەوەشی نەشاردووەتەوە کە لە پرسە نەتەوەییەکاندا هاوهەڵویستی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەبێت.

د. کەنعان حەمەغەریب، سەرۆکی بەشی زانستی سیاسیی لە کۆلیژی زانستە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکانی چەمچەماڵ، لەوبڕوایەدایە: ئەگەر هێزە کوردستانییەکان لە کۆمەڵێک هەڵویستی ستـراتـیـژیـی‌و ئـەو بـابـەتـانـەی کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی نەتەوییەوە هەیە، هاودەنگ بن، گرفتێک نییە کە بە جیا دانوستاندن بکەن‌و بەشداریی بکەن، سەبارەت بەگۆڕانیش، دەڵێت: ئەگەر لە هەندێک حالەت‌و هەڵویستی جیاوازدا بەرژەوەندییەکان لەرزۆک بن‌و هەڵویستی کورد وەک نەتەوە لاواز بێت، رەنگە دیاردەیەکی نێگەتیڤ بێت.

سەرۆکی فراکسیۆنی گـۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش، دەڵێت: گۆڕان وەکو فراکسیۆنێکی سەربەخۆ لە ئەنجومەنی نوێنەراندا دەمێنێتەوەو بەهەمانشێوەش گفتوگۆکانی لەگەڵ لایەنەکاندا ئەنجامدەدات.

ئاسۆ عەلی، چـاودێـری سیاسیی، بڕوای وایە: گۆڕان، وەک فراکسیۆنێکی سەربەخۆ بەشـداریـی بـکـات، وەک بزووتنەوەکە قازانجێتی، ئەگەرچی لـەڕووی ئیستیحقاقی نەتەوەییەوە قازانج لـەوەدا بوو، سەرجەم پێکهاتە کوردستانییەکان، پێکەوە بچنە ناو پرۆسە سیاسییەکەی عێراقەوە، بەڵام بەداخەوە لەئەنجامی ئەو شێوازی بەڕێوەبردنەی کە لەدەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا هەیە، کەشێکی ئاوا نەهاتووەتە ئاراوە.

بـەپـێـی زانیارییەکان، دابەشکردنی پۆسـتـەکـان بـەپـێـی خاڵ دەبێت بەسەر لایـەنـەکـانـدا، ئـەوەش بەپێی ئەوکورسییانەی لـە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بەدەستیانهێناوە، کـە هـەر خـاڵـێـک بریتییە لە (٣) کورسی پەرلەمان‌و هەروەها پۆستە سیادییەکان (سەرۆک کۆمار، سەرۆکی ئەنجومەنی نـوێـنـەران، سـەرۆکـی ئەنجومەنی وەزیران) بە (٥) خاڵ (١٥ کـورسـی) هـەژمـارکـراوەو هاوکات، جێگری ئەم پۆستانەش بە (٤) خاڵ (١٢ کورسی) هەژمارکراوە.

ئاسۆ عەلی، دەڵێت: بە بۆچوونی من، گۆڕان بە ئیستیحقاقێکی دووانەیی (نەتەوەیی‌و ژمارەی کورسی) بەشداریی بکات، چونکە بەو پۆستانەی کە ئێستا لە سەرۆک کۆمارو جێگری سەرۆکی پەرلەمان‌و دواتریش جێگری سەرۆک وەزیران کورد وەریگرتوون، لەڕووی خاڵەوە هاوپەیمانیی کوردستان خاڵی کەمتریان ماوە، بۆیە دەکرێت ئەگەر بە ئیستیحقاقی کورسی بکرێت، گۆڕان داوای پۆستی کاریگەر بکات، چونکە ئێستا هیچی وەرنەگرتووە، بەڵام کوردستانیی زۆربەی خاڵەکانی سەرفکردووە، بۆیە دەبێت دانوستانکاری گۆڕان پێداگریی لەسەر پۆستی گەورەو کاریگەر بکات.

سەبارەت بە کاریگەریی ئەو پۆستەی گـۆڕان وەریـدەگـرێـت لە حکومەتی بەغدا، د.کەنعان حەمەغەریب دەڵێت: شەخس رۆڵی هەیە لە کارایی‌و ناکارایی پۆستەکەدا، لەناو ئەوانی پێشوودا، هەیە هەر دەنگی نەبووەو هەیشبووە دیار بووەو لەو بڕوایەدا نیم، گۆڕان موعجیزە بخولقێنێت، بەڵام دەتوانێت لەوانی پێشوو جیاواز بێت.

شۆڕش حاجی، دەڵێت: هەوڵدەدەین، ئـەو پـۆسـتـانـەی وەریـانـدەگـریـن، راستەوخۆ پەیوەندییان بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، بۆئەوەی بتوانین لەو رێگەیەوە، خزمەتی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بکەین.





نزیکبوونەوەی گۆڕان لە دەسەڵات بە سوودی خەڵک دەشکێتەوە؟

فۆتۆ: رۆژنامە

# لێبووردنەکەی سەرۆکی هەرێم، رێکخراوەکانی ژنان تووڕەدەکات

رۆژنامە

**رێکخڕاوەکانی بواری ژنان‌و کۆمەڵگای مەدەنی‌و رۆژنامەنووسان، نیگەرانن لە بڕیاری لێبووردنەکەی سەرۆکی هەرێم، کە بە بۆنەی جەژنەوە بۆ زیندانییانی دەرکرد، بەو پێیەی بڕیارەکە سالح موزەلی، تاوانبار بە کوشتنی ژنانی گرتووەتەوە.**

رۆژی (١٥)ی ئەم مانگەو بە بۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە، بە فەرمانی سەرۆکی هەرێم، (٢٠٧)حـوکـمـدراو لە بنکەکانی چاکسازیی پارێزگاکانی هەرێم ئـازادکـران، هـەروەک د. فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێم رایگەیاند: «ئـەو حوکمدراوانە، لەبەر بەرژەوەندیی گشتیی‌و نواندنی رەوشتێکی بەرز لە بنکەکانی چاکسازیدا بەر لێبووردنی تایبەتی سەرۆکی هەرێم کەوتوون، بۆ ئەوەی هەلیان پێبدرێت وەکو مرۆڤێکی ئاسایی بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگا».

لەناوئەوکەسانەی‌کەبەرلێبووردنەکەی سەرۆکی هەرێم کەوتوون، سالح ئەحمەد نـاسـراو بە (سالە مـوزەلـی) هەیە، کە بەتاوانی کوشتنی دوو خوشک بە ناوەکانی (مهابادو جوان) حوکمدرابوو، هـەربـۆیـە ئـەو بـڕیـارە نارەزایی رێکخراوەکانی ژنان‌و کۆمەڵگای مەدەنی لێکەوتەوەو لە نامەیەکی نـارەزایـیـدا بـۆ هەرسێ سـەرۆکـایـەتـیـی هـەرێـم‌و پەرلەمان‌و حکومەت، بە توندیی نارەزایی خۆیان دژ بە ئازادکردنی ئەو کەسانە دەربڕیوە.

لە نارەزایینامەکەدا کـە جـگـە لـە رێـکـخـراوەکـانـی تـایـبـەت بـە ژنـان‌و چەند رێکخراوێکی کۆمەڵگای مـەدەنـی، چەند رۆژنامەنووسێکیش ئیمزایان کـردووە، هاتووە: «ئـازادکـردنـی ئـەم تاوانبارەو هەر تاوانبارێکی تر کە بەهەمان هۆ حوکمدراوەو لێبووردنەکە گرتوونیەتییەوە، پێچەوانەی ئەو بڕیارو بەڵێنانەیە کە بۆ نەهێشتنی تاوانی ژنکوشتن دراوە بەخەڵک، بۆیە داوا دەکەین، ئەو لێبووردنە ئەو کەسانە نەگرێتەوە کە بەهەر هۆیەکەوە بێت، بە تاوانی ژنکوشتن، حوکمدراون».

پـەخـشـان زەنگەنە، چالاک لـە بـواری ژنـان کـە ئـەو نـامـەیـەی ئیمزا کـردووە، بە رۆژنـامـەی راگەیاند: ئەو هیچ کەس لەو بەندکراوانە ناناسێت، بەڵام ئەوان لەسەر ئەو بنەماو پرەنسیپە ئیمزایان کـردووە کە کۆمەڵگا لەسەر بنەمایەکی مەدەنیی‌و دیموکراسی پتەو دابمەزرێت، لەبەرئەوەی یاسای ژمارە (١٤)ی سالی (٢٠٠٢)ی پەرلەمان رێگرە لە تاوانی شەرەف (غسل العار)و هەروەها لە یاسای لێبووردنی گشتیی کە سالی (٢٠٠٧) لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوو، ئەو کەسانەی نەگرتەوە کە تاوانباری کوشتن بوون لەسەر شەرەف‌و بەدەربوون لە لێبووردنەکە، وتیشی: «بۆیە دەبێت بکوژانی ژن‌و ئەو کەسانەی لە جیاتی یاسا بڕیاری کوشتنی مرۆڤ دەردەکەن‌و دەیانکوژن‌و دەبنە جەللاد، رێگەیان لێبگیرێت‌و دژی ئەوەم هیچ یاساو لێبووردنێک ئەو کەسانە بگرێتەوە، بەدەر لەوەی ئەو کەسانە کێن‌و سەر بە چ لایەنێکن‌و بە هیچ شێوەیەک رازی نابین بەوەو لە داهاتووشدا هەڵوێستی دیکەمان دەبێت».

لە نامەکەدا، ئەو رێکخراو و کەسایەتییانە داوا دەکەن کە تاوانبارانی کوشتنی ژن، هیچ لێبووردنێک نەیانگرێتەوە، هەروەک تاوانەکانی تیرۆرو مادەبێهۆشکەرەکان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت‌و سولحکردن لەنێوان بنەماڵەکاندا نەبێتە هۆی ئازادکردن‌و دەربازکردنی بکوژی ژن‌و هەروەها ئەو زیندانییانەی لە هەرێمی کوردستان کە بەر لێبووردنی جەژنی قوربانی (٢٠١٠/١١/١٥) کەوتوون، پێشتر حـوکـمـدراون بەتاوانی کوشتنی ژن، بخرێنەوە زیندان‌و بەپێی بڕیاری دادگا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت‌و سزا بدرێن.

لەلای خۆیەوە سەرگوڵ رەزا، ئەندامی لیژنەی مافی مـرۆڤ لـە پەرلەمانی کوردستان، باس لەوە دەکات کە ئەو بڕیارە لە سەڵاحییەتی سەرۆکایەتی هەرێمەو ئەوانیش وەک پەرلەمان پرۆژەیەکیان هەبوو بۆ لێبووردنی گشتیی‌و پێمان باشبوو، ئەو پرۆژەیە ببوایەتە یاساو ژمـارەیـەکـی زۆرتـری زیندانییانی بگرتایەتەوە.

ئەو ئەندامەی پەرلەمان، ئەوەشی نەشاردەوە کە نارەزایی زۆر لەبارەی ئەو لێبووردنەوە هەیە، بەڵام ئەوان وەک لیژنەی مافی مرۆڤ، ئاگاداری ئەو لێبووردنە نین‌و وتی: «دوای دەستبەکاربوونەوەمان لە پەرلەمان، دیراسەی ئەو بڕیارە دەکەین‌و ئەو کاتە هەڵوێستی خۆمان دەبێت، ئەوەش کاری ئێمەیە کە ئێش لەسەر ئەو بابەتە بکەین، چونکە نارەزایی زۆرمان بەدەست گەیشتووەو خەڵکانێک هەن هەمان مادەیان هەیەو ئازاد نەکراون‌و کەسانی دیکەش ئازادکراون».

سەرگوڵ، هەروەها وتیشی: «هەموو لێبووردنێک سلبییات‌و ئیجابییاتی خۆی هەیە، بە تایبەت کە هەندێکجار ئەو تاوانبارانە بگرێتەوە کە لەلایەن کۆمەڵگاوە بە چاوی بەزەیی تەماشا ناکرێن، بە تایبەت کە کەسێک بەو شێوەیە تاوانبار بێت بە کوشتنی ژنان».



وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان: هیچ مەسەلەیەکی نەتەوەیی نابەستینەوە بە هەڵوێستی سیاسییەوە 6

## لە چرکەیەکدا (٣٠)هەزار کەس دەتوانێت بەکاریبهێنێت

# تازەترین هێڵی پەیوەندیکردن لە کوردستاندایەو کاری پێناکرێت

ڕاپۆرتی:
ئاریان حەسەن، لاڤە بەشارەت

**هەرێمی کوردستان، نوێترین تۆڕی پەیوەندیکردنی لە لایەن بەغداوە بۆ دابیندەکرێت، بێئەوەی بەکاریبێنێتو لەبەرامبەردا کۆمپانیایەکی ئەهلی بێبەرامبەر بەکاریدەهێنێت.**



حکومەتی هەرێم سوود لە تەکنەلۆژیای نوێ وەرناگرێت فۆتۆ: ئینتەرنێت

لە ئێستادا، لە عێراقدا هەموو پارێزگاکان لـەڕێـی تـۆڕێـکـی پـەیـوەنـدیـکـردنـەوە بەڕێوەدەبرێت، کە ئەویش پۆڕەی کێبڵی تیشکییەو توانای گواستنەوەی دەنگو ڕەنـگو ناردنی داتـاو زانیاریی هەیەو هەروەها هێڵی ئینتەرنێتو تەلەفۆنیش لەخۆ دەگرێت.

لە ئێستادا، ئەم پرۆژەیە یەکێکە لە هەرە پرۆژە پێشکەوتووەکان کە لەسەر بودجەی حکومەتی عێراق دابینکراوە بۆ پەیوەندیکردن کە نوێترین سیستەمە لە جیهاندا، بەڵام تا ئێستا ئەو پرۆژەیە لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێنەکراوە، بەبیانووی ئەوەی لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

پـرۆژەکـە مـاوەی دوو سـاڵ زیاترە تەواو بووەو سەرجەم پێداویستییەکانی بۆ دابینکراوە، بەڵام لەبری حکومەت کۆمپانیای (ئای.کیو) بۆ پەیوەندیکردن لە شاری سلێمانی بەکاریدەهێنێتو بەشێکیشی بەکرێ داوەتە کۆمپانیای کوردتێلو چەند کۆمپانیایەکی دیکە، بێئەوەی هیچ ڕێککەوتنێکی ڕەسمیی لەنێوان حکومەتو ئەو کۆمپانیایەدا هەبێت.

نەبیل ئیبراهیم حەسەن، سەرپەرشتیاری بەشی کێبڵی تیشکی لە بەڕێوەبەرێتی پۆستەو گەیاندنی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کۆمپانیای (ئای.کیو) ڕەزامەندییان وەرگرتووە کە دوو کۆڕ بەکاربهێننو هیچ پارەیەکمان لێیان وەرنەگرتووە، لەکاتێکدا دەتوانرێت لەسەر یەک کێبڵ (١٢)وێستگە بەکاربهێنرێت، بەڵام تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا بەکارنەهاتووە، چونکە تا ئێستا بەغداو هەرێم لەسەر ئەوە ڕێکنەکەوتوون کە بەکاربێتو ئەم کێبڵانە خزمەتێکی زۆر بە هاوڵاتییان دەکەن، ئەگەر بکەوێتە بواری کارکردنەوە لە ماوەی یەک چرکەدا (٣٠) هەزار کەس لێی سوودمەند دەبن.

تـۆڕی کـێـبـڵاتی تیشکی، لەساڵی (١٩٩٩)ەوە هاتووەتە عێراقو لە بەغدا بـەسـتـراوە، بـەڵام تـا سـاڵـی (٢٠٠٥) نەبەستراوەتەوە بە هەرێمی کوردستانەوەو دواتر لە ساڵی (٢٠٠٦)داکێبڵی نێوان سلێمانیو کەرکوک بەسترا بڕی تێچوونەکەی نزیکەی (یەک ملیۆن دۆلار) بووەو پرۆژەکە ماوەی دوو ساڵە تەواو بووەو وەزارەتی گەیاندنی عێراق جێبەجێیکردووە، سێ پارێزگاکەی هەرێمیش بەشێکە لەو پرۆژەیەو هەموو عێراق دەبەستێتەوە بەیەکەوە لە بواری پەیوەندیکردندا.

کەریم عەبدوڵلا، بەڕێوەبەری تەکنیکیی بەڕێوەبەرێتی پۆستەو گەیاندنی سلێمانی، سەبارەت بەکار نەکردن بە سیستەمەکە بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: «کێشەی ئێمە لە کارپێنەکردنی کێبڵی تیشکیی لەگەڵ عێراق ئەوەیە، سیستەمەکە لە بەغداوە بەڕێوەدەبرێتو هەرێمی کوردستان دەبێت بە بەشێک لێیو ناتوانرێت وەزارەتـی گەیاندنی هەرێم بەڕێوەی ببات، بۆیە تائێستا سوودی لێ وەرنەگیراوە».

ئاماژەی بەوەشکرد: «هەندێک کێشەی دیکە هەیە، ئەم پرۆژەیە ڕاستە تەواو کراوەو هەموو پێداویستییەکانی کارپێکردنی بۆ دابینکراوەو هەموو ئامێرەکانی دابینکراوە، بـەڵام تا ئێستا هیچ ڕێککەوتننامەیەک نییە لەنێوان حکومەتی هەرێمو وەزارەتی گەیاندنی عێراق سەبارەت بە پرۆژەکەو چۆنێتی کارپێکردنی».

بەڕێوەبەری تەکنیکی، بێئاگایی خۆی نیشاندا لەوەی کە کۆمپانیای (ئای.کیو) بەچی گرێبەستێک سیستەمەکە بەکاردەهێنێتو وتیشی: «ئـەم پـرۆژەیـە چاککردنەوەو نۆژەنکردنەوەی لە ئەستۆی کۆمپانیای (ئای کیو)ە، بۆیە دەتوانێت مامەڵەی پێوە بکاتو بەشداریی بە کۆمپانیای تر بکات لەم پرۆژەیەدا» .

# یەکخستنی بەشەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی‌و لاوان ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە

هەنگاو هاشم- هەولێر

بەڕێوەبەرێتییەکانی وەزارەتی وەرزشو لاوان یەکدەخرێن، ئەوەش بەپێی هەمواری پرۆژەیاسای ئەو وەزارەتەو ڕاوێژکاری وەزارەتی ڕۆشنبیریی‌و لاوانیش دەڵێت، لەکاتی ئامادەکردنی پرۆژەیاسای وەزارەتی ڕۆشنبیریی «هیچ پرسێکم پێنەکراوە».

لەدوای پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کـوردسـتـان، هـەردوو وەزارەتـی وەرزشو لاوانو ڕۆشنبیریی کـران بە یەک وەزارەتو لە ئێستادا وەزارەتـی ڕۆشنبیریی‌و لاوان (١١) بەڕێوەبەرێتی گشتیی هەیە، جگە لە بەڕێوەبەرێتییەکیش کە سەر بە دیوانی وەزارەتە.

بە پێی هەمواركردنەوەی پـرۆژە یاسای وەزارەتـی ڕۆشنبیریی‌و لاوان کە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کـراوە، لە هـەر سێ پارێزگاکەی هەرێمدا بەڕێوەبەرێتییەکی گشتیی دەبێت بۆ سەرجەم بەشەکانی هونەرو ڕۆشنبیریی‌و وەرزشو لاوان، بەم پێیە سەرجەمیان دەبن بە بەشێک سەر بەم بەڕێوەبەرێتییانە.

ناسر حەسەن، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی سینەماو شانۆ، لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕەخنە لەو هەنگاوە دەگرێتو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بوونی بەڕێوەبەرێتی لەو جۆرە، تێکەڵاویی دروستدەکاتو پسپۆڕیی‌و دەسەڵاتی سینەماو شانۆ نامێنێت، دەسەڵاتی کەمدەبێتەوە».

ئـامـاژەی بـەوەشـدا، کە مـاوەی (٢) ساڵە سینەمای کوردی پێشکەوتووەو کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سینەماو شانۆش کاریگەریی خراپی لەسەر ڕەوشی سینەمای کوردی دەبێت، بەڵام ئاسۆ کەریم، سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانو ڕۆشنبیریی‌و ڕاگەیاندنو شوێنەوارەکان لە پەرلەمانی کوردستان وتـی: «کۆکردنەوەی بەشەکانی هونەرو ڕۆشنبیریی‌و وەرزش‌ولاوان لەناو یەک بەڕێوەبەرێتیدا کاریگەریی خراپی نابێت، وەزارەتی ڕۆشنبیریی کارێکی باشی کردووە»، باسی لەوەشکرد، ئەگەری نییە هیچ یەکێک لە بەڕێوەبەرێتییەکانی ئێستای سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی‌ولاوان بودجەکەیان کەم بکرێتەوە.

ناسر حەسەن، کە هاوکات ڕاوێـژکـاری وەزارەتـی ڕۆشنبیریی‌ولاوانە، ئاشکرایکرد کە لەکاتی ئامادەکردنی پرۆژەیاسای وەزارەتـی ڕۆشنبیریی‌ولاوان هیچ پرسێکی پێنەکراوە.

# حیزب چارەسەری کێشەی ئەنجومەنو پارێزگاری سلێمانی دەکات

سەنگەر کوردە

تائێستا کێشەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی چارەسەر نەکراونو وادەی هـەڵـبـژاردنـی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش بە ڕەسمیی دیارینەکراوە، لەگەڵ ئـەوەی هەڵبژاردنەکە پێشتر دووجار دواخراوە.

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابـردوو سـەرۆکـی ئەنجومەنی پـارێـزگـای سلێمانیو سەرۆکی لیستەکانی ناو ئەنجومەنەکە لەگەڵ لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کۆبوونەوەو گفتوگۆ لەسەر کێشەکانی ئەنجومەنو پارێزگاری سلێمانی کران، بەڵام کێشەکان چارەسەر نەکراون.

کاوە عەبدوڵلا، سەرۆکی ئەنجومەنی پـارێـزگـای سلێمانی، کە ئـامـادەی کۆبوونەوەکە بوو، بۆ ڕۆژنامە وتی: «گفتوگۆکان زیاتر لەسەر کێشەی نێوان پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگا بوونو باسی چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەکان کراوەو ئێمەش هەڵبژاردنی پـارێـزگـاکـانـمـان بـە ئەولەویەتی دەسـەڵاتـی کـوردی زانـیـوە، لەگەڵ پێویستی جێگیرکردنی لامەرکەزیی لە کوردستان».

بە پێویستیشی زانی هەوڵەکان بـەردەوام بن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، وتیشی: «کۆبوونەوەکە لـەلایـەن حیزبـەوە بـووە، چونکە سەرچاوەی کێشەکە سیاسیی بوو، نەک ئیداریی، ئێمە پێشبینیی دەکەین لە ئایندەیەکی نزیکدا سەرۆکی حکومەتیش هەموو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بانگ بکات بۆ کۆبوونەوەیەکی لەو شێوەیە».

ئەوەی جێی نیگەرانیی ئەنجومەنی پـارێـزگـای سلێمانیو ئەنجومەنی پارێزگاکانی دیکەشە، دواکەوتنی هەڵبژاردنەکەیە، کە دەبـوو ساڵێک لەمەوبەر بکرایەو دووجار دواخراو دوا بڕیاریش ئەوەیە، کە لە ساڵی (٢٠١١) ئەنجام بدرێت، بەڵام تائێستا وادەکەی بە ڕەسمیی دیارینەکراوە.

لەو بارەیەشەوە کاوە عەبدوڵلا، ڕوونیکردەوە؛ کە ئەنجومەنەکەیان چەند جارێک داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کـردووە هەڵبژاردنەکە لە وادەی خۆیو لە زووترین کاتدا بکرێت، وتی: «ئەوەی بەر گوێمان کەوتووە لە ساڵی داهـاتـوودا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجام دەدرێـت، بەڵام تائێستا کاتەکەی دیارینەکراوەو دەبێت سەرۆکی حکومەت دیاریی بکاتو کەمتەرخەمییەکانی حکومەتی هەرێمو پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم لەوە دایە، کە بەدواداچوونیان بۆ ئەو کێشەیە نەکردووە، چونکە دانانی وادەکـە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان نییە، ئێمە لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانو لیژنەی یاساو ناوخۆ کۆبووینەوەو جەختمان لەوە کردەوە، کە سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی بانگبکرێنو داوایان لێبکرێت لە زووترین کاتدا وادەی هەڵبژاردنەکە دیاریی بکەن».

## پەرلەمان لێی دەکۆڵێتەوە

# ئەمساڵ حکومەت (٧) هەزار یەکەی نیشتەجێبوونەکەی پێ تەواو ناکرێت

ڕۆژنامە

بەشێک لە بـودجـەی تەرخانکراوی حکومەت بۆ دروستکردنی (٧) هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی ساڵی (٢٠١٠) بۆ پرۆژەی ساڵانی (٢٠٠٨-٢٠٠٩) سەرفکراوەو ئەندامێکی لیژنەی ئـاوەدانـکـردنـەوەی پەرلەمانیش دەڵێت: «حکومەت لەمساڵدا ئەو یەکەی نیشتەجێبوونانەی پێ تەواوناکرێت».

لـەپاش ئـەوەی لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمدا حکومەت بڕی (١٠٠) ملیار دیناری بۆ دروستکردنی (٧) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە شارەکەی هەرێم تەرخانکرد، لەگەڵ نزیکبوونەوەی ساڵی بودجەی نوێی (٢٠١٠) ئەو پرۆژەیە تەواو نـەکـراوە، بۆ ئـەو مەبەستەش لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان کۆبوونەوەیان کـردووە، بڕیارە دەستەی ناوبراو سەبارەت بە دواکەتنی ئەو پرۆژەی نیشتەجێبوونانە ڕاپۆرتێک بۆ لیژنەی ناوبراو بەرز بکاتەوە.

لەوبارەیەوە حەمەسەعید حەمەعەلی، سـەرۆکـی لیژنەی ئـاوەدانـکـردنـەوەو نیشتەجێکردنو هاوچەرخکردنی لادێ لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دەستەی وەبەرهێنان پێیان ڕاگەیاندووین: کە بەشێک لەو بودجە تەرخانکراوەی (٧) هـەزار یەکەی نیشتەجێبوونەکەی ساڵی (٢٠١٠)، عـەجزی پرۆژەکانی (٢٠٠٨و ٢٠٠٩)یان پێ پڕکراوەتەوەو بۆ ئەو پرۆژانە سەرفکراون، چونکە لەو دوو ساڵەدا پرۆژەی زیاتر تەرخانکراوە».

هاوکات کاروان ساڵح، کە پەرلەمانتارێکی گۆڕانە لە هەمان لیژنە بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە؛ کە بە هەموو تێڕوانینەکانمان حکومەت ناتوانێت لەمساڵدا ئەو (٧) هەزار یەکەی نیشتەجێبوونە تەواو بکات، وتیشی: «ئـەو پرۆژانە هێندەی بۆ دەوڵەمەندو بەرژەوەندیی بازرگانەکان بووە، ئەوەندە لە بەرژەوەندیی هەژاران نەبووە».

ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بەوەشدا، کە لە میانەی بەدواداچوونمان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون، بۆمان دەرکەوت، کە هەندێک کۆمپانیا پرۆژەکانیان بە نیوەناچڵیی بەجێهێشتووەو هەندێکیشان ئەو زەوییانەی بۆ ئەو مەبەستە بە نرخێکی زۆر کەم وەرگرتووە، دەیفرۆشنەوەو لەو بارەیەشەوە حکومەت بەرپرسیارێتی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ، ڕاشیگەیاند: «کەسانێکی بـەرپـرس لـە حیزبە دەسـەڵاتـدارەکـان دەرکـەوتـوون، کە بازرگانیی دەکـەن بە یەکەکانی نیشتەجێبوونەوە، بەجۆرێک کە ناتوانرێت لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، یان کارەکانیان ڕابگیرێت».

### سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لەپەرلەمانی کوردستان:

# «گلەیی ئەوە هەیە سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەندێک جار بەپێی ئامانجی سیاسیی فراکسیۆنی کوردستانیی پرۆژەیاساکان هەڵدەبژێرێت»

سازدانی: ئەلەند مەحوی

**د.ڕەفیق سابیر، سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات؛ کە ئێستا گلەیی ئەوە هەیە کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەندێک جار لایەنگرانەو بەپێی ئامانجی سیاسیی فراکسیۆنی کوردستانیی پرۆژەقانوونەکان هەڵدەبژێرێتو دەیانخاتە ناو بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، بۆئەوەی بەپەلە تێبپەڕێندرێن.**

**ڕەفیق سابیر، لەم دیدارەی ڕۆژنامەدا تیشک دەخاتە سەر کاری لیژنەکەیانو دەڵێت: بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی لە کوردستاندا هێشتا لە نیەتێکی پاکو قسەی رووت زیاتر نییە.**


د. ڕەفیق سابیر

**ڕۆژنامە: ئەو خەونو ئایدیایەی کە هاوڵاتییان هەیانبوو سەبارەت بە دروستبوونی لیژنەیەکی نەزاهەی کارا لە پەرلەمانی کوردستان نەهاتەدی، خەڵک هەست دەکات لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان مردووە، بەڕێزتان هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێڕنەوە؟**

* پێشەکی حەز دەکەم ئەوە روون بکەمەوە، کە لیژنەی نەزاهە، وەک هەموو لیژنەکانی دیکەی پەرلەمان لیژنەیەکی بەدواداچوونو چاودێریکردنە، نەک لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوەو جێبەجێکردن، بۆیە مەسەلەی نەزاهەو دژایەتیکردنی گەندەڵیی بە تەنیا بە لیژنەیەکی پەرلەمانیی ناکرێت، پێکهێنانی ئەم لیژنەیە تەنیا سەرەتایەکە، یان یەکەمین هەنگاوەو ئەگەر بڕیار بێت پێش بە گەندەڵیی بگیرێت، دەبێت کۆمەڵێ هەنگاوی دیکە بنرێت، لەپێش هەموویانەوە پێویستە قانوونێکی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییو دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بە نەزاهە لە پەرلەمان دەربچێتو بەپێی ئەم قانوونە دەسەڵاتی لێپرسینەوەو لێپێچینەوەو لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەر کەسو دەزگایەک، کە بە پێویست بزانرێت، دیاری بکرێت.

نزیکەی ساڵێکە ئەم پرۆژەقانوونە لە پەرلەمانەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئێمە هیواداریین کە لەم خولەی پەرلەماندا پرۆژەقانوونەکە بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانو بڕیاری لەسەر بدرێتو دەزگای نەزاهە لە هەرێمی کوردستان پێکبهێنرێت، لەپاڵ ئەمەدا ئێمە لە لیژنەی نەزاهە، تائێستا راپۆرتو زانیاریی باوەڕپێکراومان لە بارەی ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە گەندەڵییەوە هەیە، نەخراوەتە بەردەست، بۆ ئەوەی بەدواداچوونیان بۆ بکەین، کەواتە با بپرسین: ئایا بەبێ هەبوونی قانوونو دەزگای تایبەتو بەبێ هەبوونی زانیاریی باوەڕپێکراو دەتوانرێت پێش بە دیاردەی گەندەڵیی بگیرێت؟ لەبەر ئەم هۆکارانەو هی تریش دەتوانین بڵێین؛ کە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی لە کوردستاندا هێشتا لە نیەتێکی پاکو قسەی رووت زیاتر نییە!

**ڕۆژنامە: ئاشکراکردنی راپۆرتەکانی چاودێریی دارایی بۆ پەرلەمانتاران، بەتایبەت لیژنەی نەزاهە، بە کوێ گەیشت؟ ئایا راستە تەنیا راپۆرتەکانی چاودێریی دارایی سلێمانی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئەی راپۆرتەکانی چاودێری دارایی هەولێر؟**

* تائێستا هیچ راپۆرتێکی دیوانی چاودێری دارایی نەخراوەتە بەردەستی پەرلەمانتارانو لیژنەکەمان، ئەو راپۆرتانەی گەیشتوونەتە پەرلەمان، ئەوەندەی من ئاگاداربم، تەنیا راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانیین، هێشتا لە لای سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵگیراون، ئێمە لە لیژنەی نەزاهە چەند جارێک داوای ئەم راپۆرتانەمان کردووە، بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکەینو بەپێی پێویست بەدواداچوونیان بۆ بکەین، بەڵام بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێی راگەیاندین؛ کە دوای یەکخستنەوەی هەردوو دیوانی چاودێری داراییو دیاریکردنی سەرۆکێک بۆ دیوان، راپۆرتەکان دەدرێنە لیژنەکەمان، ئێستا هەردوو دیوان یەکخراونەتەوە، ئێمە چاوەڕێی ئەوەین کە ئەو راپۆرتانەو راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی هەولێریش بخرینە بەردەستی لیژنەکەمان، بۆ ئەوەی کاری پێویستیان بۆ ئەنجام بدرێت.

**ڕۆژنامە: با ئاراستەکە بگۆڕین، تۆ باش دەزانیت کە پەرلەمانتاران نوێنەری خەڵکنو یەکێک لە ئەرکەکانیشیان یاسا دەرکردنە، بەڵام ماوەیەکە هەست دەکرێت پەرلەمان یاسا تێدەپەڕێنێت، نەک یاسا دەربکات، ئەو یاسایانەش کە تێپەڕێندراون بە دڵی بەشێکی زۆری خەڵکو ڕێکخراوە مەدەنییەکان نین، ئەمە بۆچی روودەدات؟**

* پەرلەمانی کوردستان لەم سێ خولەی خۆیدا کۆمەڵێک یاسای گرنگی دەرکردووە، کە هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان دەنگیان بۆ داوە، لەپاڵ ئەمەدا هەندێک پرۆژەقانوونی گرنگ بە دەنگی زۆرینە رەت کراونەتەوە، لەوانە: پرۆژەقانوونی داواکاریی مافی گشتیی، هەندێک قانوونی تریش دەرچووێندراون، کە تەنیا بە زۆرایەتییەکی کەمی پەرلەمانتاران پەسەند کراون، ئەمڕۆ کۆمەڵی کوردستان، لە زۆربەی لایەنە سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیو کەلتوورییەکاندا پێویستی بەوە هەیە، کە بە قانوونی تایبەت ڕێکبخرێن، یان ڕێکبخرێنەوە، تا ئێرە هیچ گرفتێک نییە، بەڵام ئەم ڕێکخستنو ڕێکخستنەوەیە لە کام بواردا بێتو چۆنو بەپێی کام بۆچوونو بیری سیاسییو کۆمەڵایەتی بێت؟ گرفتەکە لێرەوە دەستپێدەکات، فراکسیۆنە جیاوازەکان پرۆژەقانوونی خۆیان لە بارەی زۆر لەو مەسەلانەوە پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردووە، بەڵام سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیار دەدات، کام لەو پرۆژەقانوونانە پێشتر بخرێنە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، بە رای من ئەمە باشترین شێوازی کارکردن نییە، چونکە دەشێت لایەنگرییو نادادپەروەریی دروست بکات، لەجیاتیان باشترە پرۆژەقانوونەکان بەپێی گرنگییانو بە هەماهەنگیی نێوان سەرۆکایەتیی پەرلەمانو لیژنەکانو فراکسیۆنەکان بخرینە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، ئێستا گلەیی ئەوە هەیە کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەندێک جار لایەنگرانەو بەپێی ئامانجی سیاسیی فراکسیۆنی کوردستانیی پرۆژەقانوونەکان هەڵدەبژێرێتو دەیانخاتە ناو بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی بە پەلە تێبپەڕێندرێن، لە کاتێکدا فراکسیۆنەکانی تر چاوەڕوانی ئەوەیان لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەیە، کە وەک یەک تەماشای هەمووان بکات، هەندێک لەو پرۆژەقانوونانە نارەزاییان لەناو خەڵکو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ناوەتەوە، چونکە لە ناو دێڕی مادەو بڕگەکانیدا خولیای تەنگەبەرکردنی ئازادییو سێبەری عەقڵێکی دەسەڵاتپەرستو خۆسەپێنەر دەبینرێت، ئەمەیش مەترسیی بۆ سەر پرۆسێسی دیموکراسی دروست دەکات، لە کاتێکدا پێویستە ئەو ئازادییەی لە کوردستاندا دەرکەوتووە، گەشەی پێ بدرێتو بە یاساو دەزگای پێویست پارێزگاریی لێ بکرێت، چونکە سەرجەم چارەنووسی پرۆسێسی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا بەم مەسەلەیەوە بەندە.

**ڕۆژنامە: ئێمە ئاگادارین لە پەسەندکردنی چەند یاسایەکدا بەڕێزتو چەند ئەندام پەرلەمانێکی تری لیستی کوردستانیی پێچەوانەی لیستەکەتان دەنگتان داوە، ئەمەش لەلایەن خەڵکەوە بەرز نرخێندراوە، باشە مەرجە لە پەسەندکردنی پرۆژەیاساکاندا هەرچی حیزبەکان فەرزیانکرد پەرلەمانتاران دەنگی لەسەر بدەن، ئەی کوا ئەوەی پێی دەوترێت ویژدانو هەستی بەرپرسیارێتی پەرلەمانتاران بەرامبەر بەو هاوڵاتییانەی دەنگیان پێی داوەو بەو هاوڵاتییانەش، کە دەنگیان پێی نەداوە؟**

*ڕاستییەکەی هەر فراکسیۆنێکی پەرلەمان بەپێی سیاسەتو بڕیارو ڕێنمایی حیزبەکەی لە پەرلەماندا رەفتار دەکات، بەڵام ئاساییە ئەگەر لەناو هەر فراکسیۆنێکدا بیرو بۆچوونی جیاواز لە بارەی زۆر مەسەلەوە هەبێت، بۆیە هەندێک جار پەرلەمانتاران دەشێت بکەونە بەر فشاری حیزبەکانیان، بۆ ئەوەی دەنگ بۆ هەندێک بڕیارو پرۆژەقانوون بدەن، کە لەگەڵ بۆچوونی خۆیاندا ناگونجێن. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، بە رای من، مەرج نییە ئەندام پەرلەمان قبووڵ بکات شتێکی بەسەردا فەرز بکرێت، کە پێچەوانەی باوەڕو بۆچوونەکانی خۆی بێت، یان لە بەرژەوەندیی خەڵکدا نەبێت، هەر ئەندام پەرلەمانێک سوێندی خواردووە کە بەرژەوەندیی نەتەوەو وڵاتەکەی بخاتە سەرووی هەر بەرژەوەندییەکی دیکەوە، واتا پەرلەمانتار پێش هەر شتێک لەبەردەم ویژدانی خۆیداو لەبەردەم خەڵکدا بەرپرسیارە.

> «بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی لە نیەتێکی پاکو قسەی رووت زیاتر نییە»

**ڕۆژنامە: خەڵک دەپرسێت بۆچی (١١١) پەرلەمانتار ناتوانن لە داواکارییەکانی هاوڵاتییان تێبگەنو یاسایەکی وەکو (ڕێکخستنی خۆپیشاندان) بەم جۆرەی ئێستا پەسەند دەکەن، کە بە بڕوای خەڵک «پاشەکشەیە لە دیموکراسی»، واتە بۆچی (١١١) پەرلەمانتاران هاوڵاتییان ناچار دەکەن داوا لە سەرۆکی هەرێم بکەن یاساکە بگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان؟**

* کۆمەڵێک ئەندام پەرلەمان لە داواکارییەکانی هاوڵاتییان گەیشتنو دەنگیان بۆ پرۆژەقانوونی ڕێکخستنی خۆپیشاندان نەدا، بۆیە ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە دەنگیان بۆ پرۆژەقانوونەکە دا، دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە.

**ڕۆژنامە: ئەوانەی لە (٧/٢٥) دەنگیان بە لیستی گۆڕان دا هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستانو ئەرکی لیستی کوردستانیشە داکۆکییان لێ بکات، ئەوان کە نزیکەی نیو ملیۆن کەسن، دەپرسن؛ بۆچی لیستی دەسەڵات پرۆژەکانی لیستی گۆڕان رەتدەکاتەوە، ئەگەر لە خزمەتی خەڵکیشدا بێت؟**

* بە رای من ئەم مەسەلەیە تا رادەیەکی زۆر ئەنجامی ئەو پەیوەندییە نا ئاساییو پڕ لە گرژییەیە، کە لەنێوان گۆڕانو هەریەک لە یەکێتیو پارتیدا هەیەو هێشتا نەتوانراوە سەرەتای جۆرە متمانەیەکو زمانێکی هاوبەش لەنێوان ئەو لایەنانەدا دروست ببێتو هەر لایەنێک هەر نەبێت لە پەرلەماندا ئەویتر بە هاوکارو تەواوکاری خۆی بزانێت. لەجیاتیان پەرلەمان هەندێک جار، بە داخەوە، وەک شانۆی پێشاندانی هێزی بڕیاردانو زەقکردنەوەی کێشەی نێوان ئەو لایەنانە دێتە پێش چاو، ئەمەیش بە دڵنیاییەوە کۆمەک بە کاراکردنی پەرلەمانو پێشخستنی کارەکانی ناکات. حیزبەکان دەتوانن لە دەرەوەی پەرلەمان، رقەبەرایەتیی یەکتری بکەن، هەر یەکەیان بە جیا خەریکی کاری خۆیان بنو تەنانەت هیچ جۆرە هاوکارییەکی یەکتری نەکەن، بەڵام ئەمە لەناو پەرلەماندا ناکرێت، ئێمە بە هەموومان نوێنەرایەتیی خەڵک دەکەینو ناچارین پێکەوە کار بکەین، پەرلەمانو لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان لە نوێنەری هەموو فراکسیۆنەکان پێکهاتوون، ئەوان ناتوانن بەبێ هاوکاریی بەردەوامی یەکتری کارەکان بە سەرکەوتوویی راپەڕێنن، لەمەیش زیاتر هەبوونی هاوکارییو هەماهەنگیی لەنێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەماندا، دەتوانێت ببێتە سەرەتایەک بۆ زیادکردنی متمانەو هاوکاریی نێوان لایەنە سیاسییەکان لەدەرەوەی پەرلەمانیش، من ئاواتەخوازم کە فراکسیۆنی کوردستانیی، کە بەرپرسیارێتیی زۆرتری سیاسییو پەرلەمانی لە ئەستۆیە، دەستپێشخەریی بکات بۆ ئەوەی زەمینەیەکی باشتر بۆ کاری هاوبەش لەناو پەرلەماندا برەخسێنرێت.

**ڕۆژنامە: لەم ماوەیەدا گلەیی زۆر لە ئەدای سەرۆکی پەرلەمان دەکرێت لەبارەی چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ پەرلەمانتارانو چۆنێتی تێپەڕاندنی یاساکانو بانگ نەکردنی وەزیرەکانو وەڵام نەدانەوەی یاداشتەکانی دەرەوەی لیستی دەسەڵاتو ڕێگرتن لە ڕۆژنامەنووسان، ئایا ئێوە لە لیستی کوردستانیی هەست بەم گرفتانە دەکەن، بۆچوونتان چۆنە لەسەر ئەدای سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان؟**

* من ناتوانم لە جیاتی لیستی کوردستانیی وەڵامی ئەم پرسیارەتان بدەمەوە، بەڵام جار جارە لەناو هەندێک لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی کوردستانیدا باسی ئەم مەسەلانە دەکرێن، وەک دەزانن دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە لایەن مەکتەبی سیاسیی پارتیو یەکێتییەوە، نەک لە لایەن فراکسیۆنی کوردستانییەوە، دیاریکراون.

## حکومەت جارێکیتر بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەی نانبڕاوان دەدات

ڕۆژنامە

پەیام ئەحمەد، رایگەیاند: لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە، بەڵێنمان پێدراوە کە پاشماوەی کێشەی نانبڕاوەکان، چارەسەر بکرێتو سەرجەمیان بە مووچەی خۆیانەوە بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

ڕێکخەری پەیوەندییەکانی نێوان بزووتنەوەی گۆڕانو حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نانبڕاوەکان، رایگەیاند: بەڵێنمان پێدراوە، ئەو کەسانەی نانبڕاوکراون لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵاتەوە، بگەڕێنرێنەوە بۆ شوێنی کاری خۆیانو مووچەکانیان وەربگرنەوەو ئەو ماوەیەی لەکارەکانیان دوورخراونەتەوە، بە خزمەت بۆیان ئەژمار بکرێت.

لەهەردوو هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)و (٢٠١٠/٣/٧)دا، زیاتر لە (٢) هەزار کەس بەهۆی پشتگیرییو دەنگدانیان بە لیستی گۆڕان لەکارەکانیان دوورخرانەوەو نانبڕاوکرانو سەرەڕای بەڵێنی سەرۆکی هەرێمو بڕیاری سەرۆکی حکومەت، تا ئێستا (٤٨٩) دۆسیەی نانبڕاوەکان چارەسەرنەکراونو نەگەڕێنراونەتەوە سەر کارەکانیان، سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەک خانەنشینیش مووچەکانیان براوە.

بە وتەی پەیام ئەحمەد، ئەو نانبڕاوانەی پلەی باڵایان هەبووە، وەکو راوێژکارەکان، بەهەمان شێوە دەگەڕێنرێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، بەڵام هەندێک پۆست هەن کە ئێستا گۆڕانکارییان تێدا کراوە، یان نەماون، بۆ نموونە، بەپێی بڕیاری کۆنفرانسی پەروەردەیی، نابێت ئەو مامۆستایانەی بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان نییە، ببنە بەڕێوەبەری قوتابخانە، بەو پێیەش ئێستا ڕێگەنادرێت ئەو بەڕێوەبەرانەی پێشتر لابراونو بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە، هەمان پۆست وەربگرنەوە.

ڕۆژی (٢٠١٠/٤/١٩) نووسینگەی تایبەتی سەرۆک وەزیران، فەرمانێکی تایبەتی بە ئیمزای (د.بەرهەم سالح) دەرکردو لە پێنج خاڵدا، فەرمانێکی بەسەر گشت وەزارەتو شوێنە پەیوەندیدارەکاندا بڵاوکردووەتەوە، بۆ گەڕانەوەی ئەو کەسانەی بەهۆی بیروڕای جیاوازەوە سزای سیاسیی دراونو پاشان ئازاد بەرواری، جێگری سەرۆکی حکومەت بە نووسراوی ژمارە (١٣٠٤) فەرمانی جەختکردنەوەی دەرکرد بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەو نەهێشتنی سزای سیاسییو وەزارەتەکانیشی بەرپرسکرد لە جێبەجێکردنی بڕیارەکە، بەڵام تا ئێستا حکومەتی هەرێم، هیچ روونکردنەوەیەکی نەداوە لەسەر هۆکاری دواکەوتنو چارەسەرنەکردنی کۆتایی کێشەکەو گەڕانەوەی سەرجەم نانبڕاوەکان.


پەیام ئەحمەد

(٨١)ملیار دیناری بودجەی وەبەرهێنانی کەرکوک خەرج نەکراوە 8

## محەمەد تۆفیق رەحیم وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان:

# هیچ مەسەلەیەکی نەتەوەیی نابەستینەوە بە هەڵوێستی سیاسییەوە

سازدانی: دڵێر عەبدولخالق

**محەمەد تۆفیق رحیم، وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ بەڵێنیان لە دەسەڵات وەرگرتووە، کە پرۆژەی چاکسازیی‌و کێشەکانیان لە کوردستان چارەسەر بکرێت. لەبارەی چۆنێتی بەشداریکردنیان لە حکومەتی عێراقی دەڵێت: «کەسەکانی ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەرژەوەندیی گشتیی دەخەنە سەر بەرژەوەندیی تایبەتی‌و ئالیەتێکی جیاوازمان بۆ ئیدارەکردن هەیە، کە رێگە بە هیچ کەس نەدرێت نوێنەرەکانمان تووشی فەساد بکات».**

**رۆژنـــامـــە: بـــزووتـــنـــەوەی گـــۆڕان لە دەستەبەربوونی پۆستە سیادییەکان، بەتایبەت سەرۆک کۆمار، جۆرێک لە نەرمیی نواند، ئەم مروونەتە لە چ سۆنگەیەکەوە سەرچاوە دەگرێت؟**

* یـــەکـــەم: کاتێک کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەغدا دەستی پێکرد، لیستی گۆڕان پێی باش بوو لە کۆبوونەوەکە بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی تێکنەچێت، بە تایبەت بە چوونە دەرەوەی ئەندامەکانی ئێمە کۆبوونەوەکە تێکدەچوو و نیسابی یاسایی نەدەما، ئەمەش دەکەوتە خزمەتی هەندێک لایەن کە دۆستی کوردنین.

دووەم: لیستی گـــۆڕان پێی باشە بە زووترین کات حکومەت لە بەغدا پێبکێت، بە تایبەت ئەم حکومەتە بە پرۆسەیەکی دیموکراسی دروستدەبێت، هەمووشمان دەزانین خەریکە خەڵک لە ناوەڕاست‌و خوارووی عێراق لە پرۆسەی دیموکراسی پەشیمان دەبـنـەوە، چونکە پێیانوایە؛ سیاسییەکان ئەو پرۆسەیە بۆ کاروباری تایبەتی‌و خزمەتی خۆیان بەکاردەهێنن، ئەمەش رێگەخۆشکەر دەبێت بۆ گەڕانەوەی جۆرێک لە دیکتاتۆرییەت کە بە هیچ جۆرێک لە بەرژەوەندیی کورد نییە، بۆیە فراکسیۆنی گۆڕان بە هەموو ئەو کێشانەی لە هەرێم لەگەڵ دەســەڵات‌و لیستی هاوپەیمانیی هەیەتی، بەڵام بەرژەوەندییە نەتەوەیی‌و میللییەکانی لەسەروو ئەو مەسەلانەی ترەوە دانا.



محەمەد تۆفیق رەحیم

**رۆژنامە: ئەگەر ئەمە نەرمیی نواندن بێت، ئێوە چاوەڕێی چ کاردانەوەیەکی ئیجابی دەسەڵات لە هەرێم، یان بەغدا دەکەن؟**

* ئێمە هیچ مەسەلەیەکی نەتەوەیی نابەستینەوە بە هەڵوێستی سیاسیی‌و ئەو هەنگاوانەشمان بۆ ئەوە نییە کە لایەنەکانی تر کاردانەوەی ئیجابی یان سلبی بنوێنن.

**رۆژنامە: کێشە دیارەکانی ئێوە لەگەڵ دەســەڵاتــی سیاسیی هەرێم لە بابەتی نانپڕاوەکان‌و پرۆژەی چاکسازیی‌و دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، کارتێکن بۆ هاو هەڵوێستنەبوونی ئێوە لەگەڵ ئەوان؟**

* کێشە هەیە لەنێوان ئێمەو هاوپەیمانیی کوردستان، لەبەرئەوەش لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان هاتووینە دەرەوە، چونکە پێمانووتن؛ ئەگەر ئەو کێشانە چارەسەر نەکرێت، ناتوانین لە بەغدا هاوهەڵوێست بین‌و بە یەکەوە ئیش بکەین، بەڵام مەسەلە نەتەوەییەکان بەو پرسانەوە نابەسترێتەوە، لە بـارەی بابەتی تریش هەڵوێستی هاوپەیمانیی لێرە بەرامبەرمان چی بێت، ئێمەش لە بەغدا چی بە راست بزانین، ئەوە دەکەین.

**رۆژنامە: ئەو زنجیرە دانیشتنەی لەنێوان ئێوەو دەسەڵات هەیە بۆ گەڕانەوەتان بۆ ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بە کوێ گەیشتووە؟**

* ئەوە بەردەوامەو بەڵێنمان وەرگرتووە لــە دەســـەڵات پـــرۆژەی چاکسازیی‌و کێشەکانی تر چارەسەر بکەن.

**رۆژنامە: ئەگەر، یان نەگەری گەڕانەوەتان زیاترە؟**

* نازانم.

**رۆژنـــامـــە: یـــەکـــلایـــی بـــوونـــەوە لە بەشداریکردنتان لە حکومەتی داهاتووی عێراق؟**

* بەشداریی دەکەین.

**رۆژنامە: بە دیاریکراویی پۆستێکی تایبەت هەیە داوای بکەن؟**

* بە دیاریکراوی وەفدی دانوستکاری گۆڕان لە بەغدا دەیزانێت، ئەوان گفتوگۆ لە بارەی ئەو پۆستەوە دەکەن.

**رۆژنامە: وەفدەکە دەستی کردووە بە دانوستان؟**

* بەڵێ.

**رۆژنامە: بۆ وەرگرتنی پۆست چاوەڕێی هیچ هاوکارییەکی هاوپەیمانیی کوردستان دەکەن؟**

* مەسەلەکە هاوکاریی ئەوان نییە، بەڵکو ئەوەی تەکلیفکراوە دەیانەوێت حکومەتێکی بنکە فـراوان دروستبکەن، واتــە هەموو فراکسیۆنە براوەکان بەشداریی پێبکەن، جگە لـــەوەش ئیستیحقاقی هەڵبژاردن هەیە، ئینجا چ لەڕێی ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان، یان هاوپەیمانیی، یاخود وەک فراکسیۆنێکی سەربەخۆ، گرنگ ئەوەیە گـۆڕان ئەو پۆستانەی وەریدەگرێت بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکان بەکاری بهێنێت‌و بیسەلمێنێت بەرژەوەندیی گشتیی دەخاتە پێش بەرژەوەندییە تایبەتییەکان.

**رۆژنامە: لە ماوەی کەمپەینی هەڵبژاردندا، رەخنەی زۆرتان لە ئەدای نوێنەرانی کورد گرتووە لە حکومەتەکانی پێشووی عێراق، بەشداریکردنتان تاکتیکێک نییە بۆ تێوگلان لە رۆتین‌و فەسادی ئیداریی، یان ئێوە ئالیەتێکی نوێتان هەیە بۆ ئیدارەکردنی ئـەو پۆستە وەزاریـیـانـەی لە حکومەت وەریدەگرن؟**

* هــەوڵــدەدەیــن کەسەکانی ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەرژەوەندیی گشتیی بخەنە سەر بەرژەوەندیی تایبەتی، هیچ کەسێکیش ناتوانێت لایەنێک لە رۆتینی ئیدارییەوە بگلێنێت، ئەگەر خۆی ئەو مەبدەئەی تیا نەبێت، ئێمە ئالیەتێکی جیاوازمان بۆ ئیدارەکردن هەیە، بۆیە هیچ کەس ناتوانێت تووشی فەسادمان بکات.

**رۆژنـــامـــە: بە هەڵسانگاندنی ئێوە بڕیاربەدەستانی کورد (پارتی‌و یەکێتی) لەپێکهێنانی حکومەتی نوێ‌و ئەو سەودا سیاسییەی روویدا، دەستکەوت، یان زیانیان بۆ کورد لە حوکمڕانیی نوێ بەدەستهێناوە؟**

* دیارنییە، دەبێت بووەستین ئەو حکومەتەی پێکدێت چ بەرنامەیەک دەگرێـتـەبـەرو چی جێبەجێ دەکـات‌و داخوازییەکانی کورد لە کارنامەو پلانی خۆی چۆن جێ دەکاتەوە، بەو پێوانەیەش دەزانـرێـت کــورد قازانجی کـــردووە یان زەرەر، نـــەک بـــە وەرگـرتـنـی پۆست، واتــە لە مـاوەی جێبەجێکردنی بەرنامە سیاسییەکەی دەتوانێت هەڵیبسەنگێنن، ئایا کورد دەستکەوتی هەبووە، یان نا، ئەم دەستکەوتەی باسی دەکـــەم کــورد وەک نەتەوە دەڵێم، نەک شەخس‌و فراکسیۆنێکی دیاریکراو، چونکە دەستکەوتی کورد ئەوەیە تا چەند خواستەکانی لە ئیدارەی عێراقیدا جێبەجێ دەکرێت‌و کێشەکانی نێوان ئێمەو بەغدا چارەسەر دەبێت.

**رۆژنامە: پرسیاری زۆر دەکرێت لەسەر دەنگدانتان بە جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق، هەڵوێستی گۆڕان لەو رووەوە روون نییە، ئایا هیچ ئیعازێک هەبووە بۆ دەنگدان، یان دەنگنەدان بەو بەرپرسە؟**

* ئـێـمـە تـەنـیـا پـێـمـانـوتـوون؛ لە کۆبوونەوەکە بەشداربن‌و مەیەنە دەرەوە، دەنگدانیش بە نهێنییەو کەس نازانێت کێ دەنگی بەکێ داوە! مومکینە کەسێک بڵێت، دەنگی پێدەدەم لە بەرامبەریشدا دەنگی پێنەدا، یان بە پێچەوانەوە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەوەندە ئەزموونمان هەیە نەکەوینە ناو ئەو تەفاسیلاتەوە، پەرلەمانتار بە ویژدانی خۆی دەنـگـدەدات‌و ئـەوەی گرنگە لای ئێمە، نوێنەرەکانمان مانەوەو نەیانهێشت کۆبوونەوەی پەرلەمان تێکبچێت، چونکە لە بەرژەوەندیی کورد نەبوو، هیچ ئیعازی تایبەتیشمان بۆ کەس نەبووەو خۆیان‌و ویژادانیان لەو پرۆسەیە بەرپرسن.

# ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران، پەشیمانن لە دەنگدان بە یاسای خۆپیشاندان

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی کوردستان، پەشیمانن لە دەنـگـدان بە پرۆژەیاسای رێکخستنی خۆپیشاندان‌و پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی کوردستانیش، ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران، بەهۆی پەرچەکرداریان بەرامبەر فراکسیۆنێکی ناو پەرلەمان، دەنگیان بەپرۆژەکە داوە.

دوای ئەوەی پرۆژەیاسای رێکخستنی خۆپیشاندان لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکرا، کۆدەنگییەک لە ئۆپۆزسیۆنی کوردستان‌و رۆشنبیران‌و شەقامی کوردی بەگشتیی لــە دژی ئـــەو پرۆژەیاسایە دەستیپێکردو لەئێستاشدا کە پرۆژەکە رەوانــەی سەرۆکایەتیی هەرێم دەکرێت، داوادەکرێت کە سەرۆکی هەرێم پرۆژەکە ئیمزا نەکات‌و بینێرێتەوە بۆ پەرلەمان تا هەندێک لە بڕگەکانی دەستکاریی بکرێن.

هاوکات، پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، لەڕێگەی یاداشتێکی بیرخەرەوەو داواکارییەوە، چەند خاڵێکی لەناو پرۆژەکەدا دیاریکردووە کە مەبەستیەتی سەرنجی سەرۆکی هەرێمیان بۆ رابکێشێت.

بـــورهـــان رەشـــیـــد گـــوڵـــە، ئـەنـدامـی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، لەیاداشتەکەیداو لە (٥)خاڵدا، سەرجەم ئەو بڕگانەی بۆ سەرۆکی هەرێم خستوونەتەڕوو کە پێویستیان بەدەستکاریکردنەو لەکۆتایی یاداشتەکەشدا، نووسیویەتی: «داواکارین لە بـەڕێـزت، لەپێناو هەنگاو هەڵگرتنی ئیجابییانە بۆ خزمەتکردنی دیموکراسی‌و ئازادیی رادەربڕین‌و لەپێناو گەیشتنەوە بە میللەتانی پێشکەوتووی دنیا، بەڕێزت ئەم یاسایە دەرنەچوێنیت‌و موسادەقەی نەکەیت‌و بیگەڕێنیتەوە بۆ پەرلەمان».

ســـەبـــارەت بە نـــاردنـــی پرۆژەیاساکە بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم، تاریق جەوهەر، راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمان، بە رۆژنامەی راگەیاند: تا ئێستا پرۆژەیاساکە لەپەرلەمانی کوردستانەو لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکانەوە پێداچوونەوەی بۆدەکرێت، چونکە پێویستی بە بەراوردکردنەوەی دەقی کوردیی‌و عەرەبییەکە هەیە بۆئەوەی لە رووی زمانەوانییەوە جیاوازیی نەبێت، هاوکات بۆ زیادکردنی ئەو پێشنیازانەش کە لەکاتی پەسەندکردنی پرۆژەکەدا پێشکەشکران، پرۆژەکە تا ئێستا نەنێردراوە، هەرکاتێک ئەو کارە تەواوبوو، ئەوا لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە دەنێردرێت بۆ سەرۆکی هەرێم بۆ واژۆکردن، یان ناردنەوەی بۆ پەرلەمان.

بـــەڵام پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی کوردستانیی، پێیوایە کە ژمـــارەیـــەک لە پەرلەمانتاران، پەشیمانن لە دەنگدان بە یاساکە، چونکە پێیانوایە کە بە هەڵە دەنگیان داوە.

د. دانا سەعید سۆفی، بۆ رۆژنامە وتی: «هەر لەسەرەتاوە ئەو یاسایە کۆدەنگیی لەسەر نەبوو، دەنگدانەکەی ناو پەرلەمانیش ئەوەی نیشاندا، بەڵام لەئێستادا پەرلەمان هەر دەبێت بینێرێت بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم، بۆیە لەدەستی ئەودایە بە پەسەندکردن، یان ناردنەوەی بۆمان».

ئەو پەرلەمانتارە، ئاماژەی بەوەکرد: دەنگی بەیاساکە نەداوەو تێبینی هەیە لەسەر دووخاڵی، خاڵێکیان مەسەلەی وەرگرتنی مۆڵەتەو وتــی: «پێموایە کە خۆپیشاندان مافێکی سروشتی دەستوورییەو پێویستی بەمۆڵەت وەرگرتن نییە، خاڵێکی تریش ئەوەیە کە دیاردەی خۆپیشاندانی لەناکاو (کتوپڕ) لەپرۆژەیاساکەدا جێگەی بۆ نەکراوەتەوە، لەکاتێکدا نەک هەر لەکوردستان، بەڵکو لەهەمو کۆمەڵگایەک ئەو دیاردەیە هەیە، ئەمە جـگـەلـەوەی کـە لـەخـودی ئاماری وەزارەتی ناوخۆدا، (٦٠٪)ی خۆپیشاندانەکان لەکوردستان بەکتوپڕیی کراون‌و تا ئێستا هیچ کێشەیەکیشمان نەبووە».



فۆتۆ: رۆژنامە

هەربۆیە د. دانا داوادەکات کە «سەرۆکی هەرێم، ستافەکەی خۆی رابسپێرێت تا دیراسەی ئەو خاڵانە بکەن‌و دوای ئەوەی بۆیان دەرکــەوت کە ئەو کەموکووڕییانە لەیاساکەدا هەن، بینرێنەوە بۆ پەرلەمان، تا وەک ئەو دەڵێت، بتوانن یاساکە دەوڵەمەندو باشتری بکەن‌و ئەو کەموکووڕییانە چاک بکەنەوە».

هاوکات، ئەندامێکی تری هەمان فراکسیۆن، ئاماژە بەوەدەکات کە بوونی یاسایەکی لەو جۆرە بۆ ئێستای کوردستان پێویستە، بەڵام بۆ مودەتێکی زەمەنی تر، رەنگە ئەو یاسایە لەجێی خۆیدا نەبێت، بۆیە دەبێت دەستکاریی بکرێت.

ئاسۆ کەریم، پەرلەمانتاری پارتی لە فراکسیۆنی کوردستانیی، بۆ رۆژنامە وتی: «بـۆ هەلومەرجی ئـەمـڕۆی کوردستان، پێموایە، پرۆژەکە لەبارە، چونکە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق کە تێیدا ئەمن‌و ئاسایش بەرقەرار نییە، ئێمەش لەحاڵەتێکی ئامادەباشیداین لە رووی ئەمنییەوە، بۆیە بۆ ئەمڕۆ پێم باشەو لەگەڵ ئەوەم کە بەمۆڵەت خۆپیشاندان ئەنجام بدرێت».

سەبارەت بەبیروبۆچوونی جیاواز لەسەر پرۆژەکە، ئاسۆ کەریم ئاماژەی بەوەکرد: جۆرێک لە بێمتمانەیی هەیە لەنێوان لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵاتدا، «دەسەڵات، پێیوایە کە رەنگە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن خراپ سوودببینن لەو مەسەلەیەو سبەی لەژێر ناوی خۆپیشاندانی لەناکاودا، هەموو خۆپیشاندانێک ئەنجامبدەن‌و هاوکات، ئۆپۆزسیۆنیش پێیوایە کە دەسەڵات رێگە لە خۆپیشاندان دەگرێت‌و ئازادییەکان بەرتەسک دەکـاتـەوەو ئەم بێمتمانەییەش وایکردووە کە ئەو تەنگژەیە ئەمڕۆ لەسەر یاساکە دروست ببێت».

هـەربـۆیـە، ئەندامەکەی فراکسیۆنی کوردستانیی، پێیوایە: یاساکان پیرۆزنین تا نەتوانرێت دەستکاریی بکرێن، «رەنگە ئەم یاسایە بۆ ئێستا پێویستی بێت، بەڵام ئەگەر زانیمان لەماوەی داهاتوودا بەکەڵکی کوردستان نایەت، دەیگۆڕین».

پەشیمانبوونەوە لــە دەنــگــدان بە پــرۆژەیــاســاکــە لــەلایــەن ژمــارەیــەک لە پەرلەمانتارانەوە، بەدی دەکرێت، بەجۆرێک کە هۆکاری دیار بۆ ئەو مەسەلەیە دەبینرێت.

هەروەک دانا سۆفی، وتی: «دوو هۆکاری سەرەکی هەبوون بۆ دەنگدان بە یاساکە، یەکێکیان ئەوەبوو کە لێکتێنەگەیشتن هەبوو لەسەر مەسەلەی ئەوەی کە مۆڵەت هەبێت، یاخود ئاگادارکردنەوەبێت بۆ رێکخستنی خۆپیشاندان، ئـەوەش وایکرد کە هەندێک لەئەندام پەرلەمانەکان بەهەڵە دەنگبدەن‌و دواتـریـش پەشیمان ببنەوە، هۆکارێکی تریش ئەوەبوو کە جۆرێک لەپەرچەکردار هەبوو بەرامبەر بە فراکسیۆنێکی دیاریکراو لەپەرلەمانداو ئەوە وایکرد کە هەندێک لەئەندام پەرلەمانەکان بە ویستی خۆیان دەنگ نەدەن، بەڵکو لەسەر ئەو پەرچەکردارە دەنگبدەن، ئەمەش بێگومان لە ئێستادا پەشیمانیی بۆ بەجێهێشتوون».

# بەعسییەکان دەگەڕێنەوە




گەڕانەوەی بەعسییەکان مەترسییە بۆ سەر عێراق

**راپۆرتی:**
**هەستیار قادر - کاروان عومەر**

بەپێی ڕێککەوتنی سیاسیی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، چاو بە دۆسیەی سێ کەسایەتی ئیئتیلافی عێراقییەدا دەخشێنرێتەوە، کە یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەریی گرتوونیەتییەوەو چاودێرانی بارودۆخەکەش بە دووری دەزانن بڕیاری دادگا بۆ دوورخستنەوەیان پووچەڵ بکرێتەوە.

بەپێی ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەت، هەریەک لە سالح موتلەگو زافرعانیو باسم عەوادی، لە ئیئتیلافی عێراقییە کە یاسای لێپرسینەوەی دادپەروەریی بە تۆمەتی بەعسیبوون گرتنییەوە بڕیاری ئەو تۆمەتەیان لەسەر لادەبرێت.

ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە زافر عانی، لەسەر داوای جەلال تالەبانیو سالح موتلەگ، لەسەر داوای عارف تەیفور لە دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرابوو، دواتریش لە ئیئتیلافی عێراقییە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران کرانە دەرەوە.

عەلی لامی، سەرۆکی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە ئەو بڕیارە توانای پووچەڵکردنەوەی نییەو بە رۆژنامەی راگەیاند: «بڕیاری ڕێگریکردن لە بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسییو لە هەڵبژاردنەکان بەسەر ئەو سێ کەسایەتییەدا، لەلایەن دادگای باڵاوە پەسەند کراوەو ئەو بڕیارە پووچەل ناکرێتەوە»، بەڵام ئاماژەی بەوەدا؛ کە ئەو بڕیارە لەسەر هەندێک کەس لادەبرێت، پاش ئەوەی داواکارییەک ئاراستەی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی دەکات، ئەوانیش داواکە ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەران دەکەن، ئەگەر لیستەکانی ناو پەرلەمان بڕیار بدەن لەسەر لابردنی ئەو سزایە لەسەریان، یان مانەوەی بە هەمان شێوە دەبێت دادگای باڵا پەسەندی بکات، وتیشی: «دەبێت هەریەک لەو کەسانە بەڵێننامەیەک پێشکەش بکات، کە پابەند دەبێت بە دەستوورو سیستمی حوکمڕانیی لە عێراقداو بانگەشە بۆ بیروباوەڕی حیزبی بەعس نەکات».

سەرۆکی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی پێشبینی ئەوەشیکرد؛ کە تەنیا سالح موتلەگ، بتوانێت ئەو سزایەی لەسەر لاببرێت بە پێچەوانەی زافر عانی، کە بە وتەی لامی، باوەڕی بە دەستووری عێراق نییە.

لەلایەکی دیکەوە د.عەبدوڵڵا عالیاوایی، ئەندامی لیژنەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشووی عێراق بۆ رۆژنامەی روونکردەوە؛ کە بۆ دەربازبوون لەو بڕیارەی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی لەسەر ئەو سێ کەسایەتییە، پێویستی بە دەرچەیەکی یاسایی هەیە، وتیشی: «لە یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەریدا هاتووە: کە ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت گەر کەسێک بە باش بزانێت، لەو یاسایە جیای بکاتەوە، بەڵام بە دووری دەزانم سەرۆک وەزیران ئەو کارە بکات».

عالیاوایی، ئاماژەی بەوەشدا؛ کە بۆ بێبەریکردنی موتلەگو عانیو عەوادی، دەبێت یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەریی هەمواربکرێت، ئەو کارەش زەحمەتو قورسە.

هاوکات ئەندامێکی هاوپەیمانی نیشتمانیی زانیاریی وردتر سەبارەت بەو کەیسە ئاشکرا دەکات.

ئەمیر کینانی، سەرۆکی لیستی ئەحرار (سەدرییەکان) لە هاوپەیمانی نیشتمانیی بۆ رۆژنامەی ئاشکراکرد؛ کە بەپێی پێشنیازەکەی سەرۆکی هەرێمو ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان ڕێککەوتنێک هەیە، کە لەسەر ئاسانکردنی ریوشوێنەکانی دەستەی لێپرسینەوەی دادپەروەریی واتە لەسەر بنەمای تاوان لێپرسینەوە لەگەڵ کەسەکان دەکرێت، نەک لەسەر بنەمای ئەندامبوون لە حیزبی بەعسدا.

لە بەرامبەردا عەلی ئەدیب، سەرکردەی دەوڵەتی یاسا رایگەیاند: ئەنجامدانی ئەو ڕێوشوێنانە پێویستیی بە داواکارییەک هەیە لە لایەن ئەو کەسەوەو هاوپێچ بێت بە بەڵێننامەیەک کە بێبەریی بکات لە حیزبی بەعسو بیروباوەڕی ئەو حیزبە، دواتر ئەو داواکارییە ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێتو لایەنە سیاسییەکان بڕیار لەسەر ئەو پرسە دەدەن بە ڕەزامەندیی، یان ڕەتکردنەوە، سەرەڕای بوونی ڕێککەوتنێکی سیاسیی لەو بارییەوە دواتر دادگای باڵا پەسەندی دەکات.



*** زافر نازم سەلمان عانی**

**لەدایکبووی ١٧ی تەمووزی ١٩٥٨و سوننە مەزهەبە.**

**دکتۆرای هەیە لە زانستە رامیارییەکانو مامۆستای کۆلێژی زانستە رامیارییەکانی زانکۆی بەغدا بووە.**

**لەساڵی ٢٠٠٥ بوو بە ئەمینداری گشتی گردبوونەوەی ئایندەی نیشتمانی کە بەشێک بووە لە بەرەی تەوافق لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٠ بەشداری کردووە لە لیستی عێراقییە.**

**تۆمەتبار کراوە بەوەی کە ئەندامێکی باڵای حیزبی بەعس بووەو لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی پێشووی عێراق کاری کردووە.**

*** سالح موتلەگ**

**لە ١ی تەمووزی ساڵی ١٩٤٧ لە شارۆچکەی فەلوجەی سەر بە پارێزگای ئەنبار لەدایکبووەو سوننە مەزهەبە.**

**دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵە دواتر دکتۆرای لە ئەندازیاری ژینگە لە ساڵی ١٩٧٤ بەدەستهێنا.**

**دواتر بووە بە بەڕێوەبەری گشتی سەنتەری لێکۆڵینەوەکان تایبەت بە ژینگە دواتر ئەمینداری گشتی لێکۆڵینەوەی زانستی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو ئەمینداری گشتی یەکێتی کۆمەڵە زانستییەکان لە عێراقو ئەندامی کارای حیزبی بەعس بووەو لەساڵی ١٩٧٧ دەرکرا لەو پارتە، دواتر گەڕێنرایەوە.**

**پاش رووخانی ڕژێمی بەعس، بوو بە ئەمینداری گشتی پارتی وەسەتی دیموکراسیو بەشداری کرد لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥و ١١ کورسی بەدەستهێنا.**

*** راسم عەوادی**

**لە یەکێک لە گوندەکانی سەر بە پارێزگای بابل لەدایکبووە شیعە مەزهەبو لەکۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوو چووە ناو حیزبی بەعسو بووە بە ئەندامی باڵای لقی کەربەلای حیزبی بەعسو بە سەرپەرشتیکردنی گرووپێکی تایبەت بە کوشتنی نەیارانی حیزبی بەعس لە کەربەلاو دەوروبەری تۆمەتبار دەکرێت کە لە جەنگی عێراقو ئێران کە سزای گوللەبارانکردنی بەسەر ئەو کەسانە جێبەجێدەکرد کە هەڵدەهاتن.**

## شیعەکان دەستبەرداری نەوتو دارایی نابن

# کورد نازانێت لە حکومەتی مالیکیدا چی بەردەکەوێت

**راپۆرتی: رۆژنامە**

تائێستا روون نەبووەتەوە کام وەزارەت لە حکومەتی نوێی مالیکیدا بەر کورد دەکەوێت، لە کاتێکیشدا کە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان داوای وەزارەتێکی ئابووریی دەکەنو شیعەکانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە دەستبەرداری وەزارەتی نەوتو دارایی نابن.

لەگەڵ ئەوەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە داواکارییە (١٩) خاڵییەکەیدا جەخت لەسەر وەرگرتنی یەکێک لە وەزارەتە ئابوورییەکانی حکومەتی نوێی عێراق کراوەتەوە (نەوتو درایی)و ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەچن، کە کورد کار بۆ وەگرتنی وەزارەتی نەوت بکاتو شیعەکانیش سوورن لەسەر دووبارە وەرگرتنەوەی ئەو دوو وەزارەتە، لەو بارەیەوە لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا ئەمیر کینانی، ئەندامی هاوپەیمانی نیشتمانیی ئاشکرایکرد؛ کە هاوپەیمانێتییەکەی بە مافی خۆی دەزانێت وەک گەورەترین ئیئتیلاف، وەزارەتە ئەمنییو ئابوورییەکان بە دەستی خۆیەوە بهێڵێتەوە، هاوکات لە لێدوانێکی دیکەشدا عەبدولکەریم سامەڕایی، ئەندامی ئیئتیلافی عێراقییە ئاشکرایکرد؛ کە ئیئتیلافەکەی هەوڵی ئەوە دەدات، کە هەردوو وەزارەتی ناوخۆو دارایی وەربگرێت، وەک بەشی خۆی لە وەزارەتە سیادییەکاندا.

تائێستا میکانیزمی وەرگرتنی پۆستە وەزارییەکانی حکومەتی نوێ روون نەبووەتەوە کە لەسەر بنەمای خاڵ دەبێت، یان ڕێککەوتنی سیاسیی، یان هەردووکیان پێکەوە، بەڵام کەمال ساعیدی، سەرکردەی دەوڵەتی یاسا تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: ڕێککەوتنێک هەیە لەسەر ئەوەی دوو کورسی بە یەک خاڵ حیساب بکرێت، هەر پۆستێکی سیادی واتە سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیرانو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، پێویستییان بە (١٥) خاڵە، کە هاوتای (٣٠) کورسییە، ئاماژەشی بۆ ئەوە کرد؛ هەر وەزارەتێکی سیادیی پێویستیان بە (١٠) خاڵ هەیە، کە بەرامبەر بە (٢٠) کورسییەو وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانیش بەپێی گرنگییان پۆلێن دەکرێنو لەنێوان (٢ بۆ ٥) خاڵ دەبێت.

کەمال ساعدی، وتیشی: «وەرگرتنی ئەو وەزارەتانە جگە لە خاڵ پێویستیان بە ڕێککەوتنێکی سیاسیی هەیە لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا.

لە بەرامبەردا عەدنان سەراج، کە سەرکردەیەکی دیکەی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسایە بۆ رۆژنامەی روونکردەوە؛ کە تائێستا ناوی ئەو وەزارەتانەیان دەستنیشان نەکردووە، کە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن، وتیشی: «وەرگرتنی وەزارەتی زۆرمان بەلاوە گرنگ نییە، چونکە پۆستی سەرۆک وەزیرانو جێگری سەرۆک پەرلەمانمان بەدەستهێناوە».

هاوکات لایەنی کوردیش تائێستا لای روون نەبووەتەوە، کە لە حکومەتی نوێدا کام وەزارەتەی بەردەکەوێت.

د.محەمەد ئەحمەد، ئەندامی شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ رۆژنامەی روونکردەوە؛ کە تائێستا باسیان لە دابەشکردنی وەزارەتەکان نەکردووەو روونیش نەبووەتەوە، کە کام وەزارەت بەر کورد دەکەوێت، کە روون بووەوە ئەوکات باس لەوە دەکرێت لەنێو ئیئتیلافەکەدا وەزارەتەکان چۆن دابەش دەکرێنو وتی: «دەبێت وەک نەتەوەی دووەم سەیری کورد بکرێت، نەک وەک کوتلەیەک، پێویستە لە هەموو وەزارەتو پۆستە سیادییەکاندا کورد بوونی هەبێت».



شەقامی کوردی بە ئومێدە نوێنەرانی کورد دەستکەوتی نەتەوەییان بۆ مسۆگەر بکەن

بەپێی راپۆرتێکی ماڵپەڕی ئیلافیش، وەزارەتی بەرگریی دەوڵەتی یاسا وەریدەگرێت، وەزارەتی ناوخۆ، بۆ عێراقییە دەبێتو پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقیش لەنێوان پارتیو یەکێتیدا یەکلاپی نەبووەتەوە، کە هەردووکیان هەوڵی وەرگرتنی دەدەن، بە شێوەیەک یەکێتی د.فوئاد مەعسومی بۆ ئەو پۆستە داناوەو پارتیش دەیەوێت د.رۆژ پارێزگاریی لەو پۆستە بکات، ئەمە جگە لەوەی نوری مالیکی لە هەوڵی ئەوەدایە حسێن شەهرستانی، لە پۆستی وەزارەتی نەوتدا بهێڵێتەوە، کە کورد داوای دەکات، هەریەک لە ئەنجومەنی باڵاو حیزبی فەزیلەو رەوتی بەدر هەریەکەیان دوو وەزارەت وەردەگرنو هاوپەیمانی ناوەندیش، کە (١٠) کورسی هەیە وەزارەتێکی فیعلیو وەزارەتێکی دەوڵەتی دەدرێتی، وەزارەتەکانی دادو رۆشنبیریش دەدرێتە عێراقییەو وەزارەتی مافی مرۆڤیش بە مەسیحییەکان دەسپێردرێتەوەو وەزارەتێکی نوێش بە ناوی وەزارەتی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی دادەمەزرێنرێتو ئەگەریش هەیە چەند وەزارەتێکی حکومەتی رابردوو، کە (٣٧) وەزارەت بوو، کەمبکرێنەوە.

حیزبەکانی عێراق دژایەتی بەهەرێمکردنی بەسرە دەکەن 10

# (٨١)ملیار دیناری بودجەی وەبەرهێنانی کەرکوک خەرجنەکراوە

بەدواداچوونی: شاڵاو محەمەد



کارکردن لە یەکێک لە پرۆژەکانی کەرکوک

فۆتۆ: ڕۆژنامە

لەماوەی (١٠)مانگی یەکەمی ئەمساڵدا تا ئێستا، کەرکوک بودجەی وەبەرهێنانی بۆ ساڵی (٢٠١٠)ی خەرج نەکردووە، کە بڕەکەی زیاتر لە (٨١)ملیار دینارە.

بودجەی وەبەرهێنان بۆ ئەمساڵی پارێزگای کەرکوک، (٨١)ملیارو (١٩١) ملیۆنو (١٩٥)هـەزار دینـارە، بـەڵام تا ئێستا ئەو بودجەیە سـەرف نەکراوەو ئەمەش کەرکوک دەخاتە قۆناغێکی نوێی وێرانکارییەوە.

بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتـی پلاندانانو وەزارەتی دارایی عێراق، بودجەی وەبەرهێنان بەپێی ڕێـژەی دانیشتووان دیاریی دەکرێت، بەو پێیەی پارێزگای کەرکوک لەڕووی ڕێژەی دانیشتووانەوە بە هەشتەم پارێزگای عێراق ئەژماردەکرێت، بەڵام لەکاتی دانانی بودجەی وەبەرهێناندا کەرکوک بە نزمترین پارێزگای عێراق دیـاریـکراوە، سـەرەڕای ئـەوەی بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، لەکاتی دیاریکردنی بودجەی وەبەرهێناندا، چەند پڕۆژەیەکی پارێزگای سەڵاحەدین (تکریت) خراوەتە بودجەی وەبەرهێنانی کەرکوکەوە.

بودجەی وەبەرهێنان بۆ پێنج ساڵ بەناوی (نەخشەی پێنج ساڵەی عێراق) دیارکراوەو وەزارەتەکانی عێراق لە ڕێگای فەرمانگەکانی ئەو پارێزگایەوە، پڕۆژەکان دیاریی دەکرێنو پاشان دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەپێی ئـەو دۆکیۆمێنتەی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، ئاماژە بە دیاریکردنی بودجەی وەبەرهێنان بە بڕی (٨٣٩)ملیارو (١١٩)ملیۆن و (٩٧٥)هـەزار دینار دەکات لە نەخشەی پێنج ساڵییەی پارێزگاکانی عێراق بۆ پارێزگای کەرکوکو ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگای کەرکوک لە ئاستی (١٥)پارێزگاکەی عێراق، (١)ملیۆنو (٢٨٦) هەزارو (٥٤٥) کەسە بەو پێیە پارێزگای کەرکوک لە ڕووی ڕێژەی دانیشتووانەوە، بە هەشتەم پارێزگار دێتەئەژمار، بەڵام بە نزمترین پارێزگار ئەژمار کراوە لەڕووی بـودجـەی وەبـەرهـێـنـانـەوە، سـەرەڕای ئەوەی ئەو بودجەیەی بۆ ساڵی(٢٠١٠) لە نەخشەی پێنج ساڵییەی عێراق کە لە بودجەی وەبەرهێنانەو بـۆ کـەرکـوک دیـاریـکـراوە، نـەچـووەتـە بـواری جێبەجێکردنەوە، کە بڕی (٨١)ملیارو (١٩١) ملیۆنو (١٩٥)هەزار دینارە.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە لیژنەی خزمەتگوزاریی و پـــڕۆژەکـــان، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: «وەزارەتـــەکـــان، لە ئاستی جێبەجێکردنی پڕۆژەکان لە بودجەی وەبەرهێنان زۆر کەمتەرخەمبوونو هەموو ساڵێک بڕێکی کەم لەو بودجەیە خەرجدەکرێت کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی پـڕۆژەیـەک بۆ شوێنێک دیاریکراوە، بەڵام وەزارەتەکانو دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەدواداچوونی بۆ ناکەن، لەگەڵئەوەی بەهۆی بارودۆخی ئەمنییەوە، کۆمپانیای بیانی هەیە کە ئامادە نییە بێتە عێراقەوە».

ئەو پڕۆژانەی بۆ ساڵی (٢٠١٠) لە بودجەی وەبەرهێنان دیاریکراون، هیچیان نەچوونەتە بـواری جێبەجێکردنەوەو هەر لە نەخشە ڕێگاکەدا ماونەتەوە، کە دەبوایە پارێزگاری کەرکوکو بەڕێوەبەری فەرمانگەکان بەدواداچوونیان بۆ بکردنایە.

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پێیوایە: دەسەڵاتی جێبەجێکار لەکەرکوک، دەیتوانی سەرجەم بەڕێوەبەری فەرمانگەکان کۆبکاتەوە تا بزانێت وەزارەتەکان چ پڕۆژەیەکیان هەیەو ئەو پڕۆژانەی باسکراون، بۆچی ناچنە بواری جێبەجێکردنەوە.

سەبارەت بەهۆکاری ئەژمارکردنی کەرکوک بە نزمترین پارێزگای عێراق لەڕووی بودجەی وەبەرهێنانەوە، ئەحمەد عـەسـکـەری گومانی لـە نـاشـارەزایـی پەرلەمانتارانی کورد لەخولی پێشووی پەرلەمانی عێراقو نوێنەرانی کەرکوک لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەبوو: «بەو پێیەی هەموو کوتلەیەک نوێنەری هەیە لە لیژنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆیە ئەگەر ئەو ئەندامە کوردانەی کە لەو لیژنانەی پەیوەستن بە بودجەی پڕۆژەکان، ئەگەر شـارەزا نەبن، دەکەونە هەڵەوە، جگەلەوەی ئەندام پەرلەمان هەبووە کە نوێنەری کەرکوک بـووە، لە لیستی نەتەوەکانی تر بە وەزارەتەکانی وتووە، کەرکوک پێویستی بە پڕۆژەی ستراتیژیی نییە».

## چەند پڕۆژەیەکی تکریت، خراونەتە بودجەی کەرکوکەوە

بەپێی ئەو دۆکیۆمێنتانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، لە کاتی دیاریکردنی بودجەی وەبەرهێناندا، چەند پڕۆژەیەکی پارێزگای سەڵاحەدین (تکریت) خراونەتە بودجەی وەبەرهێنانی کەرکوکەوە، کە بریتیین لە (نۆژەنکردنەوەی ڕێگای نێوان دوزخورماتوو-بەغدا بە درێژایی (٢١) کیلۆ مە تر



بە بـڕی (٢٧) ملیار دینـار، بەجیا نۆژەنکردنەوەی ڕێگای دوزخوورماتوو بە درێژایی (١٠)کیلۆمەتر بە بڕی (٨)ملیار دینار، دوو پڕۆژە بەناوی (ری كركوك مقاولە ٢٤) و (ری كركوك مقاولە ٢٣) ناوهێنراوە پڕۆژەی ستراتیژیی پارێزگای سەڵاحەدینە، بە بڕی (٢٧)ملیارو (٣٠٠) ملیۆن دینار).

ئەندامەکەی لیژنەی ئابووریی و دارایی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: «وا بڕیارە لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کە تایبەت دەبێت بە بودجەی وەبەرهێنان، باسی ئەو فەزیحەیە بکرێت، لەکاتێکدا کەرکوک زۆرترین وێرانکاریی تێدایە، بەڵام پڕۆژەی پارێزگای تر دەخرێتە ناو بودجەی وەبەرهێنانی کەرکوکەوە».

## پڕۆژە ستراتیژییەکانی کەرکوک، جێبەجێ ناکرین

وەزارەتـەکـانـی عـێـراق لە ساڵانی ڕابـردوودا، چەندین بەڵێنیان بە کەرکوک داوە لە ئاستی جێبەجێکردنی پڕۆژەی ستراتیژیی بۆ شارەکە، بەڵام بەڵێنەکانی چەند وەزارەتـێـک هیچیان لێوە سەوز نەبووە.

هـەر بەپێی ئـەو دۆکیۆمێنتانەی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، ژمارەیەک لە وەزارەتەکانی عێراق لەماوەی (٥)ساڵی داهاتوودا، بودجەی سەرفیان بۆ کەرکوک سفرە.

لە ئێستا بەهۆی بەڵێنی زارەکیی وەزارەتـەکـانـی عـێـراقـەوە، پـڕۆژەی فڕۆکەخانەی کەرکوکو پاڵاوگەیەکی نەوتو نەخۆشخانەیەکی (٤٠٠)قەرەوێڵەیی شکستی هێنا، ئەمە جگە لەوەی لە نەخشە کۆنەکانی ساڵانی ڕابردوودا، دروستکردنی پڕۆژەی ئاوی کەرکوک هەبووە، بەڵام لە ئێستادا لە لیستی پڕۆژەکاندا لابراوە.

لەو بـارەیـەوە، ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، وتی: «بەڵێنیان بۆ چەندین پڕۆژە پێداوین، بـەڵام نـەکـراون، بۆ نموونە، پـڕۆژەی فڕۆکەخانەی کەرکوکو پاڵاوگەیەکی نەوتو نەخۆشخانەیەکی (٤٠٠)قەرەوێڵەیی، بـەڵام دەبینرێت لە نەخشەی بودجەی وەبەرهێناندا نییە، یان پـڕۆژەی ئاوی کەرکوک لە بەرنامەی کۆنە، تیای بوو، بەڵام لە نەخشەی ئەم وەزارەتەدا کوژێنراوەتەوە بە بیانووی گۆڕینی پڕۆژەکە بۆ ئاوی کەیوان».

هەروەک د.کەمال بەرزنجی، پسپۆڕی بواری ئابووریی پێیوایە: پەرلەمانتارەکانی عێراق، بەهۆی ئـەوەی حیزب بەپێی پلەو کاری حیزبیی دیارییان دەکات، نەک بەپێی پێویستی بۆ پەرلەمانی عێراق، بۆیە هەمیشە ئەو پارێزگایەی نوێنەرەکەی حیزبیی بێت، لە قەیراندا بووە، چونکە ئەگەر ناشارەزایی نییە چۆن دەهێڵن فەزیحەیەکی بەو شێوەیە بەسەریاندا تێپەڕێت کە کەرکوک پێویستی بە بودجەی زیاترە، نەک هەڵپڕووکاندنی بودجەکەی».

د.کـەمـال بـەرزنـجـی، بـە ئەرکی بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی کەرکوکی زانی کە بەدواداچوون لە وەزارەتەکانیان بکەن کە بۆچی ئەم وەزارەتە ئەرکەکەی لەئاستی کەرکوکدا بەو شێوە نارێکە بووە.

هـەروەک ئەحمەد عەسکەری، وتی: «بڕواناکەم کە یەک فەرمانگە هەبێت، جورئەتی ئەوەی کردبێت لە وەزارەتەکەی پرسی بێتەوەو پێوتبێت ئەو پڕۆژەیەی بۆ شارەکەی من دیاریکراوە، بۆ جێبەجێتان نەکردووە، لە کاتێکدا پڕۆژەی وەبەرهێنان لە کەرکوک، یان جێبەجێ ناکرێت، یان کە جێبەجێ دەکرێت بە نارێکی جێبەجێ دەکرێت».

سەبارەت بە خەرج نەکردنی بودجەی وەبەرهێنان، عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکوک، ڕەتیکردەوە کە پڕۆژەکان نەچووبنە بواری جێبەجێکردنەوە، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی وەزارەتەکانی بە کەمتەرخەم زانـی بەرامبەر کەرکوکو جێبەجێ نەکردنی بەڵێنەکانیان.

ئاشکراشی کرد: «دوای هەوڵدانێکی زۆر لەگەڵ وەزارەتـی شارەوانییەکان، ئەمساڵ چەند پڕۆژەیەکی گرنگ جێبەجێ دەکرێن لەوانە، پـڕۆژەی ئاوی کەیوانە بە بڕی (٩٢)ملیار دینار ئیحالە کراوە بۆ کۆمپانیای فاو، کە دەبێت دەستبەکار بێتو کاری تێدا بکات، ئەویش دوای هەولدانی چوار ساڵ ئەو پڕۆژەیە هاتە بەرهەم، هەروەها دروستکردنی دوو ئەندەرپاس لە گەڕەکی تسعین، کە یەکێکە لە پڕۆژە گەورەکان، کە ئەویش لەسەر بودجەی وەزارەتی شارەوانییەکانە، جگە لە چەند پڕۆژەیەکی بچوکو هەروەها وا بڕیارە، وەزارەتی تەندروستیی نەخۆشخانەیەکی (٤٦٠)قەرەوێڵەیی دروست بکاتو لە ئێستادا لە قۆناغی ئیحالەکردنە بۆ بەڵێندەرێک، ئەویش دوای دوو ساڵونیو کارکردن تا ڕەزامـەنـدیـی وەزارەتـــی داراییمان وەرگـرتو هاوکات وەزارەتـی خوێندنی باڵاش لەم کۆتاییەدا، کەوتنەخۆیانو ئێستا وا خەریکن شارۆی زانکۆ تـەواو بکەنو چەندین جار هەولمانداوە لەگەڵ وەزارەتی نەوت بۆ دروستکردنی پاڵاوگەیەکی نەوت لە کەرکوکداو ئێستا وا بڕیارە دروست بکرێت».

## نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم

ڕێزو سڵاوێکی گەرم

لە لێدوانێکتاندا بۆ ڕۆژنامەی سەرای، باس لە دەستپێشخەرییەکتان کردووە، گوایە بەنیازن کۆبوونەوەیەک لەنێوان سەرۆکی هەرێمو لایەنو کەسایەتیی تورکمان ڕێکبخەن، ئێمەش وەک ڕۆژنامەنوسو چالاک لە بواری داکۆکیکردن لە مافەکانی تورکمانو هەروەها وەک هاوڵاتییەکی تورکمانی ئەم شارە، دەستخۆشی لە دەستپێشخەرییەکەتان دەکەینو داوای سەرکەوتن بۆ هەموو کارەکانی جەنابتانو بە تایبەتیی ئەو کارانەی خزمەت بە هەردوو گەلی کوردو تورکمانی براو هاودۆست دەکەن، بۆیە ئەو مافەم بەخۆمداوە چەند تێبینییەک دەربارەی دەستپێشخەرییەکەتان بخەمەڕوو، کە بریتین لە چەند پرسیارێکو چەند پێشنیازێک: هەمووومان دەزانین کە بەر لە ئێستا چەند کۆبوونەوەیەکی لەوجۆرە بە بۆنەو بەبێ بۆنە سازدراوە، ئایا لەم کۆبوونەوانە هیچ ئەنجامێکی باشی لێکەوتەوە کە خزمەت بە هەردوو گەل بکات؟ ئایا ئەم لایەنو کەساتییانە، کە ئامادەی کۆبوونەوەکان بوون توانییان وەکو پێویست دەسپێشخەرێکی هاوشێوە پێشکەش بە جەنابی سەرۆک بکەن؟ ئێمە وەک هاوڵاتییەکی تورکمانی گوێبیستی هیچ ئەنجامێکی باش کە لە خزمەتی مێژووی نێوان هەردوو گەلدا بێت، نەبووین، ئەوەی دەزانینو دەبیینین چەند کەسانێک بەناوی تورکمانو کەسایەتیی تورکمان پلەو پۆستیان وەرگرتووە، پارەیەکی زۆریش لە مولکی گەلیان بۆ خەرجدەکرێت، کە تەنیا ئامادەنین داکۆکیی لە بوونی گەلی تورکمانیش بکەن، بەڵام بۆ ناوزڕاندنی یەکترو ئابڕووبردنی یەکتر هیچ درێغی ناکەن، هەربۆیە دەمەوێ بە مامۆستای زۆر ڕێزدارم بڵێم، ئەگەر کۆبوونەوەکە لەگەڵ هەمان کەسایەتیی و لایەنە سیاسییەکانەو بەهەمان شێوەش بەڕێوەبچێت، ئەوا ئەنجامەکەی لە ئەنجامەکانی پێشوو باشتر نابێتو تەنیا کات بە فیرۆدانە، وەک کۆرپەکی مردوو بەر لە دایکبوون، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە لە ژمارە ٦٠٧ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە لە بەرواری ٢٠١٠/١١/٩ لە لاپەڕە ٢٣ دا بابەتێکم لەژێر ناونیشانی، (دەستوپەنجەیەکی پیرۆز بۆ گرێکوێرەکان) بڵاوکردووەتەوە، ئاماژەم بەمجۆرە دەستپێشخەرییە کردووە، نازانم فەرمانبەری ڕاگەیاندنی دیوان بە جەنابتانی گەیاندووە یان نا؟ لێرەشدا ماف بەخۆم نادەم بۆ دەستنیشاکردنی ئەم حیزبو لایەنو کەسایەتییانەی کە بەپێویستی دەزانم بۆ ریشەکێشکردنی کێشەکان کۆبوونەوەو گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێت، چونکە بێشک جەنابتان زۆرباش دەزانینو لە هەولی بەرفراوانکردنی بەشداریی تورکمان لە حکومەتی هەرێم دەدەن، ئەمەش بەڕێگەی ئەم جۆرە دەستپێشخەرییەی جەنابتان دەبێت، لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بە کێشەی تورکمانو بۆ بەشداریکردنیان لە کاری سیاسییو حکومەت کە ئەمەیان بەڕاستیی سوود بە بەرژەوەندیی مێژوویی هەردوو گەل دەبەخشێت، چونکە مرۆڤی ڕاستەقینە دەتوانێت لە مافە شەخسییەکانی خۆی خۆشبێت، بەڵام هیچ ئامادە نییە لە مافی گەلەکەی خۆشبێت، هەربۆیەش جەنابی دکتۆر فوئاد، دەبێت ڕەچاوی ئەم هۆکارانە بکرێت بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باش لە هەر دەستپێشخەرییەک، چونکە کاری سیاسییو مافی گەلان تەنیا بە دەست لەسەر سینە دانانو دووبارە کردنەوەی قسەی بێبنەما بەڕێوەناچێتو بەدەست نایەت، دەبێت کارێکی وا بکرێت بۆ بنبڕکردنی کێشەی چەند ساڵەی نێوان ئەم دوو گەلە، بەمەش کۆتایی نایەت بڵێین تورکمان مافی تەواوی وەرگرتووەو هیچ کێشەیەکی نییە، ئەم کێشەیەش بە کەسانی لێهاتووی وەک جەنابتان کە پڕۆژەی لەم بارەوە پێشکەش بەسەرۆک بکەنو ئەوکات بەرەوپێش دەچێتو ئەنجامێکی باشیش بەدەستدێت، بەڵام ئەگەر حکومەتی هەرێمو پارتی بیانەوێت ئەم کێشەیە بۆ چەندەها ساڵەی داهاتوو بمێنێت، چیایەک لە کێشە بۆ نەوەکانی داهاتوومان بەجێبهێڵین، ئەوا هەر بەئومێدی ئەم لایەنە سیاسییو کەسایەتییە تورکمانانە دەبێت، هەرچەندە لەو بڕوایەدا نیم کەوا حکومەتی هەرێمو پارتی ئەمەیان بوێت، هەر بۆیە من زۆر گەشبینم بەم دەستپێشخەرییەی جەنابتان، ئیتر هەر سەرکەوتووبنو هەر وەک لە کۆتایی بابەتەکەم کە لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە بڵاوبووەتەوە دەڵێمو لێرەش دەیلێمەوە، ئەم دەستوپەنجە پیرۆزو زێڕینانە نەڕزن.

**نازم سائیغ، ڕۆژنامەنووسو چالاکوان لە بواری داکۆکیکردن لە مافەکانی تورکمان**

## ئەحمەد عەلی، لێکۆڵەر لە پەیمانگای واشنتۆن:

# کورد، لەسەر کێشەی (١٤٠)، لە حکومەتی نوێ ناکشێتەوە

شاڵاو فەتاح

**ئەحمەد عەلی، یاریدەدەری لێکۆڵەر لە پەیمانگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی خۆرهەڵاتی نزیک، بەدووری دەزانێت کە کورد لە کێشە پەیوەندیدارەکان بە مادەی(١٤٠)ەوە لە حکومەتی نوێی عێراق بکشێتەوەو دەڵێت: «کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان لە ماوەی چوار ساڵی داهاتووشدا، بە تەواویی چارەسەر ناکرێن».**

**ئەحمەد عەلی کە پێشتر راوێژکاری رێکخراوی ناسوودمەندی پەروەردە بووە بۆ ئاشتی لە واشنتۆن، لە دیمانەیەکی رۆژنامەدا، پێیوایە: تا ئێستاش کێشەی نەوتو گاز، ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت کە ململانێ لەنێوان هەولێرو بەغدادا دروستبکات.**



**رۆژنامە: رۆڵی سوننەکان چی دەبێت لە حکومەتی نوێدا، پێتوایە، بەشداریی دەکەن، یان دەکشێنەوە؟**

* سوننەکانی عێراق، بەشداریی دەکەن، وەک هەڵبژاردنی ئوسامە نوجێفی بە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران وێنای دەکات. ئەوان، پێشبینی بینینی رۆڵێکی سەرەکی دەکەن لە حکومەتدا، بەشێوەیەک حکومەت رەنگدانەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بێت.

**رۆژنامە: ئەی دەربارەی رۆڵی کوردەکان لە عێراق، پێتوایە، کشانەوە روودەدات لە حاڵەتی جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠)و یەکلایی نەکردنەوەی ستاتووی کەرکوک؟ ئەی دەربارەی کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان، پێتوایە، ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێت بەتایبەت لە چوار ساڵی داهاتوودا، یان نا؟**

* ئەوە پشت دەبەستێت بە سرووشتی ئەو رێککەوتنەی لە سەرەتای پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا ئیمزاکراوە. چاوەڕوان ناکرێت کە کوردە عێراقییەکان لە هیچ کێشەیەکی پەیوەندیدار بە مادەی (١٤٠)ەوە لە حکومەت بکشێنەوە.

ئەو کێشانە (کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان) لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا، بەتەواویی چارەسەر نابن‌و رەنگە سەرەتای گفتوگۆی جدیی بۆ چارەسەری دوورمەودای کێشەکان ببینن‌و جێبەجێکردنی ئەو چارەسەرانەش کلیلی چارەسەری تەواوەتی کێشەکە دەبن.

**رۆژنامە: دەربارەی کێشەی نەوتو گازو لەنێویاندا پرۆژەی نابوکۆ، پێتوایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بە ئاسانی بەشداریی لەو پرۆژەیەدا بکات، پرۆژەی لەوجۆرە، چۆن پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا رێکدەخات؟**

* کێشەی نەوتو گاز، ململانێ‌و پێکنەهاتن لەنێوان هەولێرو بەغدا دروستدەکات. بەدڵنیاییەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەشداریی لەو پرۆژانەدا بکات، بەڵام ئەگەر بەغدا رۆڵی لە پرۆژەی جۆری نابوکۆدا نەبێت، ئەوا ناکۆکی روودەدات.

**رۆژنامە: پێتوایە، ئێران یان ئەمریکا، براوەی سەرەکی بوو لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت، پێگەی عێراق چی دەبێت لە ئەجێندای ئەمریکادا دوای کشانەوەی هێزەکان؟**

* هیچیان بە براوە دانانرێن، چونکە حیزبە عێراقییەکان ئەوەیان کرد کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بوو بەبێ لێکدانەوەی بەرژەوەندیی ئەوانی دیکە. (دەربارەی پێگەی عێراقیش لە ستراتیژی ئەمریکادا)، عێراق لە ئەولەویەتی ئەمریکادا نابێت، لەبەرئەوەی لەئێستادا ئەفغانستان زۆرترین تەرکیزی لەسەرە لەلایەن ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکاوە.

**رۆژنامە: ئەی دەربارەی رۆڵی دراوسێکان، وەک ئێران‌و تورکیا، پێتوایە، ئەوان رۆڵی پۆزەتیف، یان نێگەتیڤیان دەبێت لەسەر سیاسەتی عێراق؟**

* هەردوو وڵات بەرژەوەندییان لە عێراقدا هەیەو بەوشێوەیەش بۆ دروستکردنی هاوپەیمان لە ناوخۆی عێراقدا کاریان کردووە. ئەگەر حیزبە عێراقییەکان نەرمی نەنوێنن لە بەرامبەر یەکتردا، رۆڵی وڵاتە بیانییەکان زیاد دەکات.

## ئێریک داڤیس:

# پێویستە ئەمریکاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لە گۆڕان بکەن

یەکێک لەو شتانەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا شێواندووە، پشتیوانیکردنێتی لە رژێمە سەرکوتکەرەکان، زۆر جار هەموو ماوەیەکی کورتی سەقامگیریی بووەتە کارتی گۆڕینی پشتیوانیی درێژخایەن لە چاکسازییەکان، بەتایبەتی ئەو چاکسازییانەی حوکمڕانیی دیموکراتی بەهێز دەکات. ئەم پرۆسەیە جارێکی تر لە کوردستانی عێراق روودەدات، کە سەرکردایەتی کورد تا دێت دەبێتە سەرکوتکەرو دیکتاتۆریی، بۆ خۆشبەختی شنەبایەکی پاک هەیە لە فۆرمی گۆڕان، بەر لە قسەکردن لە بارەی هاوبەشیکردنی دیموکراسییانەی گۆڕان پێویستمان بە تێگەیشتن هەیە لەو هەلومەرجەی تیایدا دامەزرا.

وەکو هاوپەیمانێکی بەهێز، پێویستە ئەمریکا بەردەوام بێت لە هێشتنەوەی پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ کوردەکان‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە حوکمڕانیی کوردستانی عێراق دەکات، هەروەها بە پشتیوانیکردنی لەم نوخبە سیاسییەی ئێستای کورد کە گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی سەرجەم خەڵک ناکەن، جارێکی تر ئەمریکا هەڵەیەکی کوشندە دەکات، بازرگانی دەکات بە سەقامگیرییەکی کورتەوە لەسەر حسابی ناسەقامگیرییەکی درێژخایەن، کە پێی ناسراوە، لەگەڵ سەرکوتکردن‌و نوخبەیەکی ناجەماوەریی کە ئاستی جەماوەرییان لە کەمبوونەوەدایە بە هۆی گەندەڵیی‌و مەحسوبیەت‌و حوکمڕانیی سەرکوتکەرانە.

لە ئێرانی دراوسێ، پشتیوانیکردن لە شا محەمەد رەزا پەهلەوی ستەمکارو بێ جەماوەر لە ئاستێکی بەرزدا بووە هۆی دەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی (١٩٧٨-١٩٧٩)و ئەو رژێمە کارەسات ئاوەرەی کە تا ئەمڕۆش ئەمریکاو خۆرهەڵاتی راودەنێت.

ئەو دوو حیزبە سیاسییەی کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک)و یەکێتیی نیشتمانیی کوردسان (ی.ن.ک)، ئیدیعای ئەوە دەکەن کوردەکانی عێراق ئازادییە دیموکراتییەکانیان هەیە لەژێر حوکمڕانیی ئەواندا، لەوەتەی هەرێمەکە فیدراڵی وەرگرتووە لەدوای جەنگی کەنداوی مانگی کانوونی دووەمی (١٩٩١)، هەندێک بەرەوپێشچوونی دیموکراسی هەبوو، کاتێک ئەمریکا ناوچەی «دژە فڕینی» لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگەکەوە سەپاندبوو، کە بواری بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا لە باشووری عەرەب جیاببێتەوە، هەروەها (پ.د.ک و ی.ن.ک) دەستیانگرتووە بەسەر سیستمی سیاسیی‌و دادوەریی‌و سەربازیی‌و کەرتە هەواڵگریی‌و ئابوورییەکاندا کە رێی خۆشکردووە بۆ خراپ بەکارهێنانی سیستماتیکی، لەکاتێکدا زۆرترین دامەزراندن لە حکومەتی هەرێمدایە، (پ.د.ک و ی.ن.ک) دەتوانن هەڕەشەی فەسلکردنی کوردەکان بکەن لە کارەکانیان، وەکو کارتێکی کاریگەریی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی.

هەقیقەت ئەوەیە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تادێت دەبێتە سەرکوتکار. هەڕەشەکان بۆ سەر رۆژنامە ناحیزبییەکان زیادیان کردووە، ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە دەوێرن رەخنە لە گەندەڵیی حکومەت بگرن رووبەڕووی داوای یاسایی توند دەبنەوەو غەرامەیەکی زۆر دەسەپێنرێت بە سەریاندا، لانیکەم دوو رۆژنامەنووسی لاو، سۆران مامە حەمەو زەردەشت عوسمان، بە هۆی رەخنەگرتن لە سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کوژراون.

حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند دادگایەکی تێکەڵ‌و پێکەڵی دامەزراندووە، هەموویان پڕکراونەتەوە بەو دادوەرانەی هاوسۆزن لەگەڵ دوو حیزبە سەرەکییەکەدا، بەم شێوەیە مەحاڵە حوکمێکی دادوەرانە بەدەستبهێنرێت کاتێک پەیوەندیی بە مەسەلە سیاسییەکانەوە بێت، هەندێک لە دادگاکان لەدەرەوەی سیستمی دادوەرییەوەن، لەبەر ئەوەی لە لایەن (پ.د.ک یان ی.ن.ک)ەوە دامەزراون‌و هیچ سیفەتێکی یاساییان نییە، لە هەندێک حاڵەتدا یاساکانی تاوانی سەردەمی بەعس بەکاردەهێنرێت بۆ دادگاییکردنی ئەوانەی رەخنە لە حکومەتی هەرێم دەگرن، وەکو یاسای سزادانی عێراقی (١٩٦٩)، کە رێگە بە زیندانیکردنی رۆژنامەنووسان‌و نووسەران‌و خانەکانی بڵاوکردنەوە دەدات بە تاوانی ناوزڕاندن‌و تاوانەکانی تر.

لەم هەلومەرجەی گەندەڵیی‌و مەحسوبیەت‌و حوکمڕانە سەرکوتکارییەدا بزووتنەوەیەکی نوێی سیاسیی لە دیمەنی سیاسیی کوردیدا دەرکەوتووە. بزووتنەوەی گۆڕان لە بەهاری (٢٠٠٩) لەلایەن گرووپێکی ریفۆرمخوازیی (ی.ن.ک)ەوە، کە لەلایەن ئەندامێکی دامەزرێنەری حیزبەکەوە (نەوشیروان مستەفا) سەرکردایەتی دەکرا، پێکهێنرا، گۆڕان زۆر بە خێرایی گەشەی کردووە، دوای پەیوەندیی ئەو کەسانەی جیابوونەوەو (ی.ن.ک)یان جێهێشت بە نەوشیروان مستەفاوە، کە پشتیوانییەکی بەرفراوانی لێدەکرێت لە کوردستانی عێراق لە لایەن رووناکبیران‌و کەسانی پرۆفیشناڵ‌و توێژی مامناوەندیی خوێندەوارەوە، بەڵام تادێت زیاتر دەبێت لەنێو ئاستێکی فراوانی خەڵکی کورد کە دەناڵێنن بە دەست بێکاریی‌و نەبوونی هەلی خوێندن‌و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی ترەوە، هەروەها پشتیوانییەکی بەهێزی لێکراوە لە لایەن کۆمەڵەو رێکخراوی کوردی لە ئەورووپاو ویلایەتەیەکگرتووەکانەوە.

گۆڕان زۆرترین سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی هەرێمی کوردستان لە مانگی تەمموزی (٢٠٠٩) لە (١٠٠) کورسی هەڵبژاردنەکە (لەپاڵ ١١ کورسی تەرخانکراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ کەمینەکان‌و ئەو کەسانەی لە لایەن سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشانکرابوون)، گۆڕان (٢٥) کورسی بردەوە، لەگەڵ (١٣) کورسی کە لە لایەن لیستی خزمەتگوزاریی‌و چاکسازیی، هاوپەیمانێتی ئیسلامییەکان‌و پارتە سۆشیالیستەکان، (٣٥) کورسی پەرلەمان لە (١١٠) ئەندامی پەرلەمان ئێستا پشکی ئۆپۆزسیۆنن.

سەرەڕای ئەوەی سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەنییە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە لە لایەن گۆڕان‌و ئەندامانی تری ئۆپۆزسیۆنەوە خراونەتەڕوو لە بارەی بەکارهێنانی پارەی گشتیی، هەڵبژاردنەکەی تەمموزی (٢٠٠٩) هانی زۆر کوردی داوە بۆ ئەوەی بپرسێت؛ چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەبرێت، زۆرو زۆر لە کوردەکان پێدەچێت بە نیازبن دەنگ بە گۆڕان بدەن، بە تایبەتی لە ناوچەی سلێمانی کە پێشتر پێگەی بەهێزی دەنگدانی (ی.ن.ک) بووە، تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزی سەرەتایی گۆڕان لە جیابووەکانی ناو (ی.ن.ک)ەوە هاتبوو، ئێستا پشتیوانیکردنی ئەم پارتە بڵاوبووەتەوە بۆ هەولێرو کەرکوکو شارو ناوچەکانی تر کە زۆرینەیان کوردن.



فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات

لەکاتێکدا گۆڕان پشتیوانیی زیاتری لێدەکرێت، (پ.د.ک-ی.ن.ک)ی لاواز هەوڵەکانیان خێراکردووە بۆ سەرکوتکردنی پارتەکە، لە ماوەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی مانگی ئاداری (٢٠١٠)، ئەندامانی پێشمەرگە -چەکداری حکومەتی هەرێمی کوردستان-و پۆلیس‌و ئەفسەرە هەواڵگرییەکان ئاگادارکراونەتەوە، کە ئەگەر گومانیان لێبکرێت کە دەنگیان بە گۆڕان داوە، دەبێت سوێند بە قورئان بخۆن کە وایان نەکردووە، ئەگەر دەرکەوت درۆ دەکەن، ژنەکانیان ناچار دەکرێن بۆ ئەوەی لێیان جیاببنەوە لەبەر ناپاکییان سەرەڕای ئەم هەوڵانەی تۆقاندنی دەنگدەران، گۆڕان توانی (٨) کورسی لە پەرلەمان بەدەستبهێنێت.

لەکاتێکدا هێشتا دیارنییە گۆڕان بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات، بە ئاشکرا قسە دەکات لە بارەی نارازیبوونی گرووپە گەورەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە عێراق، لەکاتێکدا گۆڕان داوای گەڵاڵەکردنی یاساکان دەکات بۆ پاراستنی میدیا، سیستمی دادوەریی سەربەخۆ، چاودێریکردنی داهاتی زۆرو زەوەندی حکومەت کە لە بەرهەمهێنانی نەوتەوە دەستی دەکەوێت، زۆرو زۆرتر لە کوردەکان بەو چاوە تەماشای پارتەکە دەکەن، کە رزگاریان دەکات لە بێکاریی زۆر لە میانی خولقاندنی کەلتوورێکی سیاسیی، کە تیایدا ئازادیی رادەربڕین مانای راستەقینەی خۆی هەبێت.

ئایائەمریکا پشتیوانیی لەم گوزارشتکردنە لە خواستی کوردەکان بۆ دیموکراسی دەکات‌و فشار دەخاتە سەر سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟، کە هەنگاو بنێت بەرەو دیموکراسی، نەک تەنیا هەر قسە بکەن لە بارەیەوە، یان بە پێچەوانەوە دەکات‌و لە ئاکامدا وەکو بووەتە ناسنامەی، لەگەڵ پشتیوانیکردنە لە رژێمی جێگیرو سەرکوتکەر؟ مەترسییەکانی بەردەوامبوونی هەلومەرجەکە ئەگەری زیادبوونی توندڕەوییە لە هەرێمی کوردستان لەنێو ئیسلامیستەکان، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کوردەکانی عێراق لە وڵاتێکی سەقامگیریی‌و دیموکراتی راستەقینەدا دەژین، ئەمریکاو ئەو نەتەوانەی پابەندن بە دیموکراسی پێویستیان بەوەیە، کە لە تەماشاکەرەوە ببنە بەشدارێکی کارا لە یارمەتیدانی بەدیهێنانی خواستی کوردەکان‌و پیادەکردنی ئەو مافانەی کە زۆرێک لە ئێمە لە خۆرئاوا بڕوامان پێیەتی.

**لە ئینگلیزییەوە: سایتی سبەی**

**سەرچاوە:**

THE NEW MIDDLE EAST

چۆن چاکسازیی لە پەرلەمانی کوردستاندا بکرێت؟ 12

# مووچەی سەرۆک کۆمار بە یاسایی نەکراوە

هەستیار قادر

تائێستا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە یاسا مووچەی سەرۆک کۆماری دیاریی نەکردووەو پێشنیازی راوێژکارێکی سەرۆک کۆماریش بۆ زیادکردنی ڕێژەی مووچەکەی ڕەتکراوەتەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، تائێستا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە یاسا مووچەی سەرۆک کۆماری دیاریی نەکردووەو پرۆژەیاسایەکیش بۆ ئەو مەبەستە لە بەردەم ئەو ئەنجومەنەدایە، کە لە خولی پێشوودا بە هۆی بوونی کێشە لەسەری نەتونرا پەسەند بکرێت‌و دەنگی لەسەر نەدراوە.

ئەو پرۆژەیاسایە تایبەتە بە دیاریکردنی مووچەی سەرۆک کۆمارو لە سێ مادە پێکهاتووەو مادەی یەکەم، مووچەی بنەڕەتی سەرۆک کۆمار دیاریدەکات، کە (٣٠) ملیۆن دینار بێت‌و مادەی دووەمیش، ئاماژە بە پێدانی بڕی (٢٥) ملیۆن دینار دەکات وەک دەرماڵەی میوانداریی‌و لە مادەی سێیەمیشدا هاتووە؛ کە دەبێت لە حاڵەتی خانەنشینکردنیدا سەرۆک کۆمار (٨٠٪)ی تێکڕای مووچەکەی وەربگرێت‌و لە ساڵی (٢٠٠٨)دا خوێندنەوەی یەکەم‌و دووەم بۆ ئەو پرۆژەیاسایە کراوە، بەڵام نەتوانرا دەنگی لەسەر بدرێت.

د.ئیسماعیل شوکر، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشووی عێراق وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە ئەو پرۆژەیاسایە لە ئەنجومەنی پێشوودا بە کراوەیی هێڵرایەوە بە هۆی هەندێک کێشەوە، سەرەڕای دەنگدانی یەکەم‌و دووەمی لە پەرلەمانی پێشوو پەسەند نەکرا.

پرۆژەیاسای سەرۆک کۆمار لە لایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە ئامادەکراوەو لە دوای وردبینیکردنی لەلایەن ئەنجومەنی شورای دەوڵەتەوە لە (٢٠٠٨/٤/٢١)ەوە ڕەوانەی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی پێشووی نوێنەران کراوە.



لەوبارەیەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەگەرزۆرە ڕێژەی (٥٥) ملیۆنی مووچەی سەرۆک کۆمار لە لیژنەی دارایی کەمبکرێتەوەو ڕێژەی مووچەی هەردوو جێگرەکەشی دیاریبکرێت‌و لەگەڵ دوو پرۆژەیاسای تردا سەبارەت بە مووچەی هەردوو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران‌و ئەنجومەنی وەزیراندا دەنگی لەسەر بدرێت».

ئەو سەرچاوەیە بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە دوامانگی کۆتایی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشوودا بە نووسراوێکی ڕەسمیی ئەمیر شمەری، ڕاوێژکاری سەرۆک کۆمار داوای لە لیژنەی یاسایی کردووە، کە گۆڕانکاریی لە ڕێژەی مووچەی سەرۆک کۆماردا بکەن، بە شێوەیەک کە مووچەکەی بکرێتە (١٥) ملیۆن دینارو (١٠٠٪) مووچەکەی وەک دەرماڵەی مەترسییو (١٥٠٪) وەک دەرماڵەی میوانداریی بۆ سەرف بکرێت، بەڵام ئەو داوایە لە لایەن لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی پێشووەوە ڕەتکراوەتەوە».

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە تائێستا مووچەی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بە ڕێککەوتنی نێوان ئەو ئەنجومەنەو وەزارەتی دارایی‌و بە ئاگاداریی ئەنجومەنی وەزیران دیاریکراوەو هیچ نووسراوێکی ڕەسمیی نییە، کە ڕێژەی مووچەی سەرۆک کۆمار دیاریبکات‌و بەپێی ئەو زانیارییانەی پەرلەمانتاران باسی دەکەن، مووچەی ئێستای سەرۆک کۆمار مانگانە (٦٠) بۆ (٦٥) ملیۆن دینارە، بەڵام د.ئیسماعیل شوکر، ئەو ڕێژەیە بە زۆر دەزانێت‌و ڕایگەیاند: «مووچەو دەرماڵەی سەرۆک کۆمار دەگاتە (٥٠) ملیۆن‌و لە خولی پێشووی پەرلەماندا سەرۆک کۆمار مووچەی بنەڕەتی وەک مووچەی پەرلەمانتار وەرگرتووە».

لەماوەی چەند ساڵی رابردووشدا بودجەی سەرۆکایەتی کۆمار لە بودجەی ساڵانەی عێراقدا دیاریکراوە، کە ساڵانەی دەرماڵەیان (٣٠) ملیار دینار بوو، کە (٤٠٪)ی بۆ سەرۆک کۆمارو هەرپەک لە جێگرەکانیشی (٣٠٪)ی ئەو دەرماڵەیەیان وەردەگرت‌و سەرۆک کۆمار لەو ڕێژەیە ساڵانە نزیکەی (١٢) ملیاری بەرکەوتووە.

## دامەزراوەی کارینگی:

# ڕێککەوتنی لایەنە عێراقییەکان شکست دەهێنێت

رۆژنامە

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی دامەزراوەی کارینگی ئەمریکی، ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت، شکست دەهێنێت‌و دەسەڵاتی مالیکی بەهێز دەکات‌و ئەو لێکۆڵینەوەیە دەگاتە ئەو دەرەنجامەی، کە لایەنە عێراقییەکان سەلماندیان، کە ڕێککەوتنەکەیان تایفیی بوو، نەک دیموکراسی.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە دامەزراوەی کارینگی ئەمریکی بۆ ئاشتی نێودەوڵەتیی بڵاوی کردووەتەوە، ئاشکرایدەکات؛ کە کشانەوەی ئەندامانی ئیئتیلافی عێراقییە لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڵگەی ئەوەیە، کە ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا بۆ پێکهێنانی حکومەت کراوە، بێهێزەو ئەگەری شکستهێنانی زۆرەو جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنەش لەسەر دوو بنەما وەستاوە، کە ئەوانیش: پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییە باڵاکان بە دەسەڵاتەوە، نەک راوێژکاریی بێت.

دووەمیان: لادانی کۆتی بەشداریکردنی ساڵح موتڵەگو زافر عانی‌و راسم عەوادی، نێو عێراقییەیە لە وەرگرتنی پۆستەکان.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی دامەزراوەی کارینگی، ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان جەخت لەسەر سروشتی مەزهەبیی‌و تایفی سیستمی سیاسیی لە عێراق دەکاتەوە لەکاتێکدا، کە دەستووری هەمیشەیی عێراق پلانی بۆ هێنانە کایەی سیستمێکی دیموکراسی پەرلەمانی کێشاوە، کە لەسەر بنەمای لێکگەیشتنی نێوان لایەنەکان پۆستە حکومییەکان بەسەر گرووپە سەرەکییەکان بەپێی ڕێژەی دانیشتووانیان لە عێراقدا دابەش بکات، بەڵام ئەو ڕێککەوتنەی ئێستای نێوان لایەنە عێراقییەکان بەو شێوەیە نییەو پۆستەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەشنەکراون.

لێکۆڵینەوەکەی دامەزراوەی کارینگی راشیدەگەیەنێت: کە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە لە ڕووی یاساییەوە بە دوور دەزانرێت‌و جێبەجێکردنی لەسەر نیەتپاکیی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی عێراق وەستاوە، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییە باڵاکانەوە هەیە، چونکە نووسراوێکی ڕەسمیی نییە سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی ئەو ئەنجومەنە لەنێو ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکاندا.

کارینگی سەبارەت بە مالیکیش نووسیویەتی: کە ناوبراو لە ڕێگەی دووبارە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیرانەوە، دەسەڵاتی خۆی پتەو کردووەو توانیویەتی لە شەڕی پێکهێنانی حکومەتدا سەرکەوتووبێت‌و پشتگیریی هەریەک لە ئێران‌و ئەمریکاش لە یەک کاتدا بەدەستبهێنێت‌و دەسەڵاتی خۆی بەهێز بکات بە شێوەیەک، کە ئەستەمە لەژێر دەستی دەربهێنرێت.

## بڕیاردەری ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە:

# حیزبەکانی عێراق دژایەتی بەهەرێمکردنی بەسرە دەکەن



راپۆرتی: کاروان عومەر

وەلید عەباس، بڕیاردەری ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە ئاماژە بەوە دەکات؛ کە حیزبە سیاسییەکانی عێراق دژایەتی پێکهێنانی هەرێمی بەسرە دەکەن‌و ئاشکراشی دەکات، کە نووسراوی ڕەسمییان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ دووبارە ئەنجامدانەوەی راپرسیی لەسەر پرسی بەهەرێمکردنی بەسرە.

وەلید عەباس، وێڕای ئاماژەدان بە کێشەکانیان وەک ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا، دەڵێت: «دەمانەوێت ئازادبین‌و پارێزگای بەسرە بەڕێوەبەرین، بێ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ حکومەتی ناوەندی».

لەپاش ئەوەی هەوڵێکی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە بەر لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق شکستی هێنا بۆ بەهەرێمکردنی ئەو پارێزگایە لەدوای هەڵبژاردن، هەوڵەکانی ئەو هەنگاوە سەریان هەڵدایەوەو بە ئیمزای (١٦) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرەوە نووسراوێکیان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کرد، لەو بارەیەوە وەلید عەباس، بڕیادەری ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە تایبەت بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: «سێ هەفتە لەمەوبەر ئەنجومەنی وەزیران داوای لە ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە کرد، کە ژمارەی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەی ئاشکرا بکات، چونکە داوای پێکهێنانی هەرێمی فیدراڵیی پێویستی بە یەک لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی ئەو پارێزگایە هەیەو ئەنجومەنی پارێزگای بەسرەش وەڵامی نووسراوەکەی داوەتەوەو ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا (٣٥) ئەندامن‌و ئەوانەی کە واژۆیان کردووە لەسەر ئەو داواکارییە، زیاترن لە یەک لەسەر سێی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە».

بەپێی ڕێوشوێنە یاسایی‌و دەستوورییەکان دوای ناردنی داوای بەهەرێمکردنی پارێزگای بەسرەو بۆ ئەنجومەنی وەزیران، دەبێت ئەنجومەنی ناوبراو ئەو پرسە ئاراستەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەرخۆی هەڵبژاردنەکان بکات، بە مەبەستی ئەنجامدانی راپرسیی لەو پارێزگایەو ئەگەر ڕێژەی (٥٠٪) زیاتر لە دانیشتووانی ئەو پارێزگایە دەنگ بدەن بۆ پێکهێنانی ئەو هەرێمە، ئەوا هەرێمی بەسرە بەپێی دەستووری عێراق دروستدەبێت‌و دەبێت لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا ئەنجومەنی وەزیران ئەو دۆسیەیە ئاراستەی کۆمسیۆن بکات‌و کۆمسیۆن لە ماوەی شەست ڕۆژدا راپرسییەکە ئەنجام بدات.

هەوڵەکانی پێکهێنانی هەرێمی بەسرە بەلای چاودێرانەوە چاوەڕان دەکرێت ڕووبەڕووی جۆرەها دژایەتی ببێتەوە، بەوپێیەی بەهەرێمبوونی بەسرە دەیکاتە یەکێک لە بەهێزترین هەرێمەکان لە ڕووی ئابووریی‌و سیاسییەوە، بەوپێیەی ڕێژەیەکی زۆر یەدەگی نەوت‌و گازی سروشتی تێدایەو تاکە پارێزگای عێراقیشە کە سنووری ئاوی کراوەی لە ڕێگەی کەنداوەوە هەیە، هەر بۆیە بڕیادەری ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە ڕەشبینیی خۆشی نیشاندا لە پێکهێنانی ئەو هەرێمە، بەوپێیەی بە وتەی ناوبراو حکومەتی عێراق‌و سەرجەم پارتە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان لە بەسرە دژایەتی ئەو هەنگاوە دەکەن‌و لە دژی بەهەرێمکردنی بەسرەن، وتیشی: (٩٠٪) حیزبە سیاسییەکان دژایەتی ئەو بیرۆکەیە دەکەن‌و تەنیا هاوڵاتییان‌و ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پشتگیریی لێ دەکەن‌و ڕوونیشیکردەوە، کە هەتا ئێستا داوای لە هیچ لایەنێکی نێودەوڵەتی، یان هەرێمی کوردستان نەکردووە لەو بارەیەوە یارمەتییان بدات، بەڵام پێشبینیی ئەوەی کرد، کە پاش دامەزراندنی هەرێمی بەسرە داوای هەماهەنگیی لە هەرێمی کوردستان بکەن.

کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵیی لەگەڵ حکومەتی ناوەندا لەوپەڕی باکووری عێراق لە پارێزگای بەسرەی ئەوپەڕی باشووری عێراقیش دووبارە دەبێتەوە، وەک وەلید عەباس، دەڵێت: «تەنیا ئەوەمان دەوێت کە خاوەن دەسەڵات بین‌و بتوانین بە ئازادانە پارێزگاکەمان ببەین بەڕێوەو داواکاریی هاوڵاتییانی جێبەجێ بکەین، بێ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ حکومەتی ناوەندیی»و نموونەی بۆ ئەو حاڵەتەش هێنایەوەو وتی: «٢٨٨ ملیار دینارمان لە داهاتی پترۆ دۆلار تەرخانکردووە بۆ دروستکردنی چەند وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا، کە توانای بەرهەمهێنانی (٥٠٠) میگاوات کارەبای هەیە، بەڵام بەهۆی رۆتین‌و بوونی کێشە لەنێوان وەزارەتەکانی حکومەتی ناوەندی، هەتا ئێستا ئەو پرۆژەیە ئەنجام نەدراوە، ئەگەر هەرێمێکی فیدراڵییان هەبێت، ئەوا بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ حکومەتی ناوەندی، ئەو پرۆژەیەو پرۆژە هاوشێوەکانی ئەنجام دەدران».

هەرچەندە دوای هەڵبژاردنەکان‌و بەدەستهێنانی دەنگێکی زۆر لە پارێزگای بەسرەوە، چاوەڕان دەکرا ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، کە نوری مالیکی، سەرۆکایەتی دەکات، پشتگیریی لە بەهەرێمکردنی بەسرە بکات، بەڵام ئەو بەرپرسەی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە، کە خۆشی سەر بە ئیئتیلافەکەی مالیکییە، ئاماژە بە دژایەتیکردنی بەهەرێمکردنی بەسرە دەکات لە لایەن دەوڵەتی یاساوەو دەڵێت: «ڕاستە من سەر بە ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسام، نوێنەرایەتی ئەو لیستە دەکەم لە ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە، بەڵام هەڵوێستم پێچەوانەی هەڵوێستی فەرمیی دەوڵەتی یاسایە، چونکە دەوڵەتی یاسا دژایەتی بیرۆکەی پێکهێنانی هەرێمی بەسرە دەکەن‌و منیش یەکێکم لەو کەسانەی کە بانگەشەی بۆ دەکەم».

# ...مانی کوردستاندا بکرێت؟

ڕۆژنامە: ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتیی‌و پەرلەمان بە دووساڵ بڕیار لەسەر هەموارکردن، یان داڕشتنەوەی پەیڕەو نەدات، ئەوە نیشانەی پرسیار نییە کە نەخشە ڕێگای خۆیەتی، ئایا ئەوە ئومێد بە پەرلەمان کەم ناکاتەوە؟

* بۆچی یەکلایی ناکرێتەوە؟، بە ڕای من، دەبێت ئەوە بە گەڕانەوە بێت بۆ ئەندام پەرلەمانەکان، نەک بڕیارەکان بۆ ئەوان بێت، جا دەتوانرێت لەڕێی دەنگدانەوە لە دانیشتنێکدا، یان بە ڕاپرسیەک لەناو ئەندامانداا، ئیتر ئاشکرا یان نهێنی بێت، بزانرێت ڕێژەی ئەوانەی دەیانەوێت پەیڕەو دابڕێژرێتەوە بەرامبەر ئەوانەی دەڵێن، هەموار بکرێتەوە. دوو ساڵە، ئەگەر ئەوەیان بکردایەو گوێیان لە ئێمە بگرتایە، چارەسەر دەبوو، چونکە ئێمەین ڕووبەڕووی ئەو کێشەو گرفتانە دەبینەوە، ئەوە لەبەرخاتری پەرلەمانتارانە، بۆیە دەبوو بە هەر ڕێگایەک بوایە ئەوەیان ببڕانایەتەوە.

ڕۆژنامە: ئەوە کارێکی هێندە قورسە کە بە دوو ساڵ نەکرابێت؟

* دەبێت ئەوان بیری لێبکەنەوە، ئەگەر گوێیان لە ئێمەش بگرتایە، هەڵبەت پێمان دەوتن، چۆن یەکلایی بکەنەوە.

ڕۆژنامە: کەواتە دەستەی سەرۆکایەتیی بەرپرسە لەوەی کە تا ئێستا ئەو کارە نەکراوەو نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە؟

* بێگومان، پێشیان ناخۆش نەبێت

## دەبێت مافەکانی ئۆپۆزسیۆن‌و ئەو لیستەی حکومەتی پێکهێناوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ڕێکبخرێت

کە ڕووبەڕووی ئەوانی دەکەینەوە، بەڵام دەسەڵاتەکان لای ئەوانن، بۆ ئەو بابەتانەی دەخرێنە بەرنامەی کارەوەو بۆیە دەبوو یەکەم کاریان بوایە.

ڕۆژنامە: ڕەنگە دەستکاریکردنی پەیڕەو لە بەرژەوەندیی سەرۆکایەتیدا نەبێت، بەڵام ئێوە چۆن ئەوە قبووڵ دەکەن لەژێر سایەی پەیڕەوێکدا کار بکەن کە (١٨)ساڵ لەمەوبەر دانراوە؟

* ئێمە کە دەڵێین، سەرلەنوێ دایبڕێژینەوە، ناڵێین هەرچی سەڵاحییەتە دابەزێنرێت‌و پێویستیش ناکات ئەو ترس‌و دڵەڕاوکێیە لای هیچ کەسێک هەبێت بەوەی سەڵاحییەتی لێوەردەگیرێتەوە، ئێمە دەمانەوێت پەیڕەوێکی مۆدێرن بێت کە لەگەڵ دۆخەکە بگونجێت، بۆئەوەش دەتوانین سوود لە دنیایەک پەیڕەوو ئەزموونی وڵاتان وەربگرین.

ڕۆژنامە: دەبێت پەیڕەوی ناوخۆ لەسەر چ بنەمایەک بێت‌و پێتوایە دەبێت بەشێوەیەک بێت کە سەرجەم لیستەکان خۆیان لە بڕیارەکاندا ببیننەوە، نەک مەبدەئی زۆرینەو کەمینە؟

* نەخێر، لە هەموو پەرلەمانەکانی دنیادا، یەکلاییکردنەوە بە دەنگدانە، ئەگەر هاتوو ڕای فراکسیۆنەکانی پەرلەمان ئەوەبێت کە بڵێن، بە تەوافوق کار دەکەین، ئەویش ناخرێتە پەیڕەوی ناوخۆو لە نێوان سەرۆکی فراکسیۆنەکان‌و پەرلەمانتاران لەسەر یاسایەک ڕێکدەکەون کە بە تەوافوق تێیپەڕێنن.

خۆی دیموکراسییەتی زۆرینەو کەمینە هەڵبژاردن دەیسەپێنێت، بۆیە یا دەبێت بڵێین، لەم هەرێمە هیچ شتێک بە تەوافوق نەبێت، نایکەین، یان دەبێت جێی بهێڵین بۆ ژمارەی دەنگەکان.

بۆیە من ڕام تەواو پێچەوانەیە، خۆ کەس زۆر لە کەس ناکات کە چۆن‌و بەچی دەنگ دەدات، یان نا.

ڕۆژنامە: جگە لەوانەی باستکردن، هۆکار چییە کە تا ئێستا کاری پەرلەمان وەک پێویست نییە؟

* ئەم خولە تۆزێک باشتر بووەو پەیوەندییەکانی نێوان فراکسیۆنەکان ئاسایی بوونەتەوەو دەستخۆشی لە دەستپێشخەری کاک عەدنان عوسمان دەکەم کە وتی، چەند جیاوازبین لەناو هۆڵی پەرلەمان، لە دەرەوە پەیوەندیمان ئاسایی بێت. دەکرێت ڕەخنە لەیەک بگرین، بەڵام نەگەینە ئەوەی یەکتر بریندار بکەین.

ئەو ساڵەی لە پەرلەمان تێپەڕی بەو حیدەتەی لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە دەستپێکرا، بەوەی کە یەکسەر ئیتیهام دەکراین بەوەی نامانەوێت گەندەڵیی چارەسەر بکەین، ئەوەش وایکردووە وەزیرەکان وەک پێویست نەیەنە پەرلەمان‌و بیروبۆچوون‌و چۆنێتیی جێبەجێکردنی کارەکانیان نەخەنەڕوو، ئەوان دێنە لیژنەکان، بەڵام نەهاتوون باسی پرۆژەی ئایندەیان بکەن.

ئەگەر دەشپرسی، بۆ هەست دەکەین کە جۆرێک لە تەرەدود هەیە، لەبەرئەوەیە کە حاڵەتەکان کەوتوونەتە کێشمەکێش کە نابێت وابن.

ڕۆژنامە: پەرلەمان سێ وەزیفەی سەرەکی هەیە، ئەوانیش؛ یاسادانان، بەدواداچوونی کارەکانی حکومەت‌و لێپێچینەوە، بەڵام وەک تێبینی دەکرێت، هیچکام لەمانەی وەک پێویست ڕانەپەڕاندووە، هۆکارەکەی چییە؟

* حەز دەکەم ئەم شتە دیاریی بکرێت، یەکەم، تۆ کەی یاسا دەهێنیتە پەرلەمان؟ کاتێک کە پێویست بێت، دەبێت تا چوار خولی تر ساڵانە سەد یاسا پەسەند بکەین؟، ئێستا لیژنەکان زۆر سەرقاڵکراون بە یاساکانەوە، بەڵام گرفتەکان لەوەدان کە هەندێک لیژنە بە دە کۆبوونەوە ناگەنە ئەنجام.

دەبێت هاوسەنگیی ڕابگیرێت، بۆئەوەی دوو ڕۆژ لە ناوچەکەی خۆت لەناو خەڵکدا بیت، سێ ڕۆژ لەناو پەرلەمان‌و لیژنەکان بیت، هەروەها وەرزی یاسادانان دابنرێت کە دیاریکراوبێت، بەڵام کە ئەوە نەبێت‌و هەموو ڕۆژەکان لەناو هۆڵی پەرلەمان بیت، کەی کاتت دەبێت بۆ بەدواداچوون، لەکاتێکدا وەزارەتەکان هەفتەی دوو ڕۆژ پشوویان هەیە.

ئێستا هیچ کات نەماوەتەوە بۆئەوەی هاوسەنگیی ڕابگیرێت، بەبڕوای من، ئەویش لەڕێی پەیڕەوی ناوخۆوە دەبێت بەوەی کە ماف بداتە ئەندام پەرلەمان، دوو ڕۆژ لە ناوچەکەی خۆی چالاکی بکات، دوو ڕۆژ بۆ دانیشتنی پەرلەمان‌و ڕۆژێک بۆ لیژنەو بەدواداچوون.

ڕۆژنامە: کەواتە، ڕاستە ئەو شپرزەییە دروستبووەو پەرلەمانتار ناتوانێت ئەرکەکانی ڕاپەڕێنیت؟

* بەڵێ، جگە لەوەش، زۆر کات ئێمە کاری پەرلەمان گرفتمان بۆ دروست دەکات، بەوەی کە نابێت سەعاتی کار وەک فەرمانگەکانی تر بێت، جاری وا هەیە ئێمە مەوعیدمان لەگەڵ وەفدێک هەیە، بەڵام دەرگای پەرلەمان داخراوە، بۆیە دەبێت ئەوانە ڕێکبخرێن‌و پەرلەمان بە دوو شەفت تا درەنگانی شەو کارو جموجۆڵی تێدا بێت.




# حیزب ئەمنییەتی پەرلەمان دەپارێزێت

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

**پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئاماژە بەوەدەکات، کە پێویستە هێزێکی تایبەت‌و ڕاهێنراوی سەر بە پەرلەمان، ئەمنییەتی بپارێزێت، بەڵام پەرلەمانتاران ئاماژە بە پەیڕەوشکێنیی پەرلەمان دەکەن‌و پێیانوایە، «هێزێکی حیزبیی» بەپێچەوانەی یاسا، ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات.**

چوار بڕگەکەی مادەی (٩١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، بە ڕۆشنی ڕێوشوێنی ئەو هێزەی ڕوونکردووەتەوە کە ئەرکی پاراستن‌و ئێشکگرتنی پەرلەمان‌و پەرلەمانتارەکانیان دەکەوێتە ئەستۆو تێیدا هاتووە: «پەرلەمان، پاسەوانی تایبەتی دەبێت‌و فەرمانی سەرۆک بەڕێوەدەبەن، سەرۆک قەبارەی ئەو هێزەو ژمارەی ئەندامانی دەستنیشان دەکات، چەکی ئاگردارو بریندارکەر قەدەغەیە بێتە ناو پەرلەمانەوەو جگە لە هێزی ئێشکگر، بۆ هیچ چەکدارو هێزێکی چەکدار نییە بێتە ناو پەرلەمان یان، لە نزیک دەرگاکانی جێگیربێت».

ئەم دەقە یاساییە لەکاتێکدایە کە بەپێی زانیارییە وەدەستهاتووەکان، ئەو هێزەی ئێستا پەرلەمان دەپارێزێت، بەشێکن لە (لەشکری ئەرەز)ی تایبەت بە نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لەو چوارچێوەیەشدا، مانگی ڕابردوو بۆ بیرخستنەوە، فراکسیۆنی گۆڕان، داوای لە سەرۆکی پەرلەمان، د.کەمال کەرکوکی کردووە کە پێکهاتەی ئەو هێزە بەپێی یاسا ڕێکبخرێت‌و پاڵپشت بەمادەی (٨٨) لە بودجەی (٢٠١١)دا پارەی پێویست بۆ ئەو هێزە تایبەتە تەرخان بکرێت. هەروەها میکانیزمی دروستکردنیشی ڕوونکراوەتەوە کە وەک هێزێکی نیشتمانیی لە ڕێگەی بەیانێکەوە ئەندامانی ئەو هێزە ناونووس بکرێن‌و بۆ ئەو مەبەستەش، لیژنەیەک لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمان دروستبکرێت.

لەو بارەیەوە، د. ئەحمەد وەرتی، سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی‌و ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان، ڕوونیکردەوە کە پەیڕەوی ناوخۆ، میکانیزمی هەبوونی ئەو هێزەی ڕوونکردووەتەوە، کە پێویستدەکات بەهۆی سەربەخۆیی پەرلەمان، ئەو هێزە سەر بەپەرلەمان بێت، نەک لایەنێک لەدەرەوەی.

وەرتی، وتیشی: «سەرۆکایەتیی پەرلەمان، ئیدیعای سەربەخۆیی ئەو هێزە دەکەن، ئەگەر وانەبێت، دەبێت چاوخشاندەوەی بۆ بکرێت، چونکە پەرلەمان لەهەموو لایەنەکان پێکدێت، نەک لایەنێک، واتە ناکرێت هێزی لایەنێکی دیاریکراو پاسەوانیی پەرلەمان بکات».

سەباح بەرزنجی، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامیی، بەنیگەرانییەوە لە بەڕێوەچوونی ئیشەکانی پەرلەمان لەدەرەوەی یاسا دەڕوانێت‌و دەڵێت: «دەمانەوێت یاسا جێبەجێ بکرێت، بەپێی یاساش نابێت ئەو هێزانە حیزبیی بن، تا ئێستاش کە بەدواداچوونمان بۆ نەکردووە، لەبەرئەوەبوو کە کێشەی گەورەتر لەوەمان هەبووە، هەرچەندە چاوپۆشیش لەوە ناکەین».

پەیوەندیدار بەم باسە، لە مایسی (٢٠١٠)دا بەهۆی سوکایەتیکردن بە پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، عەدنان عوسمان، ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی

## «ناکرێت هێزی لایەنێکی دیاریکراو پاسەوانیی پەرلەمان بکات»

فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان، یاداشتێکیان بۆ سەرۆکی پەرلەمان بەرزکردەوەو داوای ئیجرائاتیان کرد بەرامبەر بەرپرسی ئاسایشی پەرلەمان، لەگەڵ ئەوەی کەمال کەرکوکی بەڵێنی دا، بەڵام بەپێی لێدوانی ئەندامێکی ئەو فراکسیۆنە، هیچ کاردانەوەیەک نەبوو.

نەریمان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش وتی: «لەگەڵ ئەوەی پەرلەمان سەرچاوەی یاساکانەو بنەمایە بۆ جێبەجێکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەڵام بەداخەوە، خۆی پەیڕەو دەشکێنێت».

ئەو پەرلەمانتارە، مەبەستەکەی ڕوونتر دەکاتەوەو ئەوە دەخاتەڕوو، هێزی پاراستنی پەرلەمان، پێویستە بەفیعلی سەر بە پەرلەمان بێت، لەڕێی مووچەو ئاگاداری ڕێوشوێنە ئیدارییەکان و لەلایەن پەرلەمانیشەوە ئاراستە بکرێت.

وتیشی: «ئەم هێزەی ئێستا، هەموویان سەر بەحیزبێکن‌و خاڵین لە ئەندامانی لایەنەکانی تر، جگە لە مەسەلە ئیدارییەکان، پێویستە هێزێکی ڕاهێنراو لە چوارچێوەی کاری پەرلەمانیی‌و پرۆتۆکۆلات‌و ئەتەکیەتی ئیشوکاری پەرلەمان‌و هەڵسوکەوت‌و پێشوازیکردن لەمیوانەکانی بێت».



بۆچوونی ئەم پەرلەمانتارانە لەکاتێکدایە، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیی، پێیوایە: پێویستە قسە لەسەر ئەوەبکرێت کە تاچەند ئەو هێزە توانیویەتی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، نەک پرسیار لەوەبکرێت کە سەر بە چ لایەنێکی سیاسیین.

دلشاد شەهاب، ڕایدەگەیەنێت: «ئەرکی ئەو هێزە، پاراستنی ئەمنییەت‌و نیزام‌و سیستمی پەرلەمانە، ئەرکەکانی ڕوونەو جلوبەرگیان دیارەو وەستان‌و هەڵسوکەوتیان دیارە، هیچ پەیوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵ هیچ ئەندامێکی پەرلەمان نییەو بە یەک چاو سەیری هەموو پەرلەمانتاران دەکەن، هاوکاتیش ئەرکی خۆیان لەناوەوەو دەرەوەی پەرلەمان، بەسەرکەوتوویی ڕاپەڕاندووە، ئەمەش ئامانجی ئەو هێزەیە، نەک شتێکی تر».

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی، ئاماژەی بەوەشکرد: ئەگەر دەوترێت ئەو هێزە سەر بەپارتییە، من کەسی یەکەمی پارتیم لەناو پەرلەمان، هیچ مامەڵەیەکی جیاوازم لێیان نەبینیوە، ئەگەر قسەش لەسەر ئەوەیە کە هەرچی لایەندار‌بێت ناتوانێت ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت، ئەوەش ڕاست نییە، بۆیە ناکرێت هەرچی سەر بە لایەنەکەی تۆ نەبێت، ئیتر متمانەی پێ نەکەیت، چونکە پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان، هی کوردستانن، نەک لایەنێکی دیاریکراو.

لەبارەی ئەو پرسیارەی کە ئایا پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێشێلکراوە، یان نا، دلشاد شەهاب وتیشی: «لەیاسادا، دەقی یاساو ڕوحی یاسا هەیە، ئەگەر دەقەکەش جێبەجێ نەکرابێت، ئەوا جەوهەرو ڕوحی یاسا کە خۆی دەبینێتەوە لە بێتەرەفی ئەو هێزە، جێبەجێ بووە».

بۆچوونی ئەو پەرلەمانتارەی کوردستانیی لەکاتێکدایە، پەرلەمانتارەکەی گۆڕان، نەریمان عەبدوڵڵا، گومان لەوەدەکات کە ئەو هێزە بۆ لایەنێک چاودێریی لەسەر پەرلەمان‌و ئیشوکارەکانی ئەندامانی نەکەن، هەروەک وتی: «هەندێکجار، پەرلەمانتار خۆی بەدابڕاو دەزانێت لە پاسەوانەکانی، پێشتریش چەند حاڵەتێکی نەخوازراو لەلایەن ئەو هێزەوە بەرامبەر ئەندامانی پەرلەمان کراوەو سەرۆکایەتیش هیچ ئیجرائاتی نەکردووە».

# چۆن چاکسازیی لە پەرلە

پەرلەمانی کوردستان یەکەمین دامەزراوەی یاسایی و تەشریعی هەرێمی کوردستانە.
ئەم دامەزراوەیە کە ئێستا تەمەنی (١٨) ساڵە و سێ خولی هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدراوە. بە ڕای شارەزایان و چاودێران پێویستی بە چاکسازیی و گۆڕانکارییە.
(ڕۆژنامە) بۆ ئەو مەبەستە دۆسیەیەکی لەم بارەیەوە کردووەتەوە و چاوەڕوانی بۆچوونی جدیی و ڕەخنەگرانەی کەسانی شارەزاو چاودێران و پەرلەمانتارانە، کە بە تێڕوانینەکانیان دۆسیەکە دەوڵەمەند بکەن.
دۆسیەکە تیشک دەخاتە سەر ئەم بوارانەی کاری دامەزراوەی پەرلەمان:
١- سیستمی بەڕێوەبردنی کارەکانی پەرلەمان (پەیڕەوە ناوخۆییەکەی).
٢- کەسایەتی ئەندام پەرلەمان.
٣- بودجەی ساڵانەی پەرلەمان و مووچەی پەرلەمانتاران و خانەنشینکردنی سەدان پەرلەمانتار.
٤- پێکهێنانی هێزێکی بێلایەن بۆ پاسەوانیکردنی دامەزراوەی پەرلەمان.

ئامادەکردنی دۆسیە: سەنگەر جەمال

## سۆزان خاڵە شیهاب، سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیی:

# دەبوو یەکەم کاری پەرلەمان، گۆڕینی پەیڕەو بوایە

**ڕۆژنامە: بە بۆچوونی ئێوە، دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان، پێویستی بە چاکسازیی هەیە؟**

* یەکەم پرۆسە پێش هەموو کارێکی پەرلەمان، دەبوو هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بوایە، لەبەرئەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئەو نەخشە ڕێگایەیە کە دەتوانیت لە ڕێیەوە کارەکانی خۆت ڕێکبخەیت.

من، پێزانینی زۆرم هەیە بۆ ئەو خەڵکانەی دەستیان هەبووە لە دانانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا، بەڵام ئەو بارودۆخەی ئەو پەیڕەوەی تێدا دانراوە، جیاواز بووە لەگەڵ ئەم بارودۆخەی ئێستا هەیە.

لەسەرەتادا کارەکە (٥٠ بە ٥٠)بوو، دواتر هەموو حیزبەکان چ لە پەرلەمان و چ لە حکومەت، پێکەوە بەشدار بوون، بەڵام ئێستا بارودۆخێکی تازە هاتووەتە ئاراوە بە هاتنەناوەوەی ئۆپۆزسیۆن، بۆیە دەبێت مافەکانی ئۆپۆزسیۆن و ئەو لیستەی حکومەتی پێکهێناوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، ڕێکبخرێت.

لە پەیڕەوی ناوخۆدا دەسەڵاتەکان لە سەرۆکایەتیی پەرلەماندا چڕکراونەتەوەو دەسەڵاتەکانی سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەناو ئەو پەیڕەوی ناوخۆیەدا دیاری نەکراون، جگە لەوەی پێناسەی کوتلە نەکراوە، بۆنموونە، حیزب هەیە یەک کورسی هەیە، ئەوە ئایا چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەیت، ئایا دەکرێت یەک کەس کوتلە پێکبهێنێت، یان چەند کەسێک، ئەوانە هەموو کەموکوڕیین، هەروەها دەبێت لە ئێستادا کارەکان بەخێرایی تەکنۆلۆژیا پێشبکەون، بۆنموونە، لە شوێنێک کێشەیەک هەیە، بەڵام تۆ دەبێت پێش دوو ڕۆژ پێش باسکردنی لە پەرلەمان، بە نامەو نووسراو پێشکەشی سەرۆکایەتیی بکەیت و دواتر ئەوان بڕیار بدەن ئایا باس بکرێت، یان باس نەکرێت، یان مەسەلەی دانیشتنی نائاسایی پەرلەمان کە چۆن ڕێکبخرێت، بۆیە پێویست بوو، دوای متمانەدان بە حکومەت لەم خولەدا، یەکەم کار هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆبوایە بە مەبەستی چاکسازیکردن.

**ڕۆژنامە: جگە لەپەیڕەو، پێویستە ئەوچاکسازییانە لەکام بواردا ئەولەویاتیان بدرێتێ؟**

>> نابێت ئەو هەموو دەسەڵاتە لە سەرۆکایەتیی پەرلەماندا چڕببێتەوە چونکە هۆڵی پەرلەمان لە دەستەی سەرۆکایەتیی و سەرۆکی فراکسیۆنەکان و ئەندام پەرلەمانەکان پێکدێت <<

* وەک دامەزراوە، دەبێت کارەکانی پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەک چارەسەر بکرێن، کە پەیڕەوەکەی جۆرێک لە لامەرکەزییەت و دابەشکردنی دەسەڵات و کەمکردنەوەی بیرۆکراسیەتی تێدابێت.

بۆنموونە وەک لیژنە، کە ڕاپۆرت دەنووسیت و پرسیارێکت لە حکومەت هەبێت، پرسیارەکە تا دەگاتە حکومەت، هەفتەیەک دەخایەنێت و حکومەتیش دراوسێمانە.

وەکو دامودەزگاکەش، پێویستە ئەو بیروکراتییەتە نەهێڵرێت، پەرلەمان دوو بەشە، یەکێکیان پەرلەمان و دانیشتن و بەرنامەی کارو ڕێکخستنی بەرنامەی کارو دابەشکردنی سەلاحییەت، بەشەکەی تریشی، پەرلەمان وەک دامەزراوەو دابەشکردنی کار لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە بۆ جێگرو سکرتێرو بەڕێوەبەرێتیی دیوان و مامەڵەکردن لەنێوان لیژنەکان و ئەو دامەزراوەیە، ئەوەش پێویستی بە چاکسازییەکی باش هەیە.

**ڕۆژنامە: جەنابت جەخت لەسەر چاکسازیی دەکەیتەوە لەناو پەیڕەودا، وەک دیاریشە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان زۆرترین گرفت و ئاستەنگی لە بەردەم پەرلەمان و ئەندامانیدا دروستکردووە، تۆ ئەوانە چۆن دەبینیت؟**

*بەپێی پەیڕەو، دەسەڵاتەکان هەموویان لای دەستەی سەرۆکایەتیی چڕکراونەتەوە، بۆنموونە، لە زۆر پەرلەمانەکانی دنیادا، لیژنەیەک بە فەرمیی لە پەرلەمان هەیە کە سەرۆک فراکسیۆنەکانی تێدان و قەت سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەبێ ڕاوێژ لەگەڵ ئەوان، بەرنامەی کار دانانێت، بەڵام لای ئێمە تەنیا سەرۆکایەتیی بڕیار دەدات، ئەویش لەسەر بنەمای ئەو ڕاپۆرتانەی لەلایەن لیژنەکانەوە لەسەر یاساکان ئامادەکراون، من ئەوە بە کەموکوڕیی دەبینم کە تەنیا دەستەی سەرۆکایەتیی مافی ئەوەی هەبێت، بەرنامەی کار دابنێت، بۆیە پێموایە، بە دانانی ئەو لیژنەیە کە بەراوێژ لەگەڵ سەرۆکایەتیی بەرنامەی کار دابنێن و دواتریش دەزانرێت چ لیژنەیەک لە ئامادەکردنی ڕاپۆرت دوا دەکەوێت، بۆیە ئەوە کەموکوڕییەو نابێت ئەو هەموو دەسەڵاتە لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان چڕببێتەوە، چونکە هۆڵی پەرلەمان لە دەستەی سەرۆکایەتیی و سەرۆکی فراکسیۆنەکان و ئەندام پەرلەمانەکان پێکدێت، بۆیە ئەو لینکە دەبێت دروستبێت بۆئەوەی درێژببێتەوە بۆلای پەرلەمانتارەکان.

**ڕۆژنامە: کەواتە ئەوە ڕاستە کە دەوترێت، پەرلەمانتار خاوەن دەسەڵات نییە، لەکاتێکدا نوێنەری هەزاران هاوڵاتییە؟**

* مافی ئەوە لە پەرلەمانتار نەسەنراوەتەوە کە خاوەن ڕای خۆی بێت، سەرۆکی پەرلەمان ئەرکی دیکەی لەسەرشانە کە ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانە، بەڵام ئەگەر بتەوێت بابەتێک بهێنیتە پەرلەمانەوە کە نەخرابێتە ناو پەیڕەوی ناوخۆوە، ناتوانیت قسەی لەسەر بکەیت.

**ڕۆژنامە: کەواتە، پێتوایە سەرۆکایەتیی زیاد لە پێویست خاوەنی دەسەڵاتە؟**

* ئەوە، بەپێی ئەو پەیڕەوە، ئەو سەلاحییەتەی دراوەتێ.

**ڕۆژنامە: بەڵام ئەوە تاچەند تەندروستە، لەکاتێکدا دەسەڵاتەکانی سەرۆک و دەستەی سەرۆکایەتیی لە پەرلەمانی کوردستان، زیاترن لە دەسەڵاتەکانی سەرۆک و دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق؟**

* ئەوە پەیوەندیی بە کۆنی و تازەیی ئەو پەیڕەوانەوە هەیە لە ڕووی تەمەنەوە، ئەو گۆڕانکارییانەی لەو ماوەیەدا ڕوویانداوە، کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئەوەی بیروبۆچوونەکان چۆن دەبن لەکاتی داڕشتنی پەیڕەوی ناوخۆدا، بۆیە دەکرێت بڵێین، کەموکوڕیی زۆری تێدایەو دەکرێت هەموار بکرێت و ئەو گرفتانەش چارەسەر بکرێن و پێموایە، تەقسیریش نییە لەوەدا، چونکە پەرلەمانتاران هەوڵیان بۆئەوە داوەو ڕێکخراوی (ئێن دی ئای) کۆمەڵێک سیمینارو وۆرکشۆپیان کردووە.

**ڕۆژنامە: ئایا ئەوەت پێ ڕاستە کە دەستەی سەرۆکایەتیی بەهۆی لاستیکیی مادەکانی پەیڕەوی ناوخۆوە، هەندێک کات خراپ بەکاریدەهێنن، یان زیاتر لە دەسەڵاتی خۆیان بەکاردەهێنن؟**

* پەیڕەو، هەموو جارێک ناگۆڕێت، بەڵام دەکرێت هەندێک بڕگەو مادەی چاک بکرێت. ئەو دەسەڵاتە بۆیە دراوەتە سەرۆکایەتیی بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانەو لەدوای ئەوە، ئەو کەسەی دەچێتە سەرۆکایەتیی، ئەو دەسەڵاتە چۆن بەکاردەهێنێت؟، ئەوەش هەیە.

**ڕۆژنامە: ئێستا چۆنێتیی ئەو بەکارهێنانە لە پەرلەمانی کوردستان، چۆنە؟**

*من ناڵێم سەدلەسەد زۆر باشەو ناشڵێم زۆر زۆر خراپە، بەڵام ئەگەر چاککردن لە پەیڕەوی ناوخۆدا بکرێت، کرانەوەیەکی زیاتر دەبینم لە مامەڵەکردن لەنێوان دەستەی سەرۆکایەتیی و پەرلەمانتاران و لیژنەکانیش، بۆیە کەموکورتی هەیەو کاتی ئەوە هاتووە، چارەسەری بکەین، ئێمە لە خولی پێشووشدا، داوای ئەوەمان کردبوو.

**ڕۆژنامە: پێتوایە، سەرۆک دەسەڵاتی موتلەقی هەیە وەک ئەوەی پەرلەمانتارێک دەیڵێت؟**

* بەو شێوەیە دەسەڵاتی ڕەهای نییە، بەڵام ئەوەیە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆکە، زۆر لە شتەکان خراونەتە ئەستۆی ئەو، بڕواناکەم کەسیش حەز بکات ئەو هەموو ئەرکە لەسەر شانی بێت، ئێستا سیستەمەکان بەرەو ئەوە دەڕۆن، کارەکان دابەشبکرێن و هەرکەسە ئیشەکەی خۆی بکات و لە هەرکوێش گرفت هەبوو، بزانرێت چۆن دەستنیشان دەکرێت، بەڵام لەهەموو پەرلەمانی دنیاشدا دانیشتن و بەڕێوەبردنی لەسەر شانی سەرۆکی پەرلەمانە.

**ڕۆژنامە: بە بۆچوونی تۆ، پێویستە ئەو ئەرک و دەسەڵاتە چۆن دابەش بکرێت لەنێوان سەرۆکایەتیی و پەرلەمانتاردا، چۆن چاکسازیی و ڕێکخستنەوە لەوەدا بکرێت؟**

* دەبێت لە پەیڕەودا، سەلاحیاتی سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی دیاریی بکرێت و سکرتێر بە چ کارێک هەلدەستێت، ئەوانە بەخاڵ ڕوونبکرێنەوە، ئینجا پێناسەی کوتلەو سەرۆکی فراکسیۆن و پەرلەمانتار هەبێت و دەسەڵاتەکان دیارییبکرێن، بۆئەوەی هەموو کەسێک بزانێت ئەرک و ماف و سەلاحییەتی چەندە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت پەرلەمانتارێک هێندەی سەرۆکی پەرلەمان سەلاحییەتی هەبێت، لە دنیادا شتی وا نییە.

کێشەیەکی تر هەیە کە نەبوونی یاریدەدەری پەرلەمانتارەو ئەرکی ئەوەیە زۆری ئیشەکانی پەرلەمانتار دەکات کە شتی وامان لە پەیڕەودا نییەو ئەوانە کەموکورتین، بۆیە دەبێت پەیڕەوەکە بەشێوەیەک چاکبکرێت کە پەرلەمانتار هەست بەوە بکات، دەستی بەستراو نییەو هەموو کات بۆ داواکاریی و پێویستییەک، بگەڕێتەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتیی.

**ڕۆژنامە: دانانی ئەو لیژنەیەی باست کرد، دەکرێت لە ئێستادا بکرێت، یان دەبێت لە پەیڕەودا جێی بکرێتەوە؟**

* دەکرێت و داواشمان کردووە لە سەرۆکی پەرلەمان، کۆبوونەوەیەک لەنێوان سەرۆک فراکسیۆنەکان و سەرۆکایەتیی بکەین.

ئەوە وەک پێشنیازێک لەناو سەرۆکی فراکسیۆنەکان کە لەم خولەدا کۆبوونەوەیەکمان کرد بۆئەوەی بیروبۆچوونەکان یەک بخەین و دەستنیشانی کەموکورتییەکان بکەین، یان داوایەکمان هەبێت و پێکەوە بەرزی بکەینەوە، بەڵام بەداخەوە درێژەی نەکێشا بەهۆی ئەو تەنگەژانەی هاتنە پێشەوە.

**ڕۆژنامە: پەیڕەو، ئازادییەکانی بەرتەسک کردووەتەوە؟**



*ئازادیی، بەرتەسک نەکردووەتەوە، چونکە دیاریکردووە، کە تۆ دەتوانیت چی بکەیت وەک پەرلەمانتار، بەڵام پەرلەمانتار کە نوێنەری ناوچەیەکە، لەویادا کەموکوڕیی دەبینم، چونکە دەبێت پەرلەمان ئۆفیسی بۆ بکاتەوە بۆئەوەی هەماهەنگیی لەگەڵ خەڵک هەبێت، ئینجا کە داوایەکی خەڵکت بۆ دێت ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمانی دەکەیت و ئەویش بینێرێتە لیژنەی پەیوەندیدارو دواتر دەبێت وەڵامەکە وەربگریتەوە، لێرەدا کارەکە بزر نابێت، بەڵام ئێستا پەرلەمانتاران زۆر ماندون و بەدواداچوون دەکەن، بەڵام لەناو ئەو ڕۆتیناتەدا، ئیشەکەیان ون دەبێت، بۆیە دەبێت ئەوەش چاکبکرێت.

**ڕۆژنامە: دوو ساڵە هەوڵی گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەدرێت و ئەمسالیش دوو پرۆژەیاسا بۆ ئەومەبەستە پێشکەش پەرلەمان و سەرۆکایەتیی کران و لیژنەی یاساییش ڕاپۆرت و پرۆژەیاسای پێشنیازکراوی پێشکەشکردووە، بەڵام نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە، هۆکارەکەی چییە؟**

* لە خولی پێشووشدا، ڕاپۆرت هەبووە بۆ گۆڕینی پەیڕەو، دەبوو ئەمساڵ ئەوە یەکەم کاری پەرلەمان بوایە.

گرفتەکەی ئەوەیە کە دوو ڕا هەیە بەتایبەت لەناو دەستەی سەرۆکایەتیدا، ڕایەک لیژنەی یاسایی پێیانوایە، دەبێت سەرلەنوێ پەیڕەوێکی نوێ دابڕێژرێتەوە، بەڵام سکرتێری پەرلەمان پێیوایە، دەبێت ئەو خاڵانە دەستنیشان بکەین کە پێویستیان بە هەموارکردنەو ئەوانە هەموار بکرێن، ئەو ڕایانە دوو ساڵە یەکلایی نەبوونەتەوە.

ئەگەر لە من بپرسی، دەبێت سەرلەنوێ دایبڕێژیتەوە، چونکە پێویستە هەموو لیژنەیەک پەیڕەوێکی ناوخۆی هەبێت، یان بەخاڵ کارەکانی دیاریی بکرێن، کە ئەوە لە ئێستادا نییە.

## بەرپرسی ڕێکخراوی ئاسوودە بۆ دالّدەدانی ژنان، داوای ڕوونکردنەوە لە پەرلەمان دەكات

# پەرلەمان گوێ بە توندوتیژیی خێزانیی نادات

**بەدواداچوونی: شارا عەبدولڕەحمان**

پرۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانیی، ماوەی ساڵێكە لە پەرلەمان خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، بەڵام تا ئێستا نەخراوەتە بەرنامەی كاری پەرلەمانەوەو چالاكوانێكی بواری داكۆكیكردن لە مافەكانی ژنانیش، پێیوایە: پەرلەمان موماتەڵە بەو پرۆژەیاسایەوە دەكات.

هەردوو لیژنەی بەرگریی لە مافی ئافرەتو كاروباری كۆمەڵایەتیی لە خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستاندا، پرۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانییان ئامادەكردو پێشكەشی پەرلەمانیان كرد، بەڵام ماوەی ساڵێكە ئەو پرۆژەیە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، بەڵام تا ئێستا نەخراوەتە بەرنامەی كارەوە بۆ گفتوگۆكردن لەسەری، ئەمە لەكاتێكدایە كە بڕیاربوو لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵدا، لە پەرلەمان گفتوگۆی لەبارەوە بكرایە.

گەشە دارا، سەرۆكی لیژنەی بەرگریكردن لە مافی ئافرەتان لە پەرلەمانی كوردستان، لەو بارەیەوە بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: لەماوەی ڕابردوودا، وۆركشۆپێكمان بۆ گفتوگۆكردن لەسەر ئەو پرۆژەیە ئەنجامداو لیژنەیەكمان بۆ ئامادەكردنی دوایەمین ڕەشنووسی پرۆژەكە پێكهێناو دوای تەواوبوونی ئەو كارانە، ڕاپۆرتی كۆتایی دەدەینە پەرلەمان، تا بیخاتە بەرنامەی كارەوە.

ئەمە جگە لەوەی كە سەرۆكی ئەو لیژنە پەرلەمانییە، ئاماژەی بەوەشكرد كە بەنیازن پێش ئاراستەكردنی پرۆژەكە بۆ پەرلەمان، كۆنگرەیەكی گشتیی هەموو ژنانی پەرلەمان ساز بكەن، تا پرۆژەیەكی زۆر گشتگیر لەو بارەیەوە ئامادەبكرێت، بەڵام گەشە ئەوەی نەشاردەوە كە پرۆژەكانی تایبەت بەژنان، بەردەوام دوادەكەون لەچاو پرۆژەكانی تر‌داو هەروەك وتی: «لەكۆبوونەوەی



### پێویستە ناتوندوتیژیی بكرێت بە كلتور

سەرۆكایەتیی لیژنەكانیشدا، ئەو ڕەخنەیەم گرتووە كە هەر پرۆژەیاسایەك كە پەیوەندیی بە ژنەوە هەبێت، زیاتر كاتی دەوێت تا ئیستیعاب دەكرێت».

بە وتەی گەشە دارا، یەكێك لەو خاڵانەی كە بووەتە هۆكار بۆ گرنگیدان بە پرۆژەكەو تەنانەت درێژەپێكێشانی پرۆژەكە، مەسەلەی خەتەنەكردنی مێینەیە كە وەك مادەیەك لەپرۆژەیاساكەدا جێگەی كراوەتەوە، وتیشی: «ڕەنگە دژایەتیكردنی ئەو مادەیەی یاساكە لەناو پەرلەماندا هەبێت لە ڕووی كەسێتی، یان لایەنێكی سیاسیی، بەڵام ئێمە وەك لیژنەكەمان، داكۆكیكەری سەرسەختین لەسەر قەدەغەكردنی خەتەنەكردنی مێینە».

بەڵام چالاكوانێكی بواری مافەكانی ژنان، هۆكاری تر لەپشت دواخستنی ئەو پرۆژەیاسایەوە دەبینێتەوەو بەپێویستی دەزانێت كە پەرلەمان ڕوونكردنەوەی پێویست لەسەر ئەو دواخستنە ڕابگەیەنێت.

خانم ڕەحیم، بەرپرسی ڕێكخراوی ئاسوودە بۆ دالدەدانی ژنان، بۆ ڕۆژنامە، وتی: «من دژیەكی دەبینم لەمامەڵەكردن لەگەڵ ئەم پرۆژەیاسایەدا، لەكاتێكدا حكومەتو دەسەڵات لەهەموو بۆنەكاندا دەڵێن، ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگەو پێویستە حكومەت سنووری بۆ دابنێت، بەڵام چارەسەرەكە لەبەردەستی خۆیاندایەو پێموا نییە كە تێپەڕاندنی ئەم یاسایە، كێشە بۆ حكومەتو پەرلەمان دروست بكات، ئەمە جگەلەوەی كە تێپەڕاندنی ئەو یاسایە، خزمەت بە مەسەلە كۆمەڵایەتییەكان دەكاتو ئەو قسەو باسەش لەكۆڵ حكومەت دەكاتەوە كە گوایە گرنگی نادات بە مەسەلەی توندوتیژیی دژی ژنانو كەمبوونەوەی حاڵەتەكان».

بەرپرسی ئەو ڕێكخراوە، جەخت لەوەش دەكاتەوە كە لەڕابردوو و لەئێستاشدا، جۆرێك لە موماتەڵە بەو یاسایەوە دەكرێت لەپەرلەماندا، «ئەگەرنا پێویستە پەرلەمان، ڕوونكردنەوەیەك سەبارەت بە دواكەوتنی دەرچوواندنی یاساكە بۆ ڕای گشتیی بدات».

هەرچەندە بەپێی وتەی سەرۆكی لیژنەی بەرگریی لە مافی ئافرەتان، لە وۆركشۆپی ئەو لیژنە پەرلەمانییەدا كە بۆ پرۆژەیاساكە سازكرا، ڕێكخراوەكانی تایبەت بە ژنان بانگهێشتكرابوونو بیروبۆچوونی ئەوانیش لەوبارەیەوە تایبەت بە یاساكە وەرگیراوە، بەڵام خانم ڕەحیم، ئاماژە بەوەدەكات، كە نە ئاگاداركراونەتەوەو نە داوەتیش كراون «نەك هەربۆ ئەم مەسەلەیە، بەڵكو لە زۆربەی كارەكانی تری لیژنەكەشدا، ڕێكخراوەكەمان بێبەش دەكرێت لە هاوبەشیكردن، لەكاتێكدا ڕێكخراوی ئاسوودە بە هاوبەشی تۆڕی ڕێكخراوەكانی ژنان، یەكێك بووین لەو ڕێكخراوانەی كە لەساڵی (٢٠٠٧)دا پرۆژەیاسایی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانیمان ئامادەكردووە، كە زۆربەی خاڵەكانی ئەم پرۆژەیەی ئێستا هەر ئەو پرۆژەیەی ئێمەیە، بۆیە من پێموایە كە تا ئێستا لەكوردستاندا، ئیشی حكومەتو زۆربەی دامەزراوەكان نەگەیشتووەتە ئاستێكی پرۆفیشناڵی وا كە لەكاتی كۆبوونەوەكاندا، خەڵكانێكی تایبەتمەندو شارەزا لەمەسەلەكاندا بانگ بكرێن».

فۆتۆ: ئینتەرنێت

## چەند سەرچاوەیەكی ئاوی خواردنەوەی هەیە

# خانەقین ئاوی «پیس» دەخواتەوە

**بەدواداچوونی:
گەرمیانی حەمەی پوور**

سەرجەم سەرچاوە ئاوییەكانی خانەقین پیس بوونو بە كەڵكی خواردنەوە نایەن، لەگەڵ ئەوەی ساڵانە ئێرانیش بۆ ماوەی سێ مانگ سەرچاوەی ئاوی ئەڵوەن وشك دەكات.

سەرچاوەكانی ئاوی خواردنەوەی قەزای خانەقین، كە بریتین لە ڕووباری ئەڵوەنو باڵەجۆو ئاوی ژێرزەوی، كە لە ڕێگەی بیری ئیرتیوازییەوە دەردەهێنرێت، پیس بوونو سەرۆكی ئەنجومەنی قەزاكەش داوا دەكات، كە هاوڵاتییان بۆ خواردنەوە ئاوی كانزایی بەكاربهێنن، شارەزایەكی بواری كیمیاش جەخت لەوە دەكاتەوە؛ كە بەكارهێنانی ئاوی ژێرزەوی دەیان مادەی مەترسیداری تێدایەو بۆ خواردنەوە دەست نادات.

خەلیل عەزیز، هاوڵاتییەكی شاری خانەقین بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «كێشەی بێئاویی ماوەی چوار ساڵە بەرۆكی شاری خانەقینی بەرنەداوەو بەرپرسانی شارەكەش هیچ گوێ بە گرفتی هاوڵاتییان نادەن».

ئەو هاوڵاتییە كە لە بەرپرسانی شارەكەی تووڕەبوو، وتی: «ئەم شارە لەدوای سەعات (٢)ەوەوە حكومەتی تێدا نامێنێت، ماوەی چوار ساڵە، حكومەتی ئێران ئاوی ڕووباری ئەڵوەن وشك دەكاتو ئاوی باڵەجۆش لە لایەن بەرپرسانەوە بۆ باخەكانیان لادەدرێتو تا ئەو كێشانەش چارەسەر نەكرێت، گرفتی كەمیی ئاو لە خانەقین چارەسەر ناكرێت».

بە وتەی قایمقامی قەزاكەش؛ كۆماری ئیسلامیی ئێران ساڵانە لە (٦/١ تا ٩/١)ی هەموو ساڵێك ئاوی ڕووباری ئەڵوەن وشك دەكات.

محەمەدی مەلا حەسەن، قایمقامی قەزای خانەقین دانی بەوەدا نا، كە خاوەن باخەكان هەست بە بەرپرسیاریی ناكەنو ئاوی پرۆژەی باڵە دەگرنەوە.

هەروەك سەمیر محەمەد نوور، سەرۆكی ئەنجومەنی قەزای خانەقین بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تەواوی سەرچاوە ئاوییەكانی قەزای خانەقین پیس بوونو بە كەڵكی خواردنەوە نایەن.

سەمیر محەمەد جەختی كردەوە؛ كە بەهۆی وشككردنی لە لایەن كۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، ناتوانرێت سوود لە ئاوی ڕرووباری ئەڵوەن وەربگیرێتو ئێستاش ئاوی ئەو ڕووبارە بە تەواویی پیسەو بە كەڵكی خواردنەوە نایەت.

سەرچاوەی ئاوی باڵەجۆش، كە لە ڕووباری سیروانەوە بە شارەكە دەگەیەنرێت، پیسەو ناتوانرێت كەڵكی لێوەربگیرێت، ئاوی ژێر زەویش كە لە ڕێگەی بیری ئیرتیوازییەوە بە هاوڵاتییان دەدرێت، شیاو نییە بۆ بەكارهێنان.

شارەزایەكی بواری كیمیاش ئاشكرایكرد؛ ئاوی ژێرزەوی لە سنووری خانەقین چەندین مادەی كیمیایی وەك كبریتو فۆسفاتو چەند گیراوەیەكی تری تێدایە، كە بۆ تەندروستی هاوڵاتییان مەترسیدارن.

عەباس عەلی، شارەزا لە بواری كیمیا وتیشی: «خواردنەوەی ئاوی ژێرزەوی لە خانەقین دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشیی مەترسیدارو بێ چارەسەر، كە بە شێوەیەكی لەسەر خۆو كاریگەر نیشانەكانی دەردەكەون».

بۆ چارەسەری كێشەی ئاوی خواردنەوەش، سەرۆكی ئەنجومەنی قەزای خانەقین ئاماژەی بەوە كرد؛ كە بەشێكی زۆر لە هاوڵاتییانی قەزای خانەقین لە ئێستادا ئاوی كانزایی بەكار دەهێنن، بەڵام هەندێك كەس توانای داراییان سنووردارەو ناچارن كە ئەو ئاوەی پێیان دەدرێت بەكاری بهێنن، بەڵام بە هەر شێوەیەك بێت بەكارهێنانی ئاوی كانزایی لە ئێستا بۆ پاراستنی تەندروستی هاوڵاتییانی قەزای خانەقین زۆر پێویستە.



شاری خانەقین پێویستی بە خزمەتگوزارییە

فۆتۆ: ئینتەرنێت

«لیستی سەردەم یەکێتیی مامۆستایان دەگۆڕێت» 16

راڤەی بودجە

# بودجەی پرۆژەکان



عەلی حەمەسالْح

زیانی سەرەکیی کە بە هۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەوە دەکەوێتەوە، خەرجنەکردنی ئەو پارەیەیە کە حکومەت لە چوارچێوەی بودجەی وەبەرهێناندا بۆ پرۆژەکانی تەرخانی دەکات.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە ئەمساڵیشەوە کە هێشتا پتر لە مانگێکی ماوە بۆ تەواوبوون، حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی وەبەرهێنانی بە تەواوی خەرج نەکردووە، واتە هەرگیز حکومەت ئەو پارەیەی بۆ پرۆژەکان خەرج نەکردووە کە پەرلەمان لە یاسایی بودجەدا بڕیاری لێداوەو پەسەندی کردووە.

بۆ ئەوەی بە بەڵگەوە ئەم گوتانەی سەرەوە پشتڕاست بکەمەوە، بودجەی پرۆژەکان لە یەک ساڵدا وەردەگرین‌و شرۆڤەی دەکەین.

ساڵی ڕابردوو، لەنێو یاسای بودجەدا (٢ ترلیۆن‌و ٣٠٣ ملیار) دینار وەک بودجەی وەبەرهێنان لە لایەن پەرلەمانەوە بۆ ئەو ساڵە پەسەند کراو سەرۆکایەتی هەرێمیش کاتێک یاسای بودجەی پەسەند کرد لە مادەی یەکەمی ئەم یاسایدا ئەم ژمارەی وەک خۆی پەسەند کردو لە دانیشتنی ژمارە (١٩)ی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٩/٦/١٦ لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان یاسای بودجەی دەرچوواندو ئەم (٢ ترلیۆن ٣٠٣ ملیار) دینارەی کە تایبەتە بە خەرجیی پرۆژەکان پەسەند کرا، ئەی حکومەت ژمارەی پەسند کراوی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێمی خەرجکرد؟

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی لە بەردەستی منەو تایبەتە بە خەرجی پرۆژەکان لە ساڵی ڕابردوودا، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (٢٠٠٩/١/١)ەوە تاوەکو ٢٠٠٩/١٢/٣١ (ترلیۆنێک‌و ٥٩٩ ملیار) دیناری خەرجکردووە، واتە (٧٠٤ ملیار) دینار، کە (٥٨٦ ملیۆن) دینار دەکات خەرجی نەکردووە.

خەرج نەکردنی ئەم پارەیە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، چەند لایەنێکی یاسایی‌و ئابووری هەیە، حکومەت بە خەرج نەکردنی ئەو پارەیە یاسای ژمارە (٨) ساڵی (٢٠٠٩)ی پێشێلکردووە، کە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانە بۆ ئەو ساڵە، بە خەرج نەکردنی ئەم پارەیە دەیان پرۆژەی خزمەتگوزاریی نەکراوە کە دەبوو لە ساڵی ڕابردوودا بکرێت‌و پەرلەمان پارەی بۆ تەرخان کردبوو.

ئایا (٥٨٦ ملیۆن) دۆلار کە دەبوو لە پرۆژەکانی دروستکردنی قوتابخانەو نەخۆشخانەو ڕێگەوباندا خەرجکرابایەو خەرج نەکرا؟، بڕە پارەیەکی ئەوەندە کەمە کە لێی بێدەنگبین‌و بە ئاسانیی تێپەڕبێت وەک زۆر شتی دیکە؟، دەکرێت لە حکومەت نەپرسین ئەم پارە بۆ خەرج نەکرا؟ بەم پارەیە کە خەرج نەکراو تاوەکو ئێستا نازانین چی بەسەرهات‌و دەکرا چی شتێک بکرێت؟

ئەم پارە کێشەی ئاوڕۆی قورسی هەموو هەولێر بە شێوەیەکی درێژخایەن چارەسەر دەکرد، (٤٤٠) قوتابخانەی (١٨) پۆلی سەردەمانەی پێی دروستدەکرا، (٣٥١) یاریگەی گەورەی پێ دروستدەکرا، هەر بەم پارە (٥٢) نەخۆشخانەی گشتیی (٢٠٠) قەرەوێڵەیی پێ دروستدەکرا.

ئایا دەکرێت ئێمە نەزانین پارەی (٥٢) نەخۆشخانەی (٢٠٠) قەرەوێڵەیی بۆچی مەبەستێک خەرجکراوە؟ دەکرێت پرسیار لە هیچ بەرپرسێکی حکومەت نەکرێت کە پارەی دروستکردنی (٤٤٠) قوتابخانەی (١٨) پۆلی چی بەسەرهات‌و بۆ کێ، یان چی خەرجکرا؟ ئەوەی ساڵی ڕابردوو ڕوویداوە بە دڵنیاییەوە لە ساڵانی پێشووتریشدا هەیەو ئەم ساڵیش ئاماژەیەکی ڕوون هەیە بۆ ئەوەی کە حکومەت سەرجەمی ئەو پارانە خەرج نەکات، کە بۆ پرۆژەکان تەرخان کراوە، خەرج نەکردنی بودجەی پرۆژەکان زیانی گەورە دەدات بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بە هاوڵاتییان‌و پێشکەوتنی لایەنە ژیارییەکان لە کوردستاندا.

هەرچەندە هیچ بەڵگەو وەڵامێکی ڕوون نییە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین پارەی پرۆژەکان کە خەرج نەکراوە بۆ کوێ گوازراوەتەوە، بەڵام ئەمە ئەوەش ناگەیەنێت بە دوواداچوونم بۆ نەکردبێت، دوو ئەگەری زۆر بەهێز هەیە کە پارەی پرۆژەکان بۆ دوو شتی دیکە خەرج کرابێت، یان ئەوەتا ئەم پارەیە بە حیزبەکان درابێت، چونکە لە چوارچێوەی خەرجییەکانی ساڵی ڕابردوودا ئاماژە بە هیچ پارەیەک نەدراوە کە درابێتە حیزبەکان، ئەی کەواتە لە کوێوە ئەو بودجە گەورەیە بۆ حیزبەکان تەرخان کرا؟ یاخود ئەم پارەیە گوزراوەتەوە بۆ خەرجی بەکاربردن‌و بە شێوەی زیادەڕەویی لەوێ خەرجکراوە، چونکە زیادەڕەوییەکی زۆر لە خەرجی بەکاربردندا کراوەو لە (ئایندەدا قەسەی لەسەر دەکەین)، بەڵام ئەوەی گرنگەو مەبەستی ئەم نووسینەیە (٥٨٦ ملیار) دیناری پرۆژەکانی ساڵی ڕابردوو خەرج نەکراوە، بۆ هەرشتێکی دیکە لەدەرەوەی پرۆژەی وەبەرهێنانی تایبەت بە وەزارەتەکان خەرجکرابێت کارێکی نایاساییەو لەدەرەوەی خزمەتکردنە بە بووژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی ئابووری‌و پێشکەوتنی کەرتی خزمەتگوزاریی لە کوردستانداو پێویستە داوای ڕوونکردنەوە لە سەرۆکی حکومەت‌و بەرپرسانی دارایی هەرێمی کوردستان بکرێت، چونکە ئەم پرسە هیچی لە پرسی داهاتی دەرهێنانی نەوت‌و شیرینی گرێبەستە نەوتییەکان کەمتر نییە، ئەگەر ئەو داهاتانەی تایبەتە بە نەوت لە ژمارەکەیان دڵنیا نەبین، ئەوا لەم ژمارەیە دڵنیاین کە لە بودجەدا پەسەندکراوەو لە حکومەتی ناوەندەوە لە چوارچێوەی پشکی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، بەڵام نەزانراوە چی بەسەر هاتووە، ئەی کەواتە بۆ بێدەنگبین لە ئاستی.

## «تائێستا لە کوردستاندا قەرزی بچووک نەدراوە»

# گەنجان بەدوای قەرزدا دەگەڕێن

ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان




دوای دەرچوون، گەنجان وێڵ دەبن
فۆتۆ: ئەرشیف

تائێستا لە کوردستاندا پرۆژەی قەرزی بچووک بۆ گەنجان کاری پێنەکراوە، کە داواکاریی زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە، هاوکات هەرێمی کوردستان لەو پرۆژەیەی حکومەتی ناوەندیش بێبەشە کە لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە کاری پێ دەکرێت.

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی ناوەندی زیاتر لە (٩٠,٠٠٠) قەرزی داوە بە خەلکی بێکار، وەک بەشێک لە بەرنامەیەکی ساڵی (٢٠٠٧) بۆ نەهێشتنی بێکاریی، کە بەرنامەکە لە لایەن خەزێنەی دەولەتەوە بودجەکەی بۆ دابین دەکرێت‌و تائێستا زیاتر لە (٦٤٢) ملیۆن دۆلاری بە قەرز داوەتە بێکاران لە هەموو پارێزگاکانی عێراق، جگە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، قەرزەکەش بەپێی وتەی بەڕێوەبەری بەشی پلاندانان لە بەڕێوەبەرێتی مەشقی پیشەیی سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بەغدا، ئەو خەلکانە هەموویان خەلکی بێکارن لە پۆلێنی ئاوارەو کەمئەندام، لەگەڵ دەرچووی زانکۆ کە پرۆژەی بچووکیان پێشکەش بە وەزارەت کردووە بۆ یارمەتی دارایی.

عەباس ئەکرەم، وتەبێژی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم جەختی لەوە کردەوە؛ کە تائێستا لە کوردستاندا قەرزی بچووک نەدراوە بە بێکاران، یان گەنجانی بێکار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەک، بەڵام سەبارەت بە بوونی پرۆژەیەکی هاوشێوەی پرۆژەکەی بەغدا، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «وەزارەتەکەمان ئێستا لە بەرنامەیدایە کە سندووقی پاڵپشتی گەنجان دابمەزرێنێت، کە ئێستا ئەوە پرۆژەیەکەو لە وەزارەت کاری لەسەر دەکرێت، دوای تەواوبوون دەنێردرێتە لای حکومەت، بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت، کە بڕوام وایە ئەوە ببێتە هاوکارو پاڵپشتێکی جدیی بۆ گەنجان، تا بتوانن پرۆژەی بچووکی پێ بە ئەنجام بگەیەنن.

هاوکات لە دوو مانگی ڕابردوودا پرۆژەیەکی تر لە ئەنجومەنی وەزیران بە ناوی (کار بۆ هەمووان) پەسەند کرا، کە حکومەت لەو ڕێگەیەوە قەرز دەداتە ئەو کەسانەی کە توانای مادییان نییەو دەیانەوێت بە پاڵپشتی مادیی حکومەت پرۆژەیەک بە ئەنجام بگەیەنن، مەرجی بەشداربوون لەو پرۆژەیەشدا ئەوەیە، کەسەکە گەنج‌و بێکاربێت‌و بە هیچ جۆرێک فەرمانبەری حکومەت نەبێت، بەڵام ئەویش هێشتا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەربۆیە لە ئێستادا بۆشاییەکی بێکاریی لە کوردستاندا دروست بووەو هەلسوڕاوانی ئەو بوارە، بارەکە بە مەترسیی دەزانن بۆ ئایندەی گەنجانی ئەم وڵاتە.

سوارە کاوە، جێگری سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتیی خاوەنکارانی کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئێمە چەند جارێک داوامان کردووە، کە پرۆژەی پێدانی قەرز بە بێکاران پەلەی لێبکرێت، چونکە ئاشکرایە کە بێکارییەکی زۆر لە کوردستاندا پەیدا بووە، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەمانی چینی ناوەندو کاری ناوەندو ئێستا ئەو کەسانەی کە لە ئاستی بژێویی زۆر بەرزدان، کاری باشیان هەیە، بەڵام ئەوانەی کە لە ئاستی مامناوەند، یان ژێر ئەو ئاستەن، بێکارن.

لە هەر سێ ناوچە پیشەسازییەکەی سلێمانی، نزیکەی (٦٠٠٠) کارگەی جۆراوجۆر بوونیان هەیە، بەڵام تەنیا نزیکەی (٢٠٠) کارگە کار دەکات‌و ئەوانی تر دراون بەکرێ بۆ کاری تر، ئەمەش بووەتە هۆی بێبەشبوونی ژمارەیەکی زۆری گەنجان لە کارکردن لەو کارگانەدا.

بەو هۆیەشەوە جێگری سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتیی خاوەنکاران، ئاماژە بەوە دەکات؛ کە حکومەتی هەرێم هیچ پشتگیرییەکی بۆ مەسەلەی هاوکاریی لە بواری پیشەسازیی‌و بازرگانیی‌و کشتوکاڵیدا نییە، «لە کاتێکدا زۆر پێویستە حکومەت لە چەند ڕێگەیەکەوە هەولی چارەسەرکردنی بێکاریی بدات».

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕایگەیاند: زیاتر لە (١٠٠٠٠) دەرچووی ئامادەیی لە هیچ زانکۆو پەیمانگەیەک وەرنەگیراون، بەمەش ڕێژەی بێکاران تەنیا لەو چینەی گەنجان ژمارەیەکی زۆرەو پێویستە حکومەت ڕێگەچارەی گونجاو بگرێتە بەر، جگە لەوەی چەندین گەنجی دیکە بە هۆی تەواو نەکردنی خوێندن، یان نەبوونی هەلی کارەوە، بێکارن.

## شارەکە داوای ئوتێل‌و مۆتێل دەکات

# پێنجوێن میوان ڕاناگرێت

بەدواداچوونی: خالید مەحمود

تائێستا پێنجوێن هیچ میوانخانەیەکی لێ نییەو بەهۆی هاوسنووریی لەگەڵ ئێراندا، بوونی میوانخانەو ئوتێلی گەشتیاریی بە پێویستییەکی گرنگی قەزاکە دەزانرێت.

بەهۆی پێگەی جوگرافیی ناوچەکەوە، ڕۆژانە میوان‌و ڕێبوارێکی زۆر سەردانی پێنجوێن دەکەن، بەڵام تائێستا هیچ میوانخانەیەکی تێدا دروستنەکراوە، ئەوەش گرفتی زۆری بۆ گەشتیاران‌و ڕێبواران‌و بازرگانانی ناوچەکە دروستکردووە.

بەڕێوەبەری گشتیی گەشتوگوزاریش باس لەوە دەکات؛ کە جگە لە ئوتێلی (بلکیان)ی گەشتیاریی ئوتێلی تێدانییەو لەبەر دووریی‌و نەشیاویی شوێنەکەی، گەشتیار ڕوو لەو ئوتێلەش ناکات‌و کەس ئامادەنییە وەریبگرێت.

عەلی عەبدولڕەحمان سەعیدی، (٣٥) ساڵ، کاتژمێر (٨)ی شەو لەبەردەم گەراجی (باشماخ-پێنجوێن) چاوەڕوانی ئوتومبێل بوو، تا بچێتەوە بۆ سەر مەرزو لەوێشەوە بگەڕێتەوە بۆ ئێران وتی: «بەهۆی نەبوونی شوێنی مانەوە لە قەزاکە ڕێبوارو بازرگانان ناچارن بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی، یان بۆ ئێران، یان لە مزگەوت، یان لەناو ئۆتۆمبێلدا بمێننەوە، چونکە «موسافیرخانەی» لێ نییە».

ئیدریس ئەحمەد، تەمەن (٢٣) ساڵ، دانیشتووی هەورامانی خۆرهەڵاتی کوردستانەو وەک وەستای کاشی هاتووەتە کوردستان بۆ کارکردن‌و هاوسەفەری عەلی بوو، وتی: «نەبوونی ئوتێل گرفتی سەرەکیمانە، کە ناچار دەبین شەویش بێت بگەڕێینەوە بۆ ئێران، یان گەر لە ئێرانەوە بێینە پێنجوێن شەویش بێت ئۆتۆمبێل بگرین، کە زۆرجار شۆفێر کە دەزانن کەس لێیان ناپرسێتەوەو ئێمەش ناچارین بۆ سلێمانی بڕۆین، بە ویستی خۆیان نرخ دادەنێن‌و نەفەر دەبەن، گەر نەشڕۆین نازانین لە کوێ بمێنینەوە».

نەبوونی میوانخانە لەو قەزایەدا دانیشتووانی قەزاکەیشی نیگەران کردووە، بەهۆی ئەوەی ڕێبوارێکی زۆر ڕوو لە ناوچەکەیان دەکات‌و بەشێک لە دووکاندارو فرۆشیارانیش پێیانوایە؛ میوانخانە پێویستە بۆ قەزاکەیان‌و دەشبێتە هۆی زیادبوونی ئیش‌و کار لە ناوچەکەیاندا.

ئەو کەسانەی کە سەردانی پێنجوێن دەکەن، ناچار بە مانەوە دەبن تیایدا، چەند جۆرێکن؛ ئەو کەسانەی کە بە مەبەستی کاری بازرگانیی دەچن، یان لەدەرەوەی وڵاتەوە دەگەڕێنەوە، یان بۆ ئێران دەڕۆن‌و بەو ناوچەیەدا تێپەڕ دەبن، یان ئەو کەسانەی بۆ مەبەستی گەشتیاریی دێنە هەرێمی کوردستان.

ئازاد عەبدوڵڵا، سەرۆکی شارەوانیی پێنجوێن ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ئاشکرا کرد؛ تائێستا تەنیا دوو کەس بە مەبەستی دروستکردنی ئوتێل سەردانیان کردوون، وتیشی: «هەر کەسێک بیەوێت کارێک بکات بە مەبەستی جوانکردنی سیمای شارەکەو پڕکردنەوەی هەر کەلێنێک، وەک دروستکردنی ئوتێل، ئامادەین هاوکارییان بکەین لە دابینکردنی زەویدا».

لە سنووری قەزای پێنجوێن تەنیا یەک ئوتێلی گەشتیاریی هەیە بە ناوی (بلیکان)، بەڵام بە هۆی دووریی‌و چۆلی ناوچەکەی کەس ئامادە نییە وەریبگرێت، یان لێی بمێنێتەوە.

یاسین فەقێ سەعید، بەڕێوەبەری گشتیی گەشتوگوزاری سلێمانی بە ڕۆژنامەی وت: «تەنیا ئوتێلێک هەیە، کە هی گەشتوگوزارە چەند جار ئیعلانمان بۆ کردووە، بەڵام لەبەر دووریی شوێنەکەی کەس وەریناگرێت»، بوونی میوانخانەی بە پێویستییەکی گرنگی قەزاکە زانی، بەهۆی بوونی مەرزو هاوسنووریی ناوچەکەوە.

وتیشی: «ئەوەندەی من بزانم کەس ئوتێل‌و میوانخانەی دروستنەکردووەو لە بەرنامەی ئێمەشدا نییە، کە دروستی بکەین، بەم نزیکانە تا ماستەرپلانی بۆ نەکەین، تاکە ئوتێلیش بلیکانە، بەڵام بە هۆی دووریی‌و پێچاوپێچی ڕێگەکەی‌و چۆلیی دەوروبەری، کەس ئامادە نییە وەریبگرێت».



قەزای پێنجوێن بێ میوانخانە
فۆتۆ: خالید

## لە بارەی چۆنێتی ڕێکخستن‌و چالاککردنی سیستمی تەندروستی

# تەندروستی گۆڕانی دەوێت




کەرتی تەندروستی لە هەموو کەرتەکانی تر زیاتر پێویستی بە چاکسازییە

فۆتۆ: بەهادین یوسف

هاشم غەمگین

ئەو سیستمی تەندروستییەی هەنووکە لە هەرێمی کوردستاندا پیادە دەکرێت، ناڕێک‌و بیسەروبەرەیی پێوەدیارەو ئەکتیڤ نییە، هاوڵاتییان زۆر لێی نارازیی‌و نیگەرانن، قورسایی‌و کاریگەریی خراپی لەسەر بژێویی ژیانی خەڵک دروستکردووە، وەزارەتی تەندروستی‌و پسپۆڕانی بواری تەندروستیش گەواهی بۆ خراپیی‌و دواکەتوویی ئەم سیستمە دەدەن، بۆیە لە ئێستادا باس‌و بیر لە چالاککردنی دەکرێتەوە.

### چۆن سیستمی تەندروستی ڕێکبخرێت؟

یەکەم هەنگاو کە گرنگە، سەرەتا وەزارەتی تەندروستی بۆ ڕێکخستن‌و چالاککردنی سیستمی تەندروستی بە عەمەلیی هەنگاوی بۆ بهاوێت، ئەوەیە:

یەکەم: پێویستە هەر تاکێک لەم هەرێمەدا دۆسیەی تەندروستی لە نەخۆشخانەی شوێنی نیشتەجێبوون‌و لەلای پزیشکی تایبەتی خۆی هەبێت‌و بە دروستی لە کۆمپیوتەری دامەزراوە تەندروستییەکاندا تۆمار کرابێت.

دیارە ڕێکخستن‌و ئەنجامدانی ئەم کارەش بە دەستپێکردنی جەولەی مەیدانیی‌و هەڵمەتی ڕاگەیاندن دەبێت، بە شێوەیەک هەر تاکێک فۆڕمی زانیاریی تەندروستی بۆ پڕ بکرێتەوەو تیایدا ناو و ئەدرەس‌و کێش‌و باڵاو باری بژێویی‌و پیشەو نەخۆشییەکانی تۆمار بکرێت.

لەلایەکی تریشەوە، ئەم کارە هاوکار دەبێت بۆ پەیڕەوکردنی دڵنیایی تەندروستیی‌و بە ئاگابوون لە نەخۆشییەکانی هاوڵاتییان.

دووەم: پێویستە بۆ هەر گەڕەکێک بنکەیەکی تەندروستی بچووک هەبێت، تیایدا پزیشکێکی شارەزاو ڕاهێنراو لە جۆرێتی نەخۆشییەکان بۆ پێدانی ڕێنمایی‌و چارەسەرو کارمەندێکی تەندروستی بۆ ڕاییکردن‌و ڕێکخستنی کارەکانی نەخۆش‌و دوو کارمەندی دیکەش بۆ بواری پشکنین‌و تاقیگە هەبێت.

بەگشتیی سوودی پەیڕەوکردنی ئەم کارە ئەوەیە؛ کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ کەمکردنەوەی گوشارو قەرەباڵغی هاوڵاتییان لەسەر نەخۆشخانە گشتییەکان، چونکە دەبینرێت زۆرجار هاوڵاتیی بۆ نەخۆشییەکی ئاسایی ڕوو دەکاتە نەخۆشخانە گشتییەکان، ئەمەش وا دەکات ئەو هاوڵاتییانەی نەخۆشیی قورس‌و گرانیان هەیە، کەڵک لە بینین‌و ڕێنمایی پزیشک وەرنەگرن.

سێیەم: سوودێکی تری ئەم کارە ئەوەیە، هەر گەڕەکێک پزیشکی تایبەتی خۆیی دەبێت، دیارە ئەم کارەش لە کاتێکدا سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەر بێت‌و ئەو پزیشکانە بتوانن ڕۆژانە لە گەڕەکەکاندا هەشت کاتژمێر چالاکانەو بە گەرمیی پێشوازیی لە نەخۆش بکەن، جا بۆ ئەوەی پزیشکانی ڕاهێنراویش بەو شێوازی کارکردنە پابەندو قایلبن‌و بژێویی‌و گوزەرانیان باش بێت، پێویستە وەزارەتی تەندروستی مووچەو دەرماڵەیان بۆ باش‌و زیاد بکات، نەک لەسەر گیرفان‌و ئەرکی خەڵکی بێت.

### نەخۆشخانە گشتییەکان

لە نەخۆشخانە گشتییەکاندا وەکو پێویست گرنگیی بە خزمەتکردنی نەخۆش نادرێت، لە هەمانکاتدا کاروباری پزیشک‌و نەخۆش بە یاسایی ڕێک نەخراوەو بێ سەروبەریی دەبینرێت‌و تەماشای هەر ژوورێک دەکەیت لەشکرێک خەڵک لە بەردەمی ڕاوەستاون، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەش:

* ئەو پزیشکانەی پسپۆڕو ڕاوێژکارن، کارو وەزیفەیان لە نەخۆشخانە گشتییەکاندا جێگیر بێت‌و وەزارەتی تەندروستی مووچەو دەرماڵەیان بە شێوەیەک زیاد بکات بیر لە کارکردن لە شوێنی دیکە نەکەنەوە.

* هەر پزیشکێک بەپێی پسپۆڕیی لە جۆری نەخۆشییەکان، ژووری تایبەت بە خۆی‌و ژووری پشکنین‌و تاقیگەو ژووری پێشوازیی بۆ پشوودان‌و حەوانەوەی نەخۆش‌و دوو کارمەند بۆ ڕاییکردن‌و ڕێکحستنی کارەکانی نەخۆش‌و پزیشک هەبێت.

* هەر نەخۆشێک کاتی نۆرەی چوونە ژوورەوەی دێت، پێویستە پزیشک خۆی بێتە پرسگەو بەڕێزەوە پێشوازیی لە نەخۆش بکات.

* کاتێک نەخۆش دەچێتە لای پزیشک دەبێت دۆسیەکەی لەبەردەستیدا بێت‌و بۆ ئاگاداربوون کات‌و ڕۆژی سەردان‌و نەخۆشییەکان‌و ئەو چارەسەرانەی بۆی دەبڕدرێتەوە، لە دۆسیەکەیدا تۆماری بکات.

* بۆ باشتر ئەنجامدانی کاروباری نەخۆش، پێویستە هەماهەنگیی‌و تەنسیق لەنێوان بنکەی تەندروستی گەڕەکەکان‌و نەخۆشخانە گشتییەکاندا بە هێزو پتەو بێت.

* پێویستە هەر هاوڵاتییەک ناسنامەی نەخۆشخانەی گشتیی هەبێت‌و تیایدا ناوو تەمەن‌و ناونیشان بە دروستیی تۆماربکرێت.

* پێویستە نەخۆشخانە گشتییەکان چێشتخانەو ژووری داخراوی تێدا بێت بۆ جگەرەکێشان.

* بۆ ئەوەی قەرەباڵغیی ئۆتۆمبیل لەپێشی نەخۆشخانەکاندا دروست نەبێت، پێوێستە نەخۆشخانەکان پارکی وەستانی ئۆتۆمبێلی تێدابێت‌و هاتنەژوورەوەی ئۆتۆمبێل بە کات‌و پارە بێت، بۆئەوەی میوان زۆر نەمێننەوەو قەرەباڵغیی دروست نەبێت.

### پاراستنی نهێنیی نەخۆش

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا زۆر بایەخ بە پاراستنی نهێنیی نەخۆشیی مرۆڤ دەدرێت، بە جۆرێک بەبێ ڕەزامەندیی‌و واژووی هاوڵاتیی خۆی نەبێت، پزیشک ناتوانێت زانیاریی نەخۆشیی بە هیچ کەس‌و لایەنێک بدات، بەڵام دەبینرێت لای ئێمە بە تایبەتی لە نەخۆشخانە گشتییەکاندا، دە کەس لە ژووری پزیشک دانیشتوون، دەبێت یەک بەیەکیان لەبەرچاوی ئەوانی دیکە نەخۆشییەکانی بۆ پزیشک بگێڕێتەوە، من بۆ خۆم لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی پار لە یەکێک لە نەخۆشخانەکاندا دووچاری ئەم دۆخە بووم، ئەو خەڵکانەم دەبینی دانیشتبوون نەمدەزانی چۆن نەخۆشییەکەم بۆ پزیشک بەیان بکەم، ئەمەش کارێکی نایاساییەو پێشێلکردنی مافی نەخۆشەو پێویستە چارەسەر بکرێت.

### دڵنیایی تەندروستی

پەیڕەوکردنی سیستمی دڵنیایی تەندروستی، سەرکەوتنی پیادەکردنی پەیوەندیی ڕاستەخۆی بە هوشیاریی‌و ئامادەگیی‌و پابەندبوونی خەڵکەوە هەیە، ئەوەی لەو بارەیەوە زانیاریم هەبێت، بۆ چۆنێتی پەیڕەوکردن‌و سوودەکانی دڵنیایی تەندروستی بەو شێوەیە.

– جیاوازیی چینایەتی نامێنێت‌و هەموو نەخۆشێک بە یەک چاو تەماشا دەکرێت .

– سەرجەم ئەو کارو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش بە نەخۆش دەکرێت، بێ بەرامبەر دەبێت.

– ئەو بڕەی مانگانە بۆ پێدانی دڵنیایی تەندروستی دیاریی دەکرێت، دەبێت هەر تاکێکی ئەم وڵاتە وەک یەک بەبێ جیاوازیی بە پێدانی پابەند بن.

– پەیڕەوکردنی دڵنیایی تەندروستی دەبێت هەر تاکێک ژمارەی ژمێریاریی‌و کارتی بانکیی خۆیی هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو کۆمپانیایەی دیاریی دەکرێت‌و هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی پارەکان، بتوانن بە ئاسانیی مانگانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە حسابی بانکییەکانیان بڕی پارەی دیاریکراو ببڕن.

– لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەوانەی بێکارن‌و لە ماڵەوەن، لە هیچ دەزگایەکی حکومیی، یان کۆمپانیاو کارگەیەکی ئەهلیی کار ناکەن، حکومەت سۆشیال‌و بیمەی تەندروستییان بۆ دەدات، بۆیە هەقە لای خۆشمان دەزگایەک بۆ ئەو مەبەستە هەبێت.

– هەر هاوڵاتییەک ناسنامەی گرەنتی تەندروستی خۆیی دەبێت .

### نەخۆشخانەی قەزاکان

لە ئێستادا ڕێژەی دانیشتووانی قەزاکان لە فروانبوون‌و هەڵکشاندایەو جێگەی سەرنجە، زۆر لە قەزاو ناحیەکان لە نەخۆشخانەی گەورەو فراوان‌و خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی بێبەشن‌و سیستمی تەندروستی‌و کەرەستەو ئامێرو پێداویستییەکان تیایدا لاوازەو لە پزیشکی پسپۆڕو ڕاوێژکار بێبەشن، بۆیە دەبینین‌و دەبیستین زۆێک لە هاوڵاتییان بە ناچاریی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی‌و ئەنجامدانی نەشتەرگەریی ڕوو لە دیدەنگەی تایبەتی پزیشکان‌و نەخۆشخانەی شارەکان دەکەن، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەزیەت‌و مەسرەف لەسەر شانی هاوڵاتییان‌و لە هەمانکاتدا دروستبوونی قەرەباڵغی لەسەر نەخۆشخانەی شارەکان، بۆیە پێویستە وەزارەتی تەندروستی بایەخ بە فراوانکردن‌و چالاککردنی نەخۆشخانەکانی قەزاو ناحیەکان بدات‌و پزیشک‌و ئامێرو کەرەستەی پێویستیان بۆ دابین بکات.

### دەرمانخانەکان

**سەبارەت بە دەرمانخانەکان چەند تێبینییەک دەخەینە ڕوو**

یەکەم: بەپێی یاسا نابێت هیچ دەرمانخانەیەک بەبێ پشکنین‌و پسووڵەی پزیشک عیلاج بدات بە نەخۆش، بەڵام لە زۆر شوێن دەبینرێت دەرمانخانەکان ڕۆڵی پزیشک دەبینن لە گوێگرتن لە نەخۆش‌و لە پێدانی ڕێنمایی‌و چارەسەر، ئەی کەوابوو کارو ڕۆڵی سەندیکای دەرمانسازان‌و پزیشکان لەم وڵاتەدا چییە، بۆ لەم کارە نایاساییانە ناپێچنەوە؟!

دووەم: لەم ڕۆژانەدا هاوڕێیەکم پێیوتم: هەرکاتێک دەڕۆیت بۆ نەخۆشخانە گشتییەکان، پزیشک بە پێدانی پارچە حەبێک بەڕێت دەکات، بەڵام کاتێک دەچیتە نۆرینگەکەی یەک عەلاگە حەب‌و دەرزیی‌و دەرمانت بۆ دەبڕێتەوە، دەبێت چ نهێنییەک لەم کارەدا هەبێت؟ من تێناگەم.

سێیەم: سەبارەت بە جیاوازیی نرخ لە دەرمانخانەیەک بۆ دەرمانخانەیەکی تر، هاوڵاتییان گلەیی‌و گازندەیان زۆرەو پێیانوایە؛ فیێڵیان لێ دەکرێت، لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لە دەرمانخانەکان هەر دەرمانێک لەزگەی سەندیکای لێدراوە نرخی دەرمانەکان دیاریکراوەو لەسەرێتی، بەڵام لە کوردستان هەر دەرمانخانەیەک بە حەزو ئارەزووی خۆی نرخ بۆ فرۆشتنی دەرمانەکان دیاریی دەکات، بێئەوەی کەسێک هەبێت لێیان بپێچێتەوەو بپرسێت ئەمە بۆ؟!

چوارەم: دەبینرێت زۆربەی دەرمانخانەکان لە سەنتەری بازاڕدا جێگیرکراون، ئەمەش نایاساییە، دەبوو بەپێی ئاستی دانیشتووان بەسەر ناوچەو گەڕەکەکاندا دابەشبوونایە، نەک لە شوێنێکدا چەقببەستن‌و کۆببنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی بیناو قەبارەو پێداویستیی‌و تایبەتمەندییەکانی پیشەی کاری دەرمانسازیی، کەموکوڕییان زۆرەو بە شێوەیەکی نایاسایی کار دەکەن، بۆیە پێویستە وەزارەتی تەندروستیی‌و سەندیکاکان‌و ڕێکخراوەکانی پزیشکی بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتییان هیممەت بکەن بۆ جێگیرکردنی نرخی دەرمان‌و ریکخستنەوەو بە یاساییکردنی کاروباری دەرمانخانەکان.

«ئەو پرۆژانەی جێبەجێکراون وشکەکەڵەکن، نەک ئاوەدانکردنەوە» 18

# بەبۆنەی هەڵبژاردنی مامۆستایانەوە

م.داهێن هاشم

لە بنەما هەرە دیارو گرنگەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی، فرەیی جۆرو چالاکیی ڕێکخراوەکانی گرووپە بەرژەوەندیخوازو پیشەیی‌و کۆمەڵایەتییەکانە، کە فاکتەری گەشەپێدانی چالاکییە مرۆییەکانن‌و دواتر وەک (سەرمایەی کۆمەڵایەتیی) لە سیستمی وڵاتدا پێناسە دەکرێن.

پێوەری دیاریکردنی جۆری کۆمەڵگاو سیستمی سیاسیی، لەڕووی گەشەکردن‌و دواکەوتنەوە بەندە بە ئەکتیڤبوونی ژیانی ڕێکخراوەیی، بەشداری سیاسیی تاک، لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، زەمینەی گەشەکردنی کۆمەڵی مەدەنیش پەیوەستە بە بەرقەراربوونی سیستمی دیموکراسی‌و پابەندبوون بە بنەماکانی، کە بێگومان دوو چەمکی بەیەکەوە بەستراون‌و پەیوەندییەکی لۆژیکی لەنێوانیاندا هەیە.

لە هاوکێشەی بونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنیدا، هەردوو جەمسەری خەڵک‌و دەسەڵات بەپێی جیاوازیی سیستمی حکومڕانیی‌و هۆشیاری سیاسیی ڕۆڵی پڕ بەهایان دەبێت، لە سیستمە دیموکراسییەکاندا گرووپەکانی فشار (ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی) دەنگو خواستەکانیان وەک یاسا دەسەلمێنن‌و دەتوانن چالاکانەتر نوێنەرایەتی تاکی ناو ڕێکخراوەکانیان بکەن، بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵگای نادیموکراسیدا بەبێ گوێدانە ڕۆڵی ئەم گرووپانە دەسەڵاتی سیاسیی یاساکان دەسەپێنێت، بەومانایەی لە سیستمی دیموکراسیدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەوڵەتی نوێ بونیاد دەنێن، بەڵام لە حکومڕانی نادیموکراسیدا، دەسەڵات دەیەوێت بە یاسایی دڵخوازی خۆی کۆمەڵگای مەدەنی بونیاد بنێت، ئەگەر هاوکێشەیەکی لەم جۆرە لەگەڵ حکومڕانی کوردی‌و ژیانی ڕێکخراوەیی‌و ڕۆڵی سەندیکاکانی پیشەیی لە کۆمەڵی کوردەواریدا بەراورد بکەین، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی لە ماوەی دەسەڵاتی خۆماڵیدا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەهۆی هەلومەرجی سیاسیی، شەڕی ناوخۆ، مەترسییە دەرەکییەکان.... هتد بواری ئازادیی هەڵسوڕانیان، سەربەخۆیی بڕیاریان نەڕەخساوە، بەشی هەرە زۆریان هێشتا (تای) حزبیبوون کاریگەریی بەسەریانەوە ماوە گرووپی زۆر بچووکی ملکەچی حزبە دەسەڵاتدارەکان سودمەندی گەورەیی ئەم جۆرە ڕێکخراوانەن هەندێ جارو لە هەندێ ڕێکخراودا (تاکی) بێباوەڕ تاکە سوودمەندی ڕێکخراوەکەیەتی، بەشی زۆریان لە بەرنامەکانیاندا بڕوابوونیان بەدیموکراسی جەخت دەکەنەوە، کەچی ١٨ ساڵە بچووکترین هەڵبژاردنیان نەکردووە، ئەم گرووپ‌و سەندیکا تەقلیدییانە کەهی سەردەمی حزبی (شمولین) نەک پارێزەری مافی چین‌و توێژەکانیان نین بەڵکو پاسەوانی بە وەفای دەسەڵاتی (باو) دەکەن، لە بەرامبەردا ئەگەر حاڵی ڕێکخراوەکان بەمجۆرە بێت، پێویست بوو دەسەڵاتی یاسایی خۆی ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، لایەنی کەم یاسای کاری ڕێکخراوەیی، بودجەی ڕێکخراوەکان، چاودێری چالاکی‌و بواری داراییان چاودێریی بکات، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم دەسەڵاتە هێشتا خۆی لە بەرگی کۆنەکاری داماڵیوە؟ بۆیە ئومێدێک ئێستا بۆ زیندووکردنەوەی ژیانی ڕێکخراوەیی‌و گەشەپێدانی کۆمەڵگای مەدەنی هەبێت، بیستنی دەنگی ناڕازیبوون‌و هاتنەئارای ململانێکانە لە بیناو پێشخستنی ڕۆڵی سەندیکاکانداو گواستنەوەی بۆ قۆناغی نوێ، کە قۆناغی سەربەستی لە هەڵبژاردن‌و ڕێزگرتنە لە ئیرادەی تاک، ئازادیی لە دەربڕین بەبێ نانبڕین‌و تەگەرە دانان فشار خستنە سەر خەڵکی بەهۆی بەکارهێنانی دەسەڵاتە ئیدارییەکان.

لەم ڕۆژانەدا، مامۆستایانی کوردستان وەک کاریگەرترین توێژی کۆمەڵایەتی بۆ یەکەم جار لەمێژووی مامۆستایی کورددا، دەچنە بەردەم هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان، بۆ ئەوەی سەندیکایەکی کاریگەرو پارێزەر لە مافەکانیان هەڵبژێرن، بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەندیکا لە ڕۆڵی لق‌و مەڵبەندەوە بگۆڕن بۆ سەندیکایەک بەبێ جیاوازیکردنی بیروباوەڕی سیاسیی، پابەندبوون بە ئاکارو بەهاکانی ژیانی مەدەنی، لێبووردەیی‌و ململانێی ئاشتییانە، مامەڵە لەگەڵ تەواوی مامۆستایاندا بکات.

بڕوام وایە گۆڕانکاریی‌و هێنانەدی فرەیی لەناو ڕێکخراوی مامۆستایاندا، سەرەتای وەرچەرخانێکی گەورە دەبێت لە ڕێگایەکی باشتر بەرەو بونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی. بەوهۆیەوە کە ئەوان وەک ڕابەری نوێخوازی بۆنیەکی نوێیان بۆ گەڕانەوەی ژیانێکی باشتر بۆ ڕەخساوە.

# «ڕێگە نادرێت ناوەندەکانی خوێندن بکرێنە شوێنی بانگەشەی هەڵبژاردن»

ئا: لاپەڕەی پەروەردەو خوێندن

**دوای (١٨) ساڵ لە ئەنجام نەدانی هەڵبژاردن، بڕیارە سەرەتای مانگی داهاتوو هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی یەکێتیی مامۆستایان لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێت.**

بە بەشداریی زیاتر (١١٥) هەزار مامۆستا، سەرەتای مانگی داهاتوو هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی (١٢)ی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بەڕێوەدەچێت‌و (١٢) لیست کێبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی (٣٩٢) کورسی کۆنگرەگە، هاوکات بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی یەکێتی مامۆستایان، ئەوە دەخاتە ڕوو؛ ڕێگە نادرێت ناوەندەکانی خوێندن بکرێنە شوێنی بانگەشەی هەڵبژاردن.

هەڵبژاردنەکە ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/٢ بە لیستی داخراو ئەنجام دەدرێت‌و بانگەشەی هەڵبژاردن لە ڕۆژانی ١١/٢٠ ـ ١١/٣٠ بەردەوام دەبێت‌و ئەنجومەنی وەزیرانیش (١٠٠) ملیۆن دیناری بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن تەرخانکردووە.

هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە بە سیستمی فرەبازنەییەو ناوچەکان کراون بە (٦) بازنە، کە ئەوانیش بازنەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، ئیدارەی گەرمیان، کەرکوک، موسڵ)، لەو (٦) بازنەیەدا (١٧٤) بنکەی دەنگدان دەکرێنەوەو (١٢) لیست لە کێبڕکێدان بۆ بەدەستهێنانی (٣٩٢) کورسی کۆنگرە، هەروەها نزیکەی (١٠٠) مامۆستا بە بێ هەڵبژاردن دەبنە ئەندامی کۆنگرە.

بەپێی ڕێنماییەکانی هەڵبژاردن بەکارهێنانی ناوەندەکانی خوێندن بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن قەدەغەیە، هەروەک م.عەبدولواحید محەمەد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ئاشکرای کرد؛ لە دوا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی تەنفیزیدا بڕیادرا بە هیچ جۆرێک ڕێگە نادرێت ناوەندەکانی خوێندن بکرێنە شوێنی بانگەشەی هەڵبژاردن‌و نابێت پۆستەرو دروشم بە دیواری قوتابخانەو خوێندنگەکانەوە هەڵبواسرێن، وتی: «ئێمە دەمانەوێت ناوەندەکانی خوێندن دووربن لە بانگەشەکردن بۆ لیستەکان، بەڵام نوێنەری لیستەکانی مامۆستایان دەتوانن لە ڕێگەی بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگەکانەوە بچنە قوتابخانەکان‌و پەیامی لیستەکەیان بگەیەننە دەست مامۆستایان.

سەبارەت بە سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن م.عەبدولواحید محەمەد، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەپێی ڕێنماییەکانی هەڵبژاردن لە هەر بنکەیەکدا (٥) مامۆستا لە بەڕێوەبەرو مامۆستایان دادەنرێن، کە بە تیروپشک دانراون، جگە لەوە هەر بنکەیەک دادوەرێکی بۆ دادەنرێت، کە سەرپەرشتی پرۆسەکە دەکات لە بنکەکەدا.

ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایان (١٨) ساڵە هەڵبژاردنی ئەنجام نەداوەو ئەوەش لە ماوەی ڕابردوودا ناڕەزاییەکی زۆری مامۆستایانی لێکەوتووەتەوەو ئەم هەڵبژاردنەش بە گرنگ وەسفدەکرێت بۆ نوێبوونەوەی ڕێکخراوەکە.

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی یەکێتیی مامۆستایان ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات: «هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایان پرۆسەیەکی گەورەو زۆر گرنگەو پرۆسەی نمرە سێیە، لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و ئەنجومەنی پارێزگاکان گەورەترین هەڵبژاردنە هەم لە ڕووی قەبارەوهەم لەڕووی گرنگیی پرۆسەکەوە، بەشداریکردنی ژمارەیەک لە لیستەکان ئەوەش سەلمێنەری گرنگیی پرۆسەکەیە، چونکە سەرجەمی لیستەکان خاوەنی بەرنامەو پرۆژەی تایبەت بە خۆیان‌و دواجار پرۆژەکانیان دەچێتە خانەی جوانترکردنی یەکێتیی مامۆستایانەوەو ڕێکخراوەکە کاراتر دەکات، دەتوانرێت لەم پرۆسەیەدا بە شێوەیەکی نوێ‌و مۆدێرن یەکێتیی مامۆستایان بەرجەستە بکرێتەوە.

سەبارەت بە ناڕوونی پرۆسەکە ناوبراو وتی: «ئێمە مامۆستاین‌و پێویستە مامۆستاش پشوودرێژ بێت‌و ئەرکی مامۆستایان بەجێبهێنێت‌و نابێت مامۆستا بیر لە تەزویرات بکاتەوە، بە هیچ شێوەیەک تەزویر قبووڵ ناکەین‌و هەوڵدەدەین تا ڕادەیەک شەفاف بین‌و بەدەر لەوەش لە سەرجەم بنکەکانی دەنگداندا لیستەکان چاودێریان هەیەو دەتوانن چاودێریی پرۆسەکە بکەن‌و دواتریش مافی تانەلێدانیان هەیە.

مامۆستایان ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایان بە پاشکۆی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم لە قەڵەمدەدەن، بەڵام م.عەبدولواحید بە پێچەوانەوە باس لەوە دەکات: «ئێمە حیزبایەتی ناکەین‌و ئەو تۆمەتانەی دەدرێنە پاڵ ڕێکخراوەکە، شتێکی خراپەو ئەوەش کەشێکی ناخۆش دروست دەکات، بە داخەوە لیستەکانی تر بە ناوی حیزبەکانیانەوە لیستەکانیان پێشکەشکردووە، پێویستبوو بە ناوی ترەوە لیستیان پێشکەش بکردایە، ئەوانەی ئەو تۆمەتانە دەدەنە پاڵ ئێمە، خۆیان حیزبایەتی دەکەن».

دوای ئەوەی ژمارە بۆ لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن دانرا، لە کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی تەنفیزیزیدا ئەو بڕیارە هەڵوەشێنرایەوەو ئەو هەنگاوەش نیگەرانیی لێکەوتەوە.

ئەو بەرپرسەی یەکێتیی مامۆستایان ئەوەشی ڕاگەیاند: «دەنگدان بە لیستەو پێشتر پێشنیازێک هەبوو، کە لەپاڵ ناوی لیستەکاندا ژمارە بۆ لیستەکان دابنرێت، هەرچەند تیروپشک بۆ ژمارەی لیستەکان کراو دەبوو ئەو مەسەلەیە لە لایەن مەکتەبی تەنفزییەوە بڕیاری لەسەر بدرایە، بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیی ژمارە لیستەکان لابرا، لابردنی ژمارەی لیستەکان پەیوەندیی بەوەوە نییە، کە دەرچوونی ژمارە (٩٦) بۆ لیستێکی دیاریکراو هۆکاری لابردنی ژمارە لیستەکان بووبێت».

## م.سەنگەر فایەق:

# لیستی سەردەم یەکێتیی مامۆستایان دەگۆڕێت

سازادنی: ئەکرەم تۆفیق

**م.سەنگەر فایەق، وتەبێژی لیستی مامۆستایانی سەردەم پێیوایە: کە لیستەکەیان دەتوانێت یەکێتیی مامۆستایان لە ڕێکخراوێکی حیزبییەوە بکات بە ڕێکخراوێکی پیشەیی‌و لەم دیدارەی ڕۆژنامەدا دەڵێت: ئەم لیستە سەرچاوەکەی ئەو دەنگە ناڕەزاییانە بوو، کە لە ساڵانی (٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٨) داوای مافەکانی مامۆستایانیان دەکرد.**

**ڕۆژنامە: بیرۆکەی دروستبوونی لیستی مامۆستایانی سەردەم لە چییەوە سەریهەڵدا؟**

* بەدڵنیاییەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردووی پرۆسەی سیاسیی لەناو مامۆستایانی کوردستان، ئێمە دەبینین لەدوای ساڵی (٢٠٠٠) وەوەو بە تایبەتی لەدوای (٢٠٠٣)وە جووڵانەوەیەکی مامۆستایان هەیە دژ بەو بارودۆخەی مامۆستایانی تێدایە، هەروەها لەدوای (٢٠٠٣)وە جووڵانەوەیەکی ڕۆشنبیریی‌و پیشەیی لە لای مامۆستایان دروستبووە هەر لە (٢٠٠٥ تا ٢٠٠٨) چەندین خۆپیشاندانی مامۆستایان لە سنووری سلێمانی کراوە بۆ داواکردنی مافەڕەواکانی مامۆستایان، ئەمانە هەموویان سەرەتایەک بوون بۆ بیرکردنەوە لەوەی کە پێویستە یەکێتیی مامۆستایان گۆڕانکاریی تیابکرێت، چونکە ئەم یەکێتیی مامۆستایانەی ئێستا بووە بە ڕێکخراوێک کە پاشکۆی حیزبە، دەسەڵاتی حیزبی بە سەریدا فەرزکراوەو بووەتە لقێک، یاخود کۆمیتەیەک، سەر بە دەزگا حیزبییەکان، بۆیە بیر لەوە کراوەتەوە ئەم ڕێکخراوە بگۆڕێت.

لە (٢٠٠٨) بەدواوە چەندین داواکاریی کراوە بۆ خۆپیشاندان بۆ ئیمزا کۆکردنەوە، کە وابکرێت یەکێتی مامۆستایان هەڵبژاردنی تییدا بکرێت‌و ستافێکی باش بچنە ناو یەکێتی مامۆستایانەوە، کە بەدەر بێت لە دەسەڵاتی حیزب، بەڵام یەکێتی مامۆستایان گوێیان لە خواست‌و داواکارییەکانی مامۆستایان نەگرت، دیارە ئەم هەموو زەرووریيەتە وای کرد کە بیر بکرێتەوە لەوەی زەختەکان زیاتر بکرێت لەسەر یەکێتی مامۆستایان، ئەوەبوو لە (٢٠٠٨) خۆپیشاندانێک لە سنووری سلێمانی کراو ئێمە ستافێک بووین لە مامۆستایان کە سەرپەرشتیمان دەکرد لەناو بازیان، سلێمانی، دووکان، ڕانیە، شارەزوور، چەمچەماڵ‌و گەرمیان، زۆربەی قوتابخانەکان مانمان گرت‌و چەند داواکارییەکمان ئاراستەی پەروەردەو یەکێتی مامۆستایان کرد، یەکێک لەو خاڵانە ئەوەبوو کە هەڵبژاردن لەناو یەکێتی مامۆستایان بکرێت، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا بڕیاری هەڵبژاردن دراوەو ئێمەش بڕیارمانداوە بەشداریی هەڵبژاردن بکەین، وەک لیستی مامۆستایانی سەردەم، ئەم لیستە سەرچاوەکەی ئەو دەنگە ناڕەزاییانە بوو، کە لە ساڵانی (٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٨) داوای مافەکانی مامۆستایانیان دەکرد.



م. سەنگەر فایەق

**ڕۆژنامە: ئامانج لە دروستبوونی لیستی مامۆستایانی سەردەم چییە؟**

* کار لەسەر ئامانجێکی سەرەکیی دەکەین، ئێمە دەمانەوێت کەسایەتی‌و ئیرادە بۆ مامۆستایان بگەڕێتەوە، هەروەها یەکێتی مامۆستایان بکەین بە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی پیشەیی‌و بە تەنیا خزمەتی مامۆستایان بکات، نەک ڕێکخراوی حیزب بێت، هەروەها دەمانەوێت بژێویی ژیانی مامۆستا باش بکەین، بە شێوەیەک هیچ مامۆستایەک پێویستی بەوە نەبێت لەدوای دەوامی مامۆستایەتییەکەی کاری تر بکات، هەروەها باشکردنی سیستمی پەروەردە یەکێکی ترە لە ئامانجەکانی لیستی مامۆستایانی سەردەم، جگە لەمەش ئێمە دەمانەوێت.

**ڕۆژنامە: دەتوانن چ کاریگەرییەکتان هەبێت لە سەربەخۆکردنی یەکێتی مامۆستایان؟**

* بە دڵنیاییەوە، ئێمە کار بۆ سەربەخۆکردنی یەکێتی مامۆستایان دەکەین، ئەگەر مامۆستایان ڕێکخراوێکی پیشەیی مامۆستایان هەبێت، ئەوکاتە ڕێکخراوێک دەبێت کە داکۆکیکار بێت لە مافەکانی مامۆستایان، ئەو کاتە مامۆستایان بە هەموو ڕەنگو دەنگو ئایین‌و نەتەوە جیاوازەکانیانەوە پشتیوانیی لێدەکەن‌و ئەو ڕێکخراوەش خزمەتیان دەکات، ئێمەش ئەگەر متمانەی مامۆستایانمان بەدەستهێنا، کاردەکەین بۆ ئەو بەرنامەی کە دامانناوەو لەو ڕێگەیەوە ئیرادەو دەنگی ئازادانە بۆ مامۆستایان دەگەڕێنینەوەو مامۆستایان لە کۆیلەیەتی‌و ملکەچکردن بۆ حیزب‌و دەسەڵات ڕزگار دەکەین، بۆ ئەوەی تەنیا خزمەتی پەروەردە بکەن.

**ڕۆژنامە: مامۆستایانی سەردەم تا چەند لە خواست‌و ئامانج‌و موعاناتی مامۆستایانەوە نزیکن؟**

* ئێمە بەشێکین لە مامۆستایان‌و تێکەڵی موعانات‌و گوزەرانی مامۆستایانین، ئێمە هەموومان لەناو واقیعی ژیانی مامۆستایاندایین‌و خۆمان ڕۆژانە بە دەست ئازارو کێشەوە دەناڵێنین، هەموو ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی مامۆستایان بوونەتەوە، ئێمە بەشێکبووین تێیداو لەبەر ئەوەی ملمان بۆ حیزب کەچ نەکردووە، هەمیشە قوربانیمان داوە، تەنانەت بەشێک لە کاندیدەکانمان لەو مامۆستایانەن کە زۆرترین کێشەو موعاناتیان ڕووبەڕووبووەتەوە، ئێمە نوێنەرایەتی هەموو موعاناتێکی مامۆستایان دەکەین.

**ڕۆژنامە: ئەم هەڵبژاردنە چ گۆڕانکارییەک بەدوای خۆیدا دەهێنێت؟**

* ئەگەر مامۆستایان بە پەرۆشەوە بەرەو سندووقەکانی دەنگدان بچن‌و بە ویژدانەوە دەنگ بەو لیستە بدەن، کە دەیانەوێت گۆڕانکاریی بکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە، ئەم هەڵبژاردنە گۆڕانکاریی بەدوای خۆیدا دەهێنێت‌و جارێکی تر یەکێتی مامۆستایان دروستدەبێتەوە، بە شێوەیەک کە ئەو ڕێکخراوە زۆر جیاواز بێت لە یەکێتی مامۆستایانی ئێستاو ببێتە ڕێکخراوێکی پیشەیی.

# یەکتربڕینی هەڵوێستی گۆڕان‌و دەسەڵات دەبێت گۆڕان خۆی چارەسەری بکات

ئاراسی شێخ یاسین

لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی هەولێرەوە، پەرلەمانتارانی گۆڕان بەرەنگاری هەڵوێستی نێگەتیڤی پەرلەمانتارانی دەسەڵات بوونەوە، بەتایبەتی بڕیارە توندەکانی سەرۆکی پەرلەمان، زۆرینەی ئەو پرۆژە یاسایانەی کە گۆڕان پێشکەشی دەکردن، هەرچەندە سوودی میللەت‌و هەرێمیشیان تێدابووبێت، بەڵام تەنیا لەبەرئەوەی کە پرۆژەی گۆڕان بوون، یان پشتگوێخراون، یان خراونەتە دەنگدان‌و پرەنسیپی زۆرینە پووچی کردوونەتەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی ناوەڕۆکی پرۆژەکان‌و لەهەمان باریشدا دەستی (موافج) بۆ هەموو پرۆژەکانی دەسەڵات بەرزکراوەتەوەو تێپەڕێنراون‌و نموونەی هەردوو (مەشهەدە)کەش زۆرەو دۆخەکەش هەروا دەمێنێتەوە، تا کۆتایی ئەم خولە پەرلەمانییەو دواتریش ئەگەر گۆڕان چارەسەری پێنەبێت.

ئاشکرایە، دەسەڵات ئۆپۆزسیۆنی لاساری ناوێت، ئۆپۆزسیۆنێکی دەوێت لە چەشنی ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمە تۆتالیتارەکان، کە لە هۆڵی پەرلەماندا بە دەستودەم بەستراوییو عاقڵ عاقڵ دانیشێت‌وسەری‌لەناوسەرانداده‌رکەوێت بۆ ئارایشکردنی دیموکراسییەکەی دەسەڵات، گۆڕانیش لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە دیموکراسییەکانی‌و ئەوانەش کە لەسەر گۆڕان، وەک (نانبڕاوکراون، با ئومێدبڕاویش نەکرێن)و تەنیا لە پێناوی بەرژەوەندیی جەماوەردا بێت.

١) هێڵی ستراتیژیی زانستییانەی کارکردنی خۆی دیاریبکات، بۆ دابینکردنی زۆرینەو قایمترکردنی پێگەی خۆی لە پەرلەمانی داهاتوودا، لە ڕێگەی جۆشدانی خۆی بە توێژە کۆمەڵایەتییە بەشخوراوەکانەوەو ئاشناکردنیان بە مافەکانیان‌و ڕێنماییکردنیان بۆ چۆنێتی داواکردن‌و بەکردەوەش بیسەلمێنێت، کە پشتیوان‌و نوێنەری ڕاستەقینەی ڕەشە خەڵکەکەیە، نەک نوێنەری (نوخبەی) توێژە ئوروستۆکراسیو سەنتەرەکانی هێزە ترادیسیۆنەکان، بەوە پشتگیری جەماوەر بارمتە دەکات لەسەر دروستکردنی (ڕای گشتیی) لە (شەقام، زانکۆ، خوێندنگە، سەندیکا، شارو لادێ...)دا، بۆ چارەی کێشەکان بەبێ گوێدانە سنووری جیوگرافیی کارکردن لە هەرێم‌و عێراق‌و بگرە لە هەموو کوردستانیشدا.

٢) چالاکەکانی ڕەوتەکە، لە کەسانی دیارو جێگەی خۆشەویستی‌و متمانەی خەڵک‌و خاوەن ڕابوردوی پاکبن، بەڵێنێک نەدەن، کە نەتوانن بەجێی بێنن‌و ببێت بە ماڵ بەسەر بزووتنەوەکەوە، خەڵک گوێ بۆ قسەناگرێت، سەیری کردەوە دەکات، **(وقل اعملوا فسیری الله عملکم ورسوله والمؤمنون)** ئیتر پێویست ناکات خۆت هیچ بڵێیت.

٣) بەرنامەی ڕووناکبیریی، (نەک وروووژاندن)، بەستنی سیمینار، (نەک خۆدەرخستن) سازبکات بۆ ڕۆشنبیرە بوێرو سەربەخۆکان، تا لای خەڵک ڕوون بێت کە گۆڕان چیی دەوێت‌و چیی ناوێت‌و دڵنیایی هەبێت، کە خیتاب‌و کرداری ئەم ڕەوتە تەواوکاری یەکترن‌و لەپێناوی پاراستنی پرەنسیپی پیشەییدا، با هەواڵ‌و ڕاپۆرتە گرنگەکان تاوتوێ بکرێن، لەپێش بڵاوکردنەوەدا.

٤) ڕێگە نەدرێت بە کەسانی خاوەن ڕابردووی لەکەدارو نوێنەرانی چین‌و توێژە کۆنەپەرست‌و مرۆڤ خۆرەکان، کە پێگە دروست بکەن لەناو بزووتنەوەکەدا، چونکە ئەوانە چەند پێگەیان هەبێت لە گۆڕاندا، ئەوەندە لە متمانەو شەعبییەتی گۆڕان کەم دەبێتەوەو چارەنووسیشی دەکەوێتە بەر مەترسی، ئەوانە هەر بەرژەوەندیی چینایەتیی‌و ئایدیۆلۆژیای داخراوو بنەماڵەیی خۆیان دەبینن، بەخۆڕایی وەڵامی سەلامی کەس نادەنەوە، مەبەست لەم ئاماژەیە دوورەپەرێزخستنی گۆڕان نییە، بەڵکو دوورخستنەوەی ئەو کەس‌و توێژانەیە، کە هەتا سەر لەگەڵ کەس نابن، نابێت ڕێگەبدات بە ڕاڕایی‌و پرۆسەی پاشەکشێ‌و سازش لە بەرامبەر ناڕەواییدا، دەبێت بێدەنگییش هەڵنەبژێرێت، لە هەڵەی خۆی‌و بەرامبەرەکانیداو دەخوازێت شیکارو ئەلتەرناتیڤی واقعییانە پێشکەش بکات، بۆ هەموو دۆخەکانی ژیانی وڵات بە نێگەتیڤ‌و پۆزەتیڤیەوە، هەموو کاتێک وریای هاوسەنگیی بێت، لە هاوکێشەی وتارو کرداردا.

٥) چالاکیی کارای هەبێت لە کارە نیشتمانیی‌و نەتەوەییە چارەنووسسازەکاندا،ئەگەرلەوبوارانەدا هەڵوێستی دەسەڵات وەک پێویست نەبوو، ئەم ڕاستییەکان وەک خۆیان‌و بەبێ شاردنەوە بە خەڵک ڕابگەیەنێت، چونکە شاردنەوەی ڕاستییەکان جۆرێکە لە بڕیاری ناو (ژوورە تاریکەکان).

٥) هەروەکو چۆن لاشە بەبێ سەر ناژی، هیچ بزاوتێکیش بەبێ (چاودێرو ڕێبەر) بەردەوام نابێت، بۆیە لە پێناوی ئامادەکردنی میللەتدا بۆ کاری نیشتمانیی‌و بەرەنگاربوونەوەی ناڕەوایی، گۆڕانیش پێویستی بە سەرکردەو پێشەنگی کارا هەیە، بەڵام لەسەر هێڵێکی ئاسۆیی، نەک ستوونیی‌و هەرەمی کاریزمی، هەرچەند لەم دواییەدا خەڵک بەشی ئەوە هوشیارکراوەتەوە، کە پێویستی بە ڕێکخستنی ئایدۆلۆژی سیاسیی داخراوو پارتی پێشڕەو نەماوە، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەبێت جەمسەری بزواندن‌و ئاراستەکاری هەبێت، ئەمەش پێویستی بە یەکلاییکردنەوەی دیدو بۆچوون هەیە سەبارەت بە ململانێی چینایەتی‌و دەسەڵاتی سیۆکراسی‌و پاوانخوازیی‌و تۆڕە خێڵەکیەکان‌و ڕێکخستنی پەیوەندیی، بە تێکڕای بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردو ڕێکخراوە دیموکراسی خوازەکانی جیهاندا.

# پەرلەمانی کوردستان‌و کەڵکەڵەی ڕامکردنی مرۆڤی کورد!



ئەرسەلان مەحمود

پەرلەمانی کوردستان، لەم دوو دەیەیەی تەمەنی ڕابردووی خۆیدا، تەنێ بووەتە خانەی داتاشین‌و دەرکردنی یاسا، یانی بە بەراورد لەگەڵ دامەزراوە هاوشێوەکانی لەسەر ئاستی دونیا، ڕەنگە تۆماری پێوانەیی تێپەڕاندبێت!، بۆیە ئەگەر تا ئێرە ئەم دامەزراوەیە گەلییەی کورد نەخرابێتە کتێبی (گینس)ەوە، وەک سەدانجاری تر، بەدڵنیاییەوە غەدری لێکراوە!

بەهەمە حاڵ، ئاشکرایە کە بەبێ بوونی دەستوور، بوون‌و نەبوونی یاسا، شتێکی بەمانا لەخۆشبەختی‌و بەدبەختی هیچ کۆمەڵگەیەک نەگۆڕێت، بگرە دەسەڵاتە جیانەکراوەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکار (حکومەت) لەکۆنترۆڵکردنی زیاتری کۆمەڵگەدا، لەسنووردارکردنی بێپەروای ڕەهەندە جیاکانی ئازادیی‌و ژیانکردندا، ڕەهاتر دەکات‌و بەمەیش مەعلومە کە کێشەو ئاریشەکانی وڵات‌و هاوڵاتی زیاد دەکەن‌و خودی دامەزراوە دادوەرییەکانیش لەجێی بەجێگەیاندنی ئەرکی ڕۆژانە، بەراڤەکاری یاساییەوە سەرقاڵ دەکات، لێرەیشەوە ڕۆتین وەک دەردێکی کوشندە، سات لەدوای سات بەربینی خەڵک دەگرێت.

دیارە لەباری بابەتییەوە، ئیشی پەرلەمان، تەنێ هەر دەرکردنی یاسا نییە، بەقەدئەوەی کە دەبێت ئەو دامەزراوەیەکی چاودێر بێت‌و بەدواداچوون بکات، لێ ڕەنگە لەئێستادا لەهەر ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان بپرسی، دەرکردنی یاسا، یان چاودێریی‌و بەدواداچوونی دامەزراوەیەکی کارگێڕیی وڵاتەکەت بەلاوە ئاساییترە، وەڵامێکی بەجێت دەست نەکەوێت، ئاخر خۆ بارکردنی حکومەتێکی خاوەن بانێک‌و دووهەوا، یان هەر حکومەتێکی تر بەهەموو شتێک، هەروا سادە نییە، ئایا تۆ هیچ حکومەتێکی لەهەناودا دوولەت‌و لەئەدای کارکردندا فرە میزاج، شک دەبەیت کە هەموو شتێکی پێبکرێت، تا لەهەموو شتێک بەرپرس‌و بار بکرێت؟ ئایا حکومەتێکی وەها کە هێشتا خۆی پێ بەیاسا یەکنەخرابێت‌و ڕێکنەخرابێت، ڕەواو شیاوە لەهەموو دانیشتنێکی نوێیدا، پەرلەمانەکەی یاساگەلێکی نوێی بەملدا بدات؟!.. ئاخر پەرلەمانی کوردستان هیچ دانیشتنێک نییە حکومەتەکەی یاساڕێژ نەکات، باشە تۆ بڵێی ئەم پەرلەمانە دواجار بیەوێت ملی حکومەتەکەی لەژێر باری ئەم هەموو کێشەو بێشە بێشومارەوە دەرکێشێت، یان ملشکاوی بکات؟! ئایا کۆنکرێتکردنی کێڵگەی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی بە یاساڕێژکردنێکی وەها بێباکانەو دوور لەلۆژیکێک، کۆمەڵگە بەرەو کرانەوەو گەشە، یان بەرەو داخران‌و پاشەکشێ پێدەکات؟!

بێگومان، وەڵامەکان هەرچییەک بن، یاساش‌لەوەهادۆخێکی‌بێزەماندا،یەکسانە بە ئەوپەڕی دەسەڵات، وەها فەزڵێکیش لەغیابی دەستووردا، ئەوەندەی هێمایە بەرەو سەرکوتکاری، هەڵەیە چاوەڕوانی کرانەوەو گەشەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی لێبکەیت‌و تەمای بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی ئارام‌و ژیانکردنێکی مەدەنییانەی لەسەر هەڵبچنی، ئاخر حکومەتێک هەموو ڕۆژێک بەیاسا ئاوسبکرێت، حەتمەن وەچەیەکی ناجێگرو نائاسایی دەخاتەوە، یانی ئەمانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی، ژیانکردنێکی تەژی لە ژیانی لێناکەوێتەوە، بۆیە هاوڵاتی مافی خۆیەتی لەوەها دۆخێکدا هەموو شتەکان بخاتە ژێر پرسیارەوەو هەموو شتێکیش وەخەتای حکومەت ببینێت، ئەی ئەوە نییە خودی پەرلەمانیش حکومەتی لەوەها دونیابینییەک لێوڕێژ کردووە لەیاسا، لەوەیش بەولاوە، دەمەوێت بڵێم، ئەم تێکەڵکارییە لەیاساڕێژکردنی حکومەت، مەبەست‌و بێمەبەست، دواجار بەتێکشکاندنی ئەم حکومەتە تەواو دەبێت‌و ئەمەیش پەیامێکی ترسناک‌و ئاڵۆز دەردەخات‌و بۆ ئەوەیە زەمینە بۆ گێڕانەوەی ئیمپراتۆرو سەڵتەنەتی تاکڕەهەند خۆشبکرێت، بەپێچەوانەوە هیچ مانایەکی تری نییە، ئەگینا لەجێی ئەم بەندو باوکارییەی حکومەت‌و کۆمەڵگە، دەبوایە پەرلەمان ئیش بۆ هەیمەنپێکردنەوەی ئیرادەی خۆی لەچاودێریکردن بۆ جێبەجێکردنی یاساکان بکات، نەک کەڵەکەکردنی یاساگەلێکی چاودێرپێنەکراو بەسەر دامەزراوەی جێبەجێکارداو هەموومان دەزانین کە پەرلەمانی ئاکتیڤ ئەوەیە کە زۆرترین چاودێریی بکات، ئەوەیە چاودێریی حکومەت بکات‌و لەنزیکیشەوە لەخواست‌و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی بکۆڵێتەوەو بەدواداچوونیان بۆ بکات، ئەوەیە بەجورئەتەوە لەسەر ژێرخان‌و سەرخانی وڵات، لەسەر ماف‌و ئازادییە جیاکان، بۆ پێشێلکاریی‌و نابەرابەرییەکان، بەدواداچوون بکات‌و لێیان بکۆڵێتەوەو پێویستە وەک مافی تاک تاکەی ئەندامەکانی خۆی، لەدابینکردنی ئۆتۆمبێلی شاهانەو بەرزکردنەوەی مووچەو بەئاسمانابردنی باڵەخانەو ڕازاندنەوەی ڤیللاکانیان، ئاوایش بەشوێن گێڕانەوەی مافی تاک تاکەی هاوڵاتییانەوە بێت، پێویستە لەوە زیاتر لەخوێنی بەناهەق ڕژاوی ئەم هەموو کوڕو کچە دلێرانەی دوێنێ بەناهەق شەهیدکران‌و ئەتکیان پێکرا، خەمساردو بێدەنگ نەبێت، پێویستە لەوە زیاتر لەئاستی تاوانبارانی جەنگ‌و گەندەکاران خۆپارێزو شەرمنانە دەرنەکەوێت، شەرمە پەرلەمانت هەبێت‌و ئەنفالچییەکانیش تەراتێن لەوڵاتەکەتدا بکەن، شەرمە پەرلەمانت هەبێت‌و بەبەرچاوی هەموو دونیاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە، خەڵک لەسەر ئازادیی بیروڕا بکوژرێت‌و بڕفێنرێت، داری برایەتی بەزۆر سەپێنراو هیچی بۆ کورد لێ سەوز نەبوو، شەرمە پەرلەمان درێژکراوەی هەمان ئەو سیاسەتە بێت. (١٨)ساڵە خاوەنی پەرلەمانین، لەو ماوەیەدا سێ جار هەلی زێڕین بووە بەپێشهات، کەچی ئەم دامەزراوەیە یەک جاریش نەیوێرا باسی سەربەخۆیی بکات، تا ئاوایش خەمساردو شەرمنیش بن، دووبارەبوونەوەی ئەزموونی شێخ سەعیدی پیران لەپێشە، ئەمانیش کاتێک داوای مافی کوردیان کرد، هاوپەیمانەکانی دوێنێیان لە ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی، وەک برا عەرەبە بەزۆر سەپێنراوەکانی دوێنی هاوخەبات‌و ئەمڕۆی ئێمە، خۆیان ببوونەوە ئیمپراتۆر.

لێ، لەجێی هەموو ئەمانە، فراکسیۆنبازیی، بینایی لێڵکردوون، کاریگەریی ئەم هەژموونە ڕووتە، بۆ دەمکوتکردنی یەکتریی‌و گەرمکردن‌و بەرمێنکردنەوەی بازاڕی سیاسی‌و حیزبی، وایلێکردوون بۆ بنێشتجوینیش یاسا دەربکەن!.. تۆ ببینە چ گەمەیەکی سەیر دەگوزەرێت، پەرلەمانێک خۆی هەڵبژێردراوی گەلەو خەڵکی سەر شەقامە، کەچی بەیاسا ڕێی هاتنە سەر شەقام لەوان دەگرێت!، پەرلەمانێک ئەو یاسایەی پێ جێبەجێ ناکرێت کە تایبەت بەپاسەوانیکردنی خۆی، یاساش بۆ پارێزگاریکردن لەخەڵک‌و حکومەت دەردەکات!، پەرلەمانی هەموو دونیا چاودێرە بەسەر حکومەتەکەیەوە، ئەوەی ئێمە هەموو ڕۆژێک یاسایەکی نوێی بۆ جێبەجێکردن بۆ دەردەکات‌و بۆیشی دەپۆشی‌و تا دوێنێ دانیشتنەکانی پەرلەمان وەک باقی دامەزراوە هاوشێوەکانیان لەدونیادا، کراوە بوون، ئەمڕۆ ئەمەیشیان لەبینایی خەڵکی سەندەوە، پەرلەمانی ئێمە هێشتا مەیلی بەکۆیلەکردنی ڕەگەزی بەرینەداوەو ژنیش تیایدا ئەندامن!. بەدەرکردنی ئەم هەموو یاسایە، ڕەنگە پێمان بڵێن، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە هەموو شتێک بەیاسا ڕێکبخرێک، ئەمە وەک مەیل شتێکی جوانە، بەڵام ئەوەتا بەژێر ئەو یاسایانەوە ژن نییە لەم وڵاتەدا بەبێ واژۆی بەخێوکار! بتوانێت سەفەرێکی دەرەوەی وڵات بکات، یان دەڵێن، ئەم هەموو یاسا دەرکردنە هۆکارەکەی ئەوەیە، دەبێت لەسفرەوە دەستپێبکەین، لەسفریشەوە یانی ئێمە هێشتا خاوەنی هیچ نین، هەندێک داخ لەدڵ نەبێت، کەس باوەڕ بەوە ناکات کە کوردستان جەنگڵستانەو پێویستی بەیاساڕێژکردنە!..

پوختەی باس، دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی، پەرلەمانی کوردستان لەجەوهەردا کەڵکەڵەی ڕامکردنی مرۆڤی کورد لەسەرڕیایەتی‌و دواجار دەیەوێت هەر تاکێکی کورد، لەناو چەقێک بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری دەستە جەمعی کۆ بکاتەوە، بەو مانایەی بیرکردنەوەو ڕوانگەی کەمینەی دەسەڵاتدار، بسەپێنێتە سەر بیرکردنەوەو ڕوانگەبینی زۆرینەی خەڵک‌و بازاڕ، ئەمەیش دروست ئەو دەرئەنجامەیە، کە (١٩)ساڵە سیاسییەکانی وڵاتی ئێمە خەونی پێوە دەبینن.

# دەرفەتە لەکیسچووەکانی گۆڕان


هیوا جەمال

بزووتنەوەی جەماوەریی گۆڕان، لەماوەی ساڵێک‌و چەند مانگی تەمەنی ئۆپۆزسیۆنبوونیدا، لە چەند مەسەلەیەکدا هەڵوێستی نواندووە، ئەگەرچی کەموکووڕیی لە هەڵوێستەکاندا هەبوون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی‌و لەچاو کەمیی ئەزموونی ئۆپۆزسیۆنبوونیدا لە کوردستان، هەرئەوەندە چاوەڕوان دەکرا.

لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، لەو بڕوایەدام کە گۆڕان کەوتووەتە هەڵەیەکی ستراتیژییەوە لەمەسەلەی ئیدارەدانی فراکسیۆنەکەی لەبەغدا، چونکە لەم ماوەیەی دواییدا، چەند جووڵەیەکی کردووە کە دەبوو باشتر بیری لێبکردایەتەوە.

گۆڕان، بەشداریی کرد لە پێکهێنانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکەدا، بەڵام پێش ئەوەی دەست بەکارکردن‌و دانوستاندن بکات لەبەغدا، داواکارییەکانی سەبارەت بە چۆنێتیی بەشداریکردنی بە زارەکی گەیاندە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، دوای ماوەیەک لە کارکردن لە ئیئتیلافەکەداو پێشی وابوو کە دەبێ گەرەنتییەک هەبێت بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی یەکێتی‌و پارتی، ئیتر لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی(٢٠١٠/٨/٤)ی وەفدی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە ڕۆژی(٢٠١٠/٨/١٦) وەرەقەیەکی (١٢) خاڵیی لە کۆبوونەوەیەکی نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان لە دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشکەش بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و جێگرەکەی‌و نوێنەرانی لایەنەکان کرد.

بە بۆچوونی من، جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەو وەرەقەیەی گۆڕان لەو ماوە کەمەدا (ماوەی ڕێککەوتنی لایەنە عێراقییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت) ئەستەم بوو، چونکە بەشێکی زۆر لە خاڵەکانی پێویستی بە ماوەی لەوە زیاتر هەیە، ئەوە جگە لەوەی کە ئیرادەی سیاسیشی پێویستە کە لەئێستادا یەکێتی‌و پارتی، ئەو ئیرادەیەیان نییە، بۆیە باشتر وابوو، چەند بڕگەو خاڵێکی تێدا بوایە کە جێبەجێکردنی لەو کاتەدا ئاسان‌و متمانە بەخش بێت.

گۆڕان، لەدوای ئەوەی کە زانی وەرەقەکەی جێبەجێ ناکرێت‌و تەنانەت حکومەت یەک کۆبوونەوەشی نەکردووە لەگەڵ ئەو لیژنەیەی کە بڕیاربووە وەرەقەی چاکسازیی لە هەرێم کارا بکەن، بۆیە ماوەیەکی زۆری کاتەکەی کوشت بە هەڕەشەی کشانەوەی لە ئیئتیلافە کوردستانییەکەو نەیتوانی بڕیاری یەکلاییکەرەوە بدات، بەڵام کاتێک ئەو بڕیارەی داو لە (٢٠١٠/١٠/٢٩) کشایەوە، کات لە قازانجی کشانەوەکە نەبوو، بۆیە کارتەکە تاڕادەیەک کارتێکی درەنگ وەخت‌و لاواز بوو، چونکە ئەمریکا کە مامەڵەی (ڕژێمی بووکەشووشە) لەگەڵ عێراق دەکات، خەریک بوو نزیک دەبووەوە لەو دەستپێشخەرییەی کە بەناوی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمەوە ئەنجامی دا.

کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە دەنگەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە دوو هەڵبژاردنی ڕابردوودا، ئەو دەنگانە بوون کە ویستوویانە ئەو سیستمە بگۆڕن‌و کاراکتەرە سەرەکییەکانی سیستمەکە لابدەن‌و کاراکتەری نوێ بێتە پێشەوە، ئەو دەنگانە بوون کە بە کوردی‌و کورتی، ناڕازی بوون لە دەسەڵاتی ئەم دوو پارتەی کە ئێستاش دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، بۆیە دەبێت هەمیشە هەردوو فراکسیۆنەکەی بەغداو هەولێر ئەوەیان لەبیر نەچێت‌و ریسکێک نەکەن کە ئەو متمانەیە لەدەست بدەن، چونکە ئەگەر پێدانەوەی دەسەڵات بەو دوو لایەنەو سەرکردەکانیان بێت، ئەوا خەڵک خۆی دەنگی بۆ دەدان.

دوای ئەوەی کشانەوە لە ئیئتیلافەکە، دەبوو فراکسیۆنی گۆڕان لەسەر ئەو مەنهەجە بەردەوام بوایە کە لێرەوە کاری لەسەر کرا، مادام لە کۆبوونەوە فراوانەکەی هەولێر بەشدارییان پێنەکرا، دەبوو بەشداریی لەدانیشتنی پەرلەمانی عێراق نەکردایەو لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا هەر ئەو شەوە هەڵوێستی خۆیان ڕابگەیاندایە.

کە بەشداریی دانیشتنەکەشیان کرد، دەبوو بۆچوونەکانی گۆڕانیان لە مەڕ پۆستی سەرۆک کۆمارو ئەو سەرپێچییە دەستوورییانەی سەرۆک کۆماریان بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بکردایەو دواتریش ئەگەر بۆ بەرژەوەندیی یەکڕیزیی کوردیش هەر هەڵوێست‌و بڕیارێکیان وەربگرتایە، ڕاشکاوانەو بێ هیچ سڵەمینەوەیەک ئاشکرایان بکردایە.

فراکسیۆنی گۆڕان، دەیانتوانی ئەو هەلە بقۆزنەوەو وەرقەیەک سەبارەت بە داوکانیان ئیمزابکەن، لەگەڵ تاڵەبانی‌و بارزانی، چونکە وەک خۆیان دەڵێن، دەیانتوانی بچنە دەرەوە لە هۆڵی پەرلەمانی بەغداو نیسابی یاسایی ناتەواو بکەن، خۆ ئەگەر پاساو بۆئەمە ئەوە بێت کە چۆن بەو دەست‌و بردە وەرەقەیەک حازر دەکرێت، دەبوو فراکسیۆنەکە هەموو ئەگەرێکیان لەبەرچاو بگرتایەو بۆ ئەو کاتانەش قسەیان پێبێت، چونکە وەک سیاسییەکان دەڵێن، لە سیاسەتدا هەموو ئەگەرێک چاوەڕوانکراوە.

## ئەندازیار ئەمین جاف:

# ئەو پڕۆژانەی جێبەجێکراون وشکەکەڵەکن، نەک ئاوەدانکردنەوە

سازدانی: سبەی

**ئەندازیار ئەمین جاف، لەو بڕوایەدایە کە ئەگەر کار بۆ ئاوەدانکردنەوەیەکی زانستی، هاوستانداردی جیهانیی نەکرێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەڵێم، لە داهاتوودا داتەپینێکی ئابووریی گەورە چاوەڕوانی ئەم هەرێمە دەکات، سەبارەت بە ئاوەدانکردنەوەی کوردستانیش دەڵێت: زۆر بەداخەوە، ئەوەی هەتا ئێستاو لەمەوبەر لە کوردستاندا کراوە (وشکەکەڵەکە، نەک ئاوەدانکردنەوە).**

**سبەی: پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو بونیادنانی ژێرخانی ئابووریی هەرێم، چۆن دەبینیت؟**

* بەداخەوە، بازنەکانی ڕاوێژکاریی‌و مەلەفە گرنگ‌و هەستیارەکانی بەڕێوەبردنی وڵات لە حکومەتی هەرێمدا، ئەوەندە تەسککراونەتەوە، نزیکبوونەوەی کەسانی بێلایەن‌و بەئەزموون کارێکی مەحاڵە، سێکتەری ئاوەدانکردنەوە لە کوردستاندا بەرەو لەبیرچوونەوە دەچێت، ئەگەر کار بۆ ئاوەدانکردنەوەیەکی زانستی، هاوستانداردی جیهانیی نەکرێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەڵێم، لە داهاتوودا داتەپینێکی ئابووریی گەورە چاوەڕوانی ئەم هەرێمە دەکات، چونکە پشتبەستن تەنیا بە داهاتی نەوت، هەڵەیەکی ستراتیژیی گەورەیە، هیچ وڵاتێکی خاوەن نەوتیش ئەو هەڵەیەی نەکردووە.

**سبەی: بە بۆچوونی ئێوە، ڕۆڵی کەرتی ئاوەدانکردنەوە، ئەوەندە کاریگەرە کە بە تەنهاو دوور لە کەرتەکانی تر، بۆ ئەوەی ببێت بەهۆی بونیاتنانی بنەمایەکی ئابووریی پتەو لە کوردستاندا؟**

* زۆرجار کە باس لە ئاوەدانکردنەوە دەکەین، یەکسەر کەرتەکانی بیناسازیمان بیردەکەوێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئاوەدانکردنەوە زۆر لەوە فراوانترە، کاتێک کە دەڵێین بنەمایەکی ئابووریی پتەو، مەبەستمان لەو سێکتەرانەیە کە ئەو بنەما ئابوورییە پێکدەهێنن، وەزعی ئابووریی کوردستان زۆر خراپە، چونکە لە ئێستادا هیچ بنەمایەکی ئابووریی ڕابردووی نییە، لەبەرئەوە پەرەپێدانی بنەماکانی کشتوکاڵی، ئاودێریی، پیشەسازیی، زانستی‌و تەکنۆلۆجی، گەیاندن‌و گواستنەوە، ئەو بونیاتە ئابوورییە پتەوە پێکدەهێنن، ئەویش تەنیا لە ڕێگای بەرنامەیەکی زانستییەوە بۆ دانانی هەرسێ پلانەکانی کورتخایەن، مامناوەندی، درێژخایەن،

**لەوانەیە کۆمپانیا ئەورووپییەکان بە مەرجەکانی بەرپرسان ڕازی نەبن**

بۆیە جێبەجێکردنی ئەو سێ پلانە خۆی لەخۆیدا بەرنامەیەکی ئاوەدانکردنەوەی بنەڕەتی‌و سەرتاسەرییە.

**سبەی: پڕۆژەکانی نێو ئاوەدانکردنەوە، وەک ئاماژەت بۆ کرد، لە کوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

* زۆر بەداخەوە، ئەوەی تا ئێستاو لە مەوبەر لە کوردستاندا کراوە (وشکەکەڵەکە، نەک ئاوەدانکردنەوە)، بەڕاستی ئەوەی کە دەکرێت جۆرێکە لە شێواندنی ژێرخانی وڵات، چونکە تۆ بەم شێوازی کارکردنە ژێرخانی وڵاتێکی کاول‌و



ئەندازیار ئەمین جاف

ئەوەندەی تر دادەڕوخێنیت، دەزانن ئەو پڕۆژانەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی کە لە ئەڵمانیادا جێبەجێکراون، چ ڕێگاوبان، چ ئاودێریی، تا ئەمڕۆش لەسەر هەمان ئاستی ئەو سەردەمە خزمەت بە خەڵکی ئەو وڵاتە پێشکەش دەکەن، ئێمە دەپرسین: چ پڕۆژەیەک لەوانەی کوردستان، بەبێ کەموکورتی لە کاتی خۆیدا، چوونەتە بواری خزمەتکردن؟، ئەگەر لە کاتی خۆیدا تەواو بووبێت، ئەوا هەر دوای چەند مانگێک یا ساڵێک، تێکچووە.

**سبەی: هۆکاری نزمیی کوالێتیی پڕۆژەکانی وڵاتی ئێمە چییە؟**

* ئەو کۆمپانیایانەی کە لە وڵاتانی دراوسێوە هاتوون، بە گشتیی ئێرانی‌و تورکیین‌و هەندێکیشیان لە وڵاتە عەرەبییەکانەوە هاتوون، باشە حکومەتێک کە خاوەنی ئەو بودجە زەبەلاحە ملیارییە بێت (جگە لە پارەی گومرگ) بۆ شەریکاتی ئەوروپیی ناهێنێت؟ لێرەدا گومانەکە لەوەدایە کە یان ئەو کۆمپانیا ئەوروپییانە بە مەرجەکانی بەرپرسەکانی ئێمە ڕازی نابن لە کاتی‌و بێنەوبەرەی وەرگرتنی پڕۆژەکاندا، یان ئەو کۆمپانیایانەی دراوسێ ئەوەندە بێ ئیمکانییەتن لە وڵاتەکەی خۆیان کاریان دەست ناکەوێت، هیچ وڵاتێکی دیکەش کار بەو جۆرە کۆمپانیایانە نادات، ئەگەری سێیەمیش ئەوەیە کە لایەنێکی دەسڕۆیشتوو ئەو جۆرە کۆمپانیایانە بە تایبەت بانگهێشت دەکات‌و کاریان دەدەنێ، جا ئەگەر ئەو کۆمپانیایانە خۆیان لە خۆیاندا ئیمکانیاتیان نەبێت، پشتئەستووری ناو کوردستانیش بن، ئیتر کوالێتی چون باش دەبێت!، لە لایەکیتریشەوە باس لە کۆمپانیای دەستی دووو سێ دەکرێت، دیارە ئەو کۆمپانیاو لایەنە دەسڕۆیشتووانە خۆیان دەبن بەدەستی یەک، کەواتە بەشێکی زۆر لە بودجەی پڕۆژەکە بەرئەوان دەکەوێت، ئیتر پڕۆژە بەچی جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوە کۆمپانیاکانی دەستی دوو و سێ مەجبوورن بۆ قازانجی خۆیان بە پینەوپەڕۆ کارەکانیان جێبەجێ بکەن، با تەماشای نموونەی ئەو پڕۆژانە بکەین کە لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە جێبەجێکراون، پردی خەسرەو خاڵ، تونێلەکەی ئەزمڕ لە سلێمانی کە هەریەکە نموونەی وڵاتێکی دراوسێن.

لەدەستدانی ویژدان شتێکی زۆر خراپە، ویژدان ڕۆحە، مەخابن ئەمڕۆ لە کوردستاندا خەڵکانێک هەن لە فرسەتی ئەوە دەگەڕێن، بۆ ئەوەی پارەی تازە بۆ پڕۆژەکان تەرخانبکرێتەوە!، ئەمە خۆی لە خۆیدا نموونەی لوتکەی گەندەڵیی‌و ئەوپەڕی ئینتیهازییەتە، نموونەش بۆئەم پڕۆژانە زۆرە، کاتی خۆی برادەرانی پەرلەمان ئاماژەیان بۆ هەندێک لەو پڕۆژانە کرد کە تەواو بوون، کەچی بەردەوام لە ساڵانی داهاتوودا بودجەیان بۆ تەرخانکراوەتەوە.

**سبەی: چی بکرێت باشە، یان چۆن ڕێگا لەو جۆرە کارانە دەگیرێت، مەرجەکانی کاری بەڵێندەرایەتیی چیین، وەزارەتی پلاندانان شێوازی جێبەجێکردنی کاری بەڵێندەرایەتیی ڕێکنەخستووە؟**

* بەڵێ، جاران لە عێراق، ئەنجومەنێک هەبوو بەناوی ئەنجومەنی پلاندانان، ئەم ئەنجومەنە بەرپرس بو لە کاری بەڵێندەرایەتیی لەگشت عێراقدا، موجەلەدێک لەژێر ناوی (مەرجەکانی گشتیی کاری بەڵێنداریەتی) هەبوو بۆ مەرجەکانی بەڵێندەرایەتیی، وەزارەتەکان ملکەچی ئەو ڕێنماییانە بوون، ماف‌و ئەرکەکانی بەڵێندەر تێیدا دیاریی کرابوو، بەڵام خۆ ئێستا بۆ جێبەجێکردنی هەر کارێک، دەبێت هیچ نەبێت، وەزارەتی ژینگە ڕێگانەدات هیچ پڕۆژەیەکی زەرەرمەند بە ژینگە جێبەجێبکرێت، مەرجەکانی بەهەند وەربگیرێت، خۆ دەبێت چۆنێتی ئەو پڕۆژانە لەسەر ئاستی پێویستییەکان بێت، خۆ دەبێت لەشوێنی شیاودا دابمەزرێت، خۆ دەبێت تێبینی‌و ڕەچاوی توانای کۆمپانیاکان بکرێت، جێگای دادگای سلێمانی تازە، کەس هەیە بەو شوێنە ڕازیبێت، بۆ پیرۆزترین فەرمانگەی حکومیی، لەناوچەی پیشەسازییدا، لە نزیک پاڵاوتگەدا، لە نزیک بەنزینخانەدا، لە نزیک ئاڵۆزترین شەقامی ئۆتۆمبێلدا، ئەی بۆ لە جێگای فیرقەی کۆن، بەرامبەر شارەوانیی ئێستا نەکرا!

**سبەی: ڕاپۆرت‌و ئامارەکانی حکومەت، ئاماژە بۆ ملیارەها دۆلار لە وەبەرهێنان‌و جێبەجێکردنی پڕۆژەکان دەکەن، ئەی ئەمە ناچێتە چوارچێوەی بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی‌و ئاوەدانکردنەوەوە؟**

* بە گوێرەی ڕاپۆرتێک، یەکێتیی بەڵێندەرانی کوردستان نزیکەی (٢٠٠٠) ئەندامی هەیە، کە (٤٠٠) لە دهۆک‌و (٧٣٥) لە سلێمانی‌و (٨٦٣) لە هەولێرن، هەروەها بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی دیکە (٦٣٤) کۆمپانیای بیانی لە کوردستان کاردەکەن، کاتێک تەماشای ئەو هەموو ئامارە قەبانە دەکەیت، دەبوایە ئەم کوردستانە ئێستا یەکێک بوایە لە باخچە ڕازاوەکانی دونیا، باشە دەبا حکومەت لەو ڕاپۆرتانەدا ئاماژە بۆ پلان‌و پرۆگرامەکانی ئەنجومەنی پلاندانانیش بکات کە تا ئێستا لە کوردستان بوونی نییە، خۆ بە قەوارەی خەرجکردنی پارەبوایە، دەبوو ئێستا یەک گوندی ئاوەداننەکراوە لە کوردستاندا نەبوایە، کاتێک کە باس لە گەندەڵیی ئابووریی دەکرێت، ئاماژەیە بۆ چارەنووسی ئەو ملیارەها دۆلارانەی کە جەنابت باسیان دەکەیت.

ئەمڕۆ کێشەی سەرەکیی کوردستان، قەیرانە سیاسییە ناوخۆیەکەیەتی، لە هەموو دونیادا هۆی سەرەکیی زۆربەی قەیرانە سیاسییەکان، کێشە ئابوورییەکانن، ئێستا کێشە ئابوورییەکانی کوردستان زۆر بە زەقی باڵیانکێشاوە بەسەر بارودۆخەکەداو بوونە بەهۆی ئاڵۆزیی بارودۆخی سیاسیی لە هەرێمدا، وەک مەسەلەی نەوت، بودجە، گەندەڵیی... هتد، بۆیە بوونی بنەمایەکی ئابووریی پتەو، بەبێ ئاوەدانکردنەوە، شتێکی موستەحیلە.

**سبەی: لە کاتێکدا ڕەخنەی زۆر لە پڕۆژەکان دەگریت کە وەختی خۆی، سەرپەرشتیاری پڕۆژەی دووسایدی کەرکوک- سلێمانی بوویت، ئێستا وەڵامت چییە بۆ ئەو ڕەخنانەی کە ڕووبەڕووی ئەو ڕێگایە دەبنەوە؟**

* بۆ ئەوەی هەندێک ڕاستیی بۆ خەڵکی ناوچەکانی کەرکوک‌و سلێمانی ڕوون بکەینەوە، ئەو پڕۆژەیە بەبێ بەشداریی هیچ بەڵێندەرێک جێبەجێکرا، لە کاتی هەردوو جەنگی کەنداودا بوو، ئەوکاتە چەند ئامێرێکی کۆن کە بەکەڵکی مەجهود حەربی نەدەهاتن، کاریان لەو پڕۆژەیەدا دەکرد، سەبارەت بە پرسیارەکەی جەنابت، من ئێستاو هەتا (٣٠)ساڵی دیکەش ئامادەی بەرپرسیارێتی هەر کەموکوڕییەکم لەو پڕۆژەیەدا ڕووبدات، لاموایە کەسیش تا ئێستا ڕەخنەی لەو بەشەی کەرکوک چەمچەماڵ-تەکییە نییە. دەزانی ئەو دووسایدە لە کاتی کۆڕەوەکەدا چەند فریای خەڵکی ناوچەکەو هێزەکانی پێشمەرگە کەوت، لەوانە هەموو گرنگتر ئەوەیە کە ئەو ڕێگایە لەگەڵ سەرەتای ڕاپەڕیندا لە بەهاری (١٩٩١)دا تەواو بوو، دەزانی ئەگەر یەک ساید بووایە، بە ئاگرگرتنی یەک ئۆتۆمبێل ڕێگاکە دادەخراو دەبووە هۆی کارەسات.

**سبەی: زۆر گرنگی بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە دەدەیت، هەمیشە ڕەخنە لە کارو چالاکییەکانی حکومەتی هەرێم دەگریت‌و پڕۆژەکان بەسەرنەکەوتوو لە قەڵەم دەدەیت، دەتوانیت باسی هەندێک لەو کەموکووڕییانەمان بۆ بکەیت؟**

* جگە لەوەی وەک ئەندازیارێکی ئەو بوارە، ڕەخنە لەو پڕۆژانە دەگرم، هەمیشە وەک هاوڵاتییەکی ئاسایی دەڕوانمە ئەو پڕۆژانە، ئێوە پێتان وایە کە کێشەی ئەو پڕۆژانە تەنیا لە بواری کوالێتیدایە؟، نەخێر وا نییە! ئێوە بچن پرسیار لە هاوڵاتییانی ئاسایی بکەن، بڵێن، ڕەخنەتان چییە لە فڵان پڕۆژە؟، یەکسەر کەموکورتییەکانت بۆ دەژمێرن، بەبێ ئەوەی هیچ ئەزموونێکیان لەو بوارەدا هەبێت، جا ئەو هەڵانە چ لە هەڵبژاردنی شوێنی جێبەجێکردندا بێت، چ لە بێتوانایی کۆمپانیاکاندا، چ لە خراپیی ئەو کەرەستانەدابێت کە تیادا بەکارهاتوون، چ لە بواری جێبەجێکردنی (کوالێتیدا)، ئەو هەڵانە هەموو پەیوەندیی بە ئیدارەی وڵاتەوە هەیە، کە تۆ پلانت بۆ کارێک نەبوو، بەبێ بەرنامە کارت کرد، چۆن سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت؟ چۆن زەمانەتی چۆنایەتی‌و چەندایەتی دەکەیت؟

**سبەی: دەکرێت ئاماژە بۆ هەندێک لەو پڕۆژانە بکەیت؟**

* پڕۆژەی پاڵاوتگەی نەوتی بازیان، هەموو دەزانین کە ناوچەی بازیان هەر بە ناوچەیەکی کشتوکاڵی ناسراوە، لە لایەکی تریشەوە بازیان سەرچاوەی ئاوی چەمی باسەڕەیە، دەبوو چیاکانی ئەمبەرەوبەری، بکرانایە بە شوێنێکی گەشتوگوزاریی‌و تەلەفریک، کەچی ئێستا لە جیاتی کارگەی بەقوتوکردنی تەماتەو هەنجیر، پاڵاوتگەی نەوتمان تیدا دامەزراند، پاڵاوتگە بەواتای جیاکردنەوەی قوڕو قیرو پیسییەکانی تر لە نەوتەکە.

**هیچ وڵاتێکی ئەم دونیایە قبوڵ دەکات خڵتەو پیسی وڵاتەکەتی بەشێوەیەکی فەرمیی بۆ هەناردە بکەیت**

**سبەی: باس لەوەدەکرێت کە دەرهێنانی نەوت‌و پاڵاوتنی، مەترسیی ژینگەیی نییە، بەرپرسانی حکومیی دەڵێن، ئەو خڵتەو پیسییە دەنێردرێتە دەرەوە، بۆئەوەی ژینگەی ناوچەکە بپارێزین؟**

* کە گوێم لەو لێدوانە بوو، زۆرم لا سەیر بوو، باشە هیچ وڵاتێکی ئەم دونیایە قبوڵ دەکات خڵتەو پیسی وڵاتەکەتی بەشێوەیەکی فەرمیی بۆ هەناردە بکەیت، باشە بە چ ویژدانێک تۆ ئەو هەموو قوڕو پیسییە لە ناوەڕاستی عێراقەوە دەهێنێت‌و دەیکەیتە سەرچاوەی ئاوەکانی خۆتەوە، جگە لەوەی کە ڕێگریش دەبێت لە بەکارهێنانی ئەو زەوییانە، ئێستا لە وڵاتانی دونیای ئەمڕۆدا، بە هیچ جۆرێک بوار بە چەورکردنی زەوی نادرێت‌و ئەوە خەتی سوورە، بۆیە خاوەن پڕۆژەو کارگەکان بەپێی یاسا ملکەچک کراون کە بۆ هەر کارێک لەو جۆرانە چەندیش گەورەبێت، دەبێت موشەما (نایلۆن) ڕاخرێت لەو پانتاییەدا کە پڕۆژەکەی تیادا جێبەجێدەکرێت، ئێستا ئەو پیساییانە کە دەڕژێنە ناو ئاوی باسەڕەوە، دادەبەزنە بن ڕەگی دارەکانەوە، ناو سنگی ماسییەکانەوە، نێوان تەڵاشی بەردەکانەوە، دادەبەزنە ناو کرۆکی خاکەکەوە.

**سبەی: بەڵام خۆ دەبێت ئەو پڕۆژە گرنگە لە شوێنێکدا دابمەزرێت، چونکە بەرهەمەکانی بۆ کوردستان زۆر پێویستن؟**

* دەزانیت ئەو پاڵاوگەیە ئەوەندە بچووکە لەکاتی بە قاچاخ فرۆشتنی نەوتەکەدا وەک باسیان لێدەکرد، هەر وەک نەبێت وایە، خۆ کەس ناڵێت با ئەو پڕۆژانە نەکرێن، ئەی بۆ لە ناوچەی شوان یان لە تەکیە دایان نەنا!، لێرەدا دەمەوێت شتێکی گرنگ باس بکەم، ئەویش ئەوەیە، ئێوە دەزانن کە ئەو پاڵاوتگە یەک کیلۆمەتر دوورە لە شوێنی هەوارە مێژووییە بەناوبانگەکەی (چەرمۆ)وە، من لە مەتحەفی لۆڤەر لە پاریس، ئەو دانەوێڵە بە بەردبووانەم بینی کە لەو شوێن هەوارە دۆزراونەتەوە، باشە وێستگەی کارەبای چەمچەماڵ لە شوێنێکی نەگونجاو جێبەجێکراوە، پڕۆژەیەک بودجەکەی (٧٠٠)ملیۆن دۆلار بێت، دەبێت شوێنەکەی زۆر ستراتیژیی بێت، ئەو پڕۆژە کەهرۆغازییەو بە عیملاق ناودەبرێت، دەبوو ئەو پڕۆژەیە لەنێوان سێکوچکەی چەمچەماڵ/ کەلار/ دەربەندیخان بوایە، سەنتەری ئەو سێکوچکەیەش قادرکەرەمە کە سەرچاوەی غازەکەیە، باشە تێچووی گواستنەوەی ئەو غازە بۆ چەمچەماڵ چەندە؟ تێچووی پاراستن (حیمایە)و سیانەو ئیدامەی ئەو بۆری گواستنەوەیە، ساڵانە چەندە؟، ئەو زەوییانەی ئێستا کراونەتە پیشەسازیی، ئەی ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی کە بەهۆی بۆری گواستنەوەی غازەکەوە زەرەرمەندن، باشە خۆ ئەگەر ئەو پڕۆژەیە لە قادرکەرەم جێبەجێ بکرایە، نیوئەوەندەی تێنەدەچوو، یاخود بەو پارەیە کارەبای گشت گەرمیان‌و چەمچەماڵ‌و سەنگاوت دابین دەکرد، لەوانەیە کەسانێک بەبیانووی سیاسییەوە بڵێن، ئەو پڕۆژەیە لە قادرکەرەم نەدەکرا، چونکە ئەمریکییەکان ڕێگربوون، بەڵام ئەوە ڕاست نییە، بەڵگە بۆ ئەو بیانووە چییە؟ نەخێر، ئەو پڕۆژەیە هەموو ناوچەکانی پێکەوە گرێدەدا، دەکرا ئەو بیانووەی ئەمریکییەکانیش ببڕن‌و لە نزیکترین گونددا جێبەجێ بکرایە کە لەسەر سنووری فەرمی هەرێم بوایە لە نزیک قادرکەرەم وەک قەیتول، یان گەڕاو.

تەنیا بۆ ئاسوودەیی ویژدان... لەدونیاداو لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەتدا، چ فەرمانگەیەک لە فەرمانگەی داد پیرۆزترە؟ تەماشای شوێنی ئەو بینایە بکەن، لە ناوچەی پیشەسازیدا، لە نزیک پاڵاوتگەدا لە پاڵ بەنزینخانەو عەمباری بەنزین‌و نەوتدا، لەناو جەنجاڵیی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلدا، دەنگی هۆڕینی سەیارە، تەماشای جێگای بینای تازەی پارێزگا بکەن، بەهەمان شێوەی سەرەوە.

باشە نەدەکرا ئەو دوو بینایە بۆ خزمەتی خەڵکی سلێمانی لە بەرامبەر ئوتێل ئاشتی بوونایە، ئەو مەساحەیەی لەنێوان سلێمانی پالاس‌و ئامادەیی پیشەسازیی بۆ تەرخان بکرایە، چونکە کارگەی جگەرەکە لەکارکەوتووە، دەتوانرا هەندێک لەو خانووانە ئیستملاک بکرانایە بۆ ئەو مەبەستە.

**درێژەی ئەم چاوپێکەوتنە لە سایتی (سبەی) بخوێنەوە.**



# ــەڵگەی ئــازاد

# ڕۆژنامەگەریی ئازاد، ئۆکسجینی دیموکراسی

مـــامـــۆســـتـــایـــەکـــی زانکۆی (سەلجوم)ی کۆریا، لەو بڕوایەدایە: لە هەرێمی کوردستاندا، ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لەپێشە لەچاو ناوچەکانی تری عێراق، بەڵام مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانی، دەڵێت: بەڵێ، ئازادیی ڕۆژنامەگەریی هەیە، بەڵام ئەوانەی بە ئازادیی دەنووسن، کەمن.

ئێستا ڕۆژنـامـەگـەریی ئـازاد وەک دیاردەیەکی (Phenomenon) جیهانیی قبوڵ کراوەو لە هەموو وڵاتێکدا هەیە، بەڵام پرسیار لە بوون، یان نەبوونی نییە، بەڵکو پرسیار ئەوەیە، کە چەند زیاتر بوونی هەیە؟

د. نەزیر ئەکیسلیمن، پرۆفیسۆر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی سەلجوم لـە کـۆریـا، دەڵـێـت: ئـازادیـی ڕۆژنامەگەریی، وەک ڕووبـارێـک وایە کە هەموو ئازادییەکانی تر دەڕژێنە ئەو ڕووبــــارەوە، ئـــازادیـــی ڕۆژنامەگەریی پەیوەندیی بە ئـازادیـی ڕادەربـڕیـنـەوە هەیە، ئازادیی ڕادەربڕینیش لە جیهاندا باوەڕپێکراوەو پێویستە هەبێت، لەبەرئەوەیە کە ئازادیی ڕۆژنامەگەریی گرنگیی زۆری بۆ سیستمی دیموکراسی هەیە لە هەر وڵاتێکدا.

بەپێی مادەی (١٩)لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مـرۆڤ، هـەمـوو کـەس مافی دەربڕینو گەڕانی هەیە بە دوای زانیاریدا بەبێ هیچ پێشینەیەک.

لێرەوە دەتوانین بڵێین، پەیوەندیی نێوان ڕۆژنامەگەریی ئازادو ئازادیی ڕادەربڕین، نکۆلیی لێنکارێتو لە دیکۆمێنتە مێژووییەکاندا ئەوەیان سەلماندووە.

د. هـەڤـاڵ ئـەبـوبـەکـر، مامۆستای ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی، دەڵێت: مافی زانینو ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لە سیستمی دیموکراسیدا، بە یاسا ڕێکدەخرێن، واتە

**ئەرکە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەگەریی چیین؟**

١. ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگە

٢. چـاودێـریـی کـارە سیاسییەکانی دەسەڵاتی تەنفیزیی و تەشریعی و قەزایی دەکات.

٣. فشار دەخاتە سەر دەوڵەت کە لێپرسراو بێت.

٤. مەجالی دیبەیت دەکـاتـەوە لە ناو کۆمەڵگەدا.



د. نەزیر ئەکیسلیمن



د. هەڤاڵ ئەبوبەکر

پشتیوانیی یاساییان بۆ دەدۆزرێـتـەوەو دەبێت بە سیستم.

ڕۆژنامەگەریی مۆدێرن لە بەلجیۆم لە ساڵی (١٦٠٥) دەستیپێکر، بەڵام سوید بە یەکەم وڵات دادەنرێت کە باسی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی کردووە لە دەستووردا.

بە بـڕوای د. نەزیر ئەکیسلیمن، سێ جۆر ڕێگریی دێتە بەردەم ڕۆژنامەگەریی ئازاد، ئـــەوانـــیـــش (یاسایی، ئابووریی، سیاسیی)ن، یاساکان ئەو ڕێگرییانە دەگرنەوە کە بۆ ڕۆژنامەگەریی دانـراون لەگەڵ ئەو یاسایانەی دژی تیرۆرن، فشاری سیاسیی پەیوەندیی بە حکومەتەوە هەیە، کە تاچەند فشار دەخاتە سەر ڕۆژنامەگەریی ئازادو ئابورییش، پەیوەندیی بە خاوەنی دەزگاکانی ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە.

زیاتر لە (٥٠٠)پێناسە بۆ دیموکراسی هەیە، بەڵام دیموکراسی مۆدێرن پێویستە چەند خاسیەتێکی هەبێت، کە ئەمەش پێی دەوترێت شیکاریی (پانێل) گشتیی، ئەو پانێلە لەمانەپێکدێت (بەشداریکردن، بەرپرسیارێتی، پەیوەندیی، لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ).

باوەڕوایە کە پەیوەندییەکی زۆر هەیە لە نێوان دیموکراسیو ئازادیی ڕۆژنامەگەرییدا، ڕۆژنامەگەریی ئازاد پێویستە بۆ بەشداریی لە سیستمی دیموکراسی، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە ئاگاداربێت کە لێپرسراوان چی دەکەنو ئـاگـاداری کارەکانیان بـنو بۆ ئـەوەی بەشداریی بکەن لە حوکمڕانیدا، پێویستە زانیارییان بدرێتێ.

د. نەزیر ئەکیسلیمن کە چالاکە لە بواری مافەکانی مـرۆڤـو دیموکراسیدا، دەڵێت: ڕۆژنامەگەریی ئازاد بە ئینتەرنێتیشەوە، ئۆکسجینن بۆ دیموکراسیو بەپێچەوانەشەوە دیموکراسی ژینگەیەک بۆ ڕۆژنامەگەریی ئـازاد تەرخان دەکـات، لەبەرئەوە بوونی زانـیـاریـی زۆر گرنگە لـە دەوڵەتێکی دیموکراسیو بۆ گۆڕینی ڕژێمەکانیش.

بۆچوونێکی جیاوازیش لەم بارەیەوە هەیە، ئەویش د. هەڤاڵ ئەبوبەکر، گوزارشتی لێدەکاتو دەڵێت: ئازادیی ڕۆژنامەگەرپی، ئۆکسجینی دیموکراسی نییە، بەڵکو ئۆکسجین دەبەخشێت بە دیموکراسی، ئەگەر وابێت، ئەوا بە پاکی هەڵدەمژرێتو دواتر وەک دووانە ئۆکسیدی کاربۆن دەدرێتە، ئەو حاڵەتە دروست دەبێت کە لە کوردستاندا هەیەو میدیای سێبەری دروستکردووە.

هـەروەهـا دەڵـێـت: ئـەم ئۆکسجینە پـێـویستی بە سەوزایی هەیە کە نوخبە (ئیلیت)ە، جا ڕۆشنبیریی، سیاسیی، ناوەندی زانکۆو ئەکادیمی، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، یـان هـەر نوخبەیەکی تـر بـێـت، ئەمان ئۆکسجین بەرهەمدەهێننو دەیـدەن بە ڕۆژنامەگەریی ئازادو ئەویش لەو ڕێگەیەوە سیستم لە خراپبوون دەپارێزێت، سیستم وەک مەکینەیەک وایە کە بـەردەوام گازی ژەهراویی دروسـت دەکـاتو پێویستی بە ئۆکسجین هەیە بۆئەوەی بـەردەوام هەناسەی تازەی بدەیتیو ئەگەر نەتدایە، ئەوا هەناسەی سوار دەبێتو تووشی ئیختیناقی سیاسیی دەبێت.

## ئـــازادیـــی ڕۆژنـــامـــەگـــەریـــی، دیموکراسی

فیدڵ کاسترۆ، دەڵێت: «سۆشیالیزم لە ئەوروپاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست شکستی هێنا، لەبەرئەوەی خەڵک زانیاریی زیاتری لە حکومەت لەلابوو»، بۆیە د. نەزیر, دەڵێت: کاسترۆ بەم شێوەیە لە دیموکراسییەت گەیشتووەو نەیدەهێشت زانیارییەکان بلاوببنەوە، بۆیە ئەو هەموو ساڵە مایەوە.

ئازادیی ڕۆژنامەگەریی داپکی هەموو ئازادییەکانە، لەبەرئەوە ڕۆزۆلـت فۆرتی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، وتەیەکی هەیە لەوبارەیەوەو دەڵێت: «ئازادیی ویژدانو پەروەردەو دەربڕینو دامەزراندن، ئازادییە سەرەکییەکانن، بەڵام ئەمانە سفر دەبنەوە ئەگەر ئازادیی ڕۆژنامەگەریی ڕێگریی بخرێتەبەر».

وۆڵـتـەر کۆکی پەیوەندیی دەکـات لەنێوان دیموکراسیو ڕۆژنامەگەریی ئـازاددا، دەوڵەتی دیموکراسی وەک خۆی نامێنێتەوە ئەگەر خەڵک لە بەشداریی لە حوکمڕانیدا وەستان، بۆئەوەی بەشێوەیەکی باش بەشداریی بکەن، دەبێت بزانن کە حکومەتەکەیان چی دەکاتو چی کردووەو پلانی چییە، ئازادیی ڕۆژنامەگەریی نەک هەر تەنیا گرنگە بۆ دیموکراسی، بەڵکو خۆی دیموکراسییە.

د. نەزیر، دەڵێت: زانیاریی وەک ئاو وایە، هەموو کاتێک ڕێگەیەک دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی دەربچێت، هاوڕێکانی ڕۆژنامەگەریی ئـازاد زۆر کەمن لە جیهاندا، لەبەرئەوە ڕۆژنامەگەریی ئازاد بەهێزترین دوژمنی دیکتاتۆرییە، کۆمەڵگەیەکی ئازادو بەهێز لەگەڵ ڕۆژنامەگەریی ئازادو بەهێز لێک جیانەکراونەتەوە.

بنجامین فرانکلین، دەڵێت: هەر کەسێک دەیەوێت ئازادیی گەلێک نەهێڵێت، دەبێت لە پێشدا ئازادیی ڕۆژنامەگەریی نەهێڵێت.

ئەبراهام لینکۆلن، دەڵێت: واز لەخەڵک بهێنن، با زانیارییەکان بزاننو وڵات ئاسایشی تیادا بەرقەرار دەبێت.

د. هەڤال ئەبوبەکر، بـڕوای وایـە، ئازایەتی، سیستمی دیموکراسی دروستدەکاتوئەویش ئازادیی دروست دەکات، ئازادیی جۆرێک لە سیستم هەڵدەبژێرێت، دواسیستمیش کە ئێستا ئێمە تاقیدەکەینەوە، دیموکراسییە، بەڵام مەرج نییە ئەویش دواسیستم بێت.

هـەروەهـا دەڵـێـت: سیستم بۆ ئەوە دروست نەبووە کە ئازادییەکان بۆ ئێمە دیاریی بکاتو دواتر پێمان ببەخشێت، ئەوە سیستمە کە بەرگریی لە ئازادیی دەکاتو دەیپارێزێت، چونکە ئەوە ئازایەتی خۆمانە کە سیستمی دیموکراسیمان دروستکردووە.

## ئازادیی لە هەرێم

ئێستا هەرێمی کوردستان لە قۆناغی پەڕینەوەدایە لە دیکتاتۆرییەوە بەرەو دیموکراسی، لێرەوە ڕۆژنامەگەریی ئازاد پێوانەی ئەمە دەکاتو دەتوانێت مەوداکانی گەیشتن بە دیموکراسی کەمبکاتەوە.

هەموو وڵاتەکانی دنیا بانگەشەی بوونی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی دەکەن، بەڵام ئایا ڕۆژنامەی ئـازاد هەیە، وەک جەمال عەبدولناسر دەڵێت: لە بەیروت ئازادیی ڕۆژنامەگەریی هەیە، بەڵام ڕۆژنامەی ئازاد نییە.

ئایا کـە ئـازادیـی ڕۆژنـامـەگـەریـی لەوڵاتێکدا هەبوو، ڕۆژنامەی ئازاد بەرهەم دەهێنێت؟ د. هەڤاڵ لە وەڵامـی ئەمەدا دەڵێت: لە کوردستاندا زەمینەی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی هەیە، بەڵام کەمن ئەوانەی بە ئازادیی مامەڵە دەکەن.

ئێمە بەوە دڵنیا دەبین کە لە قۆناغی دیکتاتۆرییەوە دەمانبەن بۆ دیموکراسی، کە ڕێگەی بەشداری پێکردنمان بدەن، ئەوە بەها دەبەخشێتەوە بە تاک، هەموو ئەوانەی بەشداریی لەو گۆڕانەدا دەکەن، لەڕێگەی ڕۆژنامەگەریی ئازادەوە بەشداریی دەکەن.

سەبارەت بە بڕوابوون بە میدیا لەلایەن جەماوەرەوە، د. هەڤال دەڵێت: لای ئێمە، حیزب میدیای حیزبی بەکارهێناوە، ئەمەش بۆشاییەکانی قولترو فراوانتر کـردووە، چونکە تەنیا جوانییەکانی پیشانداوە.

د. هەڤاڵ، بڕوای وایە کە جیاوازیی ئێمە لەگەڵ ئەوروپا ئەوەیە، خەڵکی ئەوروپا هەرچی لە میدیاوە بوترێت، بڕوای پێدەکەن، بـەڵام ئـەوەی دەسـەڵاتـدارەکـان دەیڵێن، خەڵک بڕوای پێ ناکەن تا لە میدیاوە باسی نەکرێت، بەڵام حیزب بە میتۆدی کاسترۆ ئیش دەکات، چونکە پێی وایە، ئەگەر خەڵک زانی، ئەوا تەمەنی ئەو کەم دەبێتەوە، ئەوەش کێشەی لەنێوان لیبراڵەکانو دەسەڵاتدا دروستکردووە، بۆیە دەیەوێت دوای ئەوەی کارێک دەکرێت، خەڵک پێی بزانێت.

د. هەڤاڵ، دەڵێت: تا دەسەڵات پێی وابێت کە ئەو لەخەڵک عاقڵترە، ئەوا ئەو زانیارییە دەدات کە خۆی دەیەوێت، نەک ئەوەی کە خەڵک دەیەوێت.

**خاسییەتە سەرەکییەکانی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی**

١. دەبێت بڵاوکردنەوە ئازاد بێتو هیچ سانسۆرێکی لەسەر نەبێت.

٢. هەموو کەس مافی بڵاوکردنەوەی هەیە بەبێ وەرگرتنی هیچ مۆڵەتێک.

٣. پێویستە ڕۆژنامەکان ئازاد بن.

٤. نـابـێـت هیچ زۆرەمـلـێـیـەک لە بڵاوکردنەوەی هیچ بابەتێکدا هەبێت.

٥. بڵاوکردنەوەی هەڵەکان پارێزراون وەک بڵاوکردنەوەی بیروڕا.

٦. نابێت هیچ ڕێگرییەک بخرێتە سەر کۆکردنەوەی زانیاریی.

٧. نابێت هیچ ڕێگرییە هەبێت بۆ هێنانو بردنەدەرەوەی زانیاریی.

٨. دەبێت ڕۆژنامەنووسان سەربەخۆییان هەبێت لە کارەکانیاندا.




ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانانی بێسنور لەبارەی ئازادی ڕۆژنامەوانی بۆ ساڵی ٢٠١١

# کۆمەڵ



دەیان ڕۆشنبیر، ئەکادیمی، سیاسیی‌و پەرلەمانتار، جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە گۆڕانکاریی بەردەوام هەیەو پێویستە کار لەسەر هەموو جومگەکانی ژیان بکرێت، تا «کۆمەڵگەی ئازاد» بەرهەم بهێنرێت. لەو کۆنفرانسەدا کە ڕۆژانی (٣٠و٢٠١٠/١٠/٣١)، خانەی حیکمەت بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفی، بە هاوکاریی (کۆمەڵەی فیکری لیبراڵ ALT) تورکی ئەنجامی دا، گفتوگۆ لەبارەی کۆمەڵگەی ئازادەوە کراو لەبەر گرنگیی باسەکەو پێویستیی هەنووکەیی بۆ کۆمەڵگەی کوردیی، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە بە پێویستی زانی کە دۆسیەیەک لەوبارەیەوە بکاتەوەو سیمینارو گفتوگۆکانی ئەو کۆنفرانسە بکاتە بنەمایەک بۆ دۆسیەکە. لەم دۆسیەیەدا، بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەخرێنەڕوو، کە ئەوانیش لەم بابەتانەدا خۆیان دەبیننەوە: بازاڕی ئازادو ئابووریی بازاڕی ئازاد، پلاندانانی ستراتیژیی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، ئازادیی ئابووریی، دیموکراسی لیبراڵ‌و ئیسلام، مافەکانی تاک‌و حوکمی یاسا، دیموکراسی‌و ئاشتی، ڕۆژنامەگەریی ئازاد، تیۆری لیبراڵ، ڕچەشکێنی لە کۆمەڵگەی ئازاددا، هەروەها ماناو گرنگیی ئازادیی ئەکادیمی.

ئامادەکردنی: هیوا جەمال

# هەموو ئازادییەکان پێکەوە

# چۆن هەولێر دەکەین بە دوبەی؟

پرۆفیسۆر بەهاتین کەرادمیر، بڕوای وایە کە دەتوانرێت هەولێر بکرێت بە (دوبەی)ی داهاتوو بەمەرجێک، حکومەت ئازادیی ئابووریی فەراهەم بکات‌و ڕێگرییەکان بۆ پرۆژەی بچووک لاببات.

بەهاتین کە لیکۆڵەرە لە بواری بزنس‌و ئیدارەدا، دەڵێت: بەشێکی تری ئەوەی کە بڕوای گەشمان سەبارەت بە کوردستان پێدەبەخشێت، ئەوەیە کاتێک لە گەنجەکانی بپرسین، دەتانەوێت لە داهاتوودا ببن بەچی، وەڵامەکەیان ئەوە بێت کە دەیانەوێت ببنە خاوەنکاری خۆیان.

کەرادمیر جەخت لەسەر بونیاتنانی کاری پرۆژەی بچووک دەکاتەوەو لەو بڕوایەدایە کە پشکی سەرەکی لە پێشخستنی وڵاتدا هەیە، بەڵام جەخت لەوەش دەکاتەوە کە پێشکەوتنی ئابووریی «بەبێ ئازادیی» نایەتە دی.

ئەو پرۆفیسۆرە، بۆیە (دوبەی)ی بە نموونە بۆ هەولێر هێنایەوە، چونکە وتی: لە نووسینێکدا بینیم کە هەولێر توانای ئەوەی هەیە ببێت بە (دوبەی)ی داهاتوو، بۆیە بیرمکردەوە، کێ ئەو گۆڕانە دروست دەکات، حکومەت ئەوە دەکات، یان کۆمپانیا بازرگانییە گەورەکان، یان کۆمپانیا بچووکەکان؟ بۆیە من وا هەست دەکەم کە ئەو کەسانە، خاوەنکارە بچووکەکانن کە ئەم گۆڕانکارییە دەکەن.

## دەستپێشخەریی کار چییە؟

د. تاریق کەنا کە لە کۆلێژی بزنس لە تورکیا، لێکۆڵینەوە دەربارەی دەستپێشخەریی پرۆژەی بچووک دەکات‌و شارەزای هیندستانە، دەڵێت: ئەگەر (٢٠) ساڵ لەمەوپێش لە هیندستان، پرسیارت لە گەنجێک بکردایە، دەتەوێت ببیت بەچی؟ دەیوت، دەمەوێت ببم بە لێپرسراوێکی حکومیی، لەبەرئەوەی ئەگەر لێپرسراوێکی حکومیی بیت، ژیانت خۆشت دەبێت‌و پارەی زۆرت دەبێت، بەڵام ئێستا ئەگەر پرسیار بکەیت، وەڵامەکەی ئەوەیە کە دەڵێت، دەمەوێت ببم بە بەڕێوەبەری کۆمپانیایەک کە پەیوەندیی بە کۆمپیوتەرەوە هەبێت، بۆیە ئەوە وامان لێدەکات کە گەشبین بین بە داهاتووی هیندستان.

بۆیە د. بەهاتین کەرادمیر دەڵێت: وا هەست دەکەم، ئەمە بەهەمانشێوە دەبێت لە هەولێر، ئەگەر پرسیارمان لە گەنجەکانی سەر شەقام کردو وتیان، دەماونەوێت خاوەنی کاری خۆمان بین لە داهاتوودا.

دەستپێشخەرانی کار، پێویستیان بە تەرخانکردنی کات‌و توانای پێویست هەیە بۆ دروستکردنی بەرهەمی نوێ، بۆئەوەش پێویستە خەمڵاندن بکەین، بۆ ریسکە کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی‌و داراییەکان، بەڵام ریسکێک کە لە کۆتاییدا پاداشتی مادیی‌و ڕەزامەندیی کەسی‌و سەربەخۆییان دەست دەکەوێت.

ئەم دەستپێشخەرانە، دەکرێت ژن یان پیاو بن، کەسێک کە داهاتێکی کەم یان زۆری هەبێت، کەسێک کە زانیاریی هەیە دەربارەی تەکنۆلۆژیا، یان نییەتی، دەکرێت دەرچووی کۆلێژ، یان کەسێک بێت کە خوێندنی سەرەتایی تەواو نەکردبێت، دەستپێشخەریی پرۆژەکان دەکرێت، داهێنەر، بەڕێوەبەر، ئەندازیارو فرۆشیار بن... واتە هەموو کەس دەتوانێت ببێت بە دەستپێشخەر، یان (ڕچەشکێن).



پرۆفیسۆر بەهاتین کەرادمیر

## خاسیەتی ئەم خەڵکانە چیین؟

ئەمانە ئارەزووی قۆستنەوەی هەلی تازەیان هەیە، ریسکیان بەلاوە پەسەندترە وەک لە گەرەنتی، حەز دەکەن شتی نوێ فێربن، لەهەمانکاتدا کەسانی تەموحن، گوێدەگرن بۆ ئەو هەستانەی لەناخەوە پێیان دەڵێت، چی بکەن، بەدڵنیایش لە هەڵەکانیانەوە فێردەبن‌و ئەم دەستپێشخەرانەش لە کاری بچووکەوە دەست پێدەکەن، ئەم کارە بچووکانە سەربەخۆییانە بەڕێوەدەچن.

ئەم دەستپێشخەرانە، تا ڕادەیەک فرۆشتنی ساڵانەیان کەمە، بەهێزترین نین لە ناوچەکەیاندا، کەمتر لە (٥٠)کارمەندنیان هەیە، ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە ئابووریدا، کاری نوێ دابین دەکەن، بەرهەمی نوێ دەناسێنن، خزمەتی کۆمپانیای گەورەتر دەکەن، بەشداریی لە تایبەتمەندیی بەرهەم دەکەن‌و ئەو بەرهەمانە دروست دەکەن کە کۆمپانیا گەورەکان توانای دروستکردنیان نییە.

بەپێی زانیارییەکان، لە ئەمریکا پرۆژە بچووکەکان (٥١٪)ی بەرهەمەکان دابین دەکەن، بەهەمانشێوە پرۆژەی بچووک ئیشی نوێ دابین دەکات، (٦٥-٧٥٪) ڕێژەی ئەو کارانەیە کە لە کاری بچووکەوە دەست دەکەوێت.

بە بڕوای د. کەرادمیر، ئەگەر بمانەوێت کێشەی نەبوونی کار چارەسەر بکەین، دەبێت گرنگی بدەین بە پرۆژە بچووکەکان.

خەڵک وا دەزانێت کە کۆمپانیا گەورەکان، لەبەرئەوەی پارەی زۆریان هەیە، کاری زۆر بەرهەم دەهێنن، بەڵام بەپێچەوانەوەیە، بۆنموونە، سەرفی ساڵانەی کاری بچووک (٢,٢)ترلیۆنە، بەڵام کارە گەورەکان (٢,٦) ترلیۆنە لە ساڵێکدا.

بۆیە پرۆفیسۆر بەهاتین، دەڵێت: کاتێک سەیری ئەم ڕێژانە دەکەین، تێدەگەین کە بۆچی دەبێت گەشبین بین دەربارەی هەولێر.

ئەو دەستپێشخەرانەی هەلی کاری زیاتر پەیدا دەکەن‌و بەرهەمی نوێی‌و سامانیش زیاد دەکەن، گرنگترین کۆنسێپت لە دەستپێشخەریی پرۆژەدا، بریتییە لە داهێنان، لێرەدا داهێنان، هەموو جارێک مەبەست لە داهێنانی بەرهەم نییە، ڕەنگە داهێنان لە بەرهەم، مارکێتین، یان لە داراییدا بێت، لەبەرئەوە دەستپێشخەران دەکرێت لەهەموو لایەنەکاندا داهێنان بکەن.

لێرەدا نموونەیەک بۆ دەستپێشخەریی پرۆژەی بچووک دەهێنینەوە، ئەویش کۆمپانیایەکە لە ئەڵمانیا (ALDI)، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە دامەزراوە، شێوازی جیاوازی هەیە لە تەسویقی خواردندا، شوێنی بچووکی خواردنیان هەیە، کارمەندی کەمترو پارەی زۆر سەرف ناکەن لە ریکلامکردندا، بەرهەمەکانیشیان ناخەنە ناو قوتووەوە، بەڵکو هەر لە سندووقدا دەمێنێتەوە، بۆیە تێچوونەکە کەمدەکەنەوەو ئەو مۆدێلەش لە ئەڵمانیا سەرکەوتوو بووە.

دامەزرێنەری ئالدی دوو بران، دەڵێن: کاتێک دەستمان کرد بەم کارە، پارەمان نەبوو، لەبەرئەوە بڕیارمان دا شوێنی بچووک بگرین‌و کارمەندی کەممان هەبێت، بەڵام لەماوەیەکی کەمدا بۆمان دەرکەوت کە دەتوانین هێندەی مونافیسەکانمان پەیدا بکەین، بە تێچوونی کەمتر، ئێستا ئەم دووانە بوون بە دەوڵەمەندترین کەسەکانی ئەڵمانیا.

هەروەها لە تورکیا، دوو کۆمپانیای خۆراک هەن، یەکێکیان (١٩٥٤)، ئەوی تریان (١٩٩٤)دامەزراوە، یەکەمیان (میگرۆس) بە تەقلیدیی کاردەکات، بەڵام دووەمیان بە ناوی (BIM) مۆدێلی ئالدی لە ئەڵمانیا وەرگرتووە.

میگرۆس کە لە ساڵی (١٩٥٤)دامەزراوە، نرخەکەی (٤)بلیۆن لیرەیە، بەڵام بیم نرخەکەی (٣,٦)بلیۆنە، بۆیە وەک د. بەهاتین کەرادمیر، دەڵێت: داهێنان، سامان لە کۆمەڵدا دروست دەکات، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە هەمووان سەرکەوتوو دەبن، زۆربەی کارە بچووکەکان سەرکەوتوو نابن، لە ئەمریکا ساڵانە (٢)ملیۆن دەستپێشخەریی پرۆژە دەستپێدەکەن، (٧٠٪)یان سەرکەوتوو نابن، هەندێکجار بەڕێوەبردن، یان ئەزموون، یان داراییی، یان پلانی باشی نییە، بۆیە ئامانجەکان بەدی ناهێنرێن.

## چۆن پەرە بە دەستپێشخەریی پرۆژەی بچووک بدەین؟

ئایا پێویستە حکومەت بەشێوەیەکی هەرزان مادەی خام دابین بکات، یان ڕەسیدی هەرزانتر لەڕێگەی بانکەکانەوە دیاریی بکات، ئایا پێویستە حکومەت پارێزگاریی لە بازاڕ بکات‌و لەڕێگەر سەپاندنی باجەوە، هاوردە کەمبکاتەوە؟

د. بەهاتین، دەڵێت: نەخێر، چونکە ئەگەر حکومەت سەرچاوەکان دابەش بکات، ئەو دەستپێشخەرانەی نزیکن لە حکومەتەوە، دەتوانن زۆرترین سەرچاوەکانیان دەست بکەوێت، بەڵام ئەو کەسانەی تر کە تەنیا داهێنەرن، ناتوانن سەرچاوەکانیان دەست بکەوێت، بەم شێوەیەش ناتوانن داهێنان بکەن.

بەڵام پرسیارێکی تر ئەوەیە، کە چۆن ئەو کەسانەی توانای داهێنانیان هەیە، سەرچاوەکانی کارکردنیان دەست بکەوێت، بۆئەوەی دەستپێشخەریی بکەن؟ لەوبارەیەوە، پرۆفیسۆر بەهاتین کەرادمیر، دەڵێت: پێویستە حکومەت ئازادیی زیاتر دابین بکات لە بازاڕدا، هەروەها ئازادیی بازرگانیی‌و دەبێت قەبارەی دەستوەردانی حکومەت کەمتر بکرێت‌و ئازادیی وەبەرهێنان زیاتر بکرێت‌و دەبێت گەندەڵیی نەبێت.

ئەوەی کە گرنگە بۆ دەسپێشخەرەکان، مافی کۆپیڕایت‌و خاوەنداریێتییە، بۆیە ئەگەر ئەو مافەت نەبێت، ئەوا سەرکەوتوو نابیت لە کارەکاندا.

ئەگەر بتەوێت پەرە بە دەستپێشخەریی پرۆژە بدەیت، وەک کەرادمیر دەڵێت: دەبێت ئازادیی ئابووریی زیاتر بکرێت، ئازادیی ئابووریش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە ئازادیی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەوەو ئەگەر ئەوان نەبن، ئەوا کۆمەڵێکی دیاریکراو پرۆژەیان دەبێت، کە ڕەنگە لە داهێنەران نەبن، بۆیە دەبێت هەموو ئازادییەکان پێکەوە هەبن.




ئەو پرۆژە بچووکەی کە ئێستا خاوەنەکانی لە دەوڵەمەندترین کەسانی ئەڵمانیان

# دیموكراتی بەبێ مۆراڵ دروست نابێت



عوسمان عەسكەریی

بۆ ئـەوەی كۆمەڵگە گەشەبكات پێویستی بە سیستمێكی پێشكەوتوو و سەركردەیەكی كارا هەیە، بەڵام سـەركـردەیـەك كـە پێشكەوتن‌و شارستانیی وڵات ئامانجی بێت، زووبێت یـان درەنـگ لەهەر كۆمەڵگەیەكدا دەردەكـەوێـت، بەتایبەت، لە جیهانی دیموكراتیدا هەڵبژاردن دەرفـەت بۆ كۆمەڵگە دەڕەخسێنێت كەسێكی لێهاتوو بكاتە سەركردەی وڵاتەكەی، چونكە پێشكەوتن‌و دابینكردنی ئاسایش‌و ئارامیی وڵات، زۆر لە سەركردەكانی جیهان تـەنـانـەت سەركردایەتیی كوردیش دەتوانن ئەنجامی بدەن، لە داستانێكی وەها مەزن، سەركردەی كـاراو خۆنەویست‌و دڵسۆز، بیری مەزن‌و كەسی دوربینی دەوێت.

ئەگەرچی لە هەڵبژاردندا، زۆر كاندیدی ركابەر شەرەفی نوێنەرایەتیی جەماوەر بەدەست دێنن، لێ ئەوە خودی كەسەكان نین، بەڵكو بەڵێن‌و بەرنامەكانی ركابەری هەڵبژاردنە كە لەخواستی جەماوەرەوە نزیكە، بۆیە خەڵك متمانەیان دەدەنێ‌و چارەنووسی خۆیان‌و وڵاتەكەیان پێ دەسپێرن.

لەپرۆسەی هەڵبژاردنی كوردستاندا، سەرۆكی هەرێم، سەرۆكی حكومەت‌و كاندیدەكانی پەرلەمانی لیستی هاوپەیمانیی بەڵێنیان بە جەماوەردا، یەكڕیزیی گەل بپارێزن، جەنگ لە دژی گەندەڵیی رابگەیەنن، چاكسازیی لە سیستمی كوردستاندا بكەن‌و ئازادیی‌و مافی هاوڵاتیبوون بۆ تاكی كورد دابین بكەن، بەڵام دەركەوت زۆربەی بەڵێنەكانیان تەنیا وتەی هەڵبژاردن بوو نەك جێبەجێكردن، داخۆ ئەو سێ سەرۆكە لەبیریان ماوە بۆ ئەوەی لـەدژی ركابەرەكانییان سەركەون، لەكاتی هەڵبژاردندا چەند بەڵێنییان بە جەماوەری كوردستان دا. لێرەدا ناخوازم باس لەچۆنێتی هەڵبژاردنەكەو ئەو دۆخە نائارامە بكەم، وەلێ ئەوكات گوتییان، شەرەفێكی گەورەیە ئەگەر خەڵك دەنگمان بداتێ‌و خزمەتی گەلی كـورد بكەین، ئێستا مافی خۆمانە شـەرەف بكەینە ژێـر پرسیارەوەو بزانین گەورەیی شەرەف لەچیدایە، ئەگەر لە ناوخۆی كوردستان ئازادیی پێشێلبكرێت، بەهۆی رای جیاوازەوە منداڵانی كورد نانبڕاو بكرێن، یاسا رێگە لە خۆپیشاندان‌و كۆدەنگی خەڵك بگرێ، ناعەدالەتی‌و گەندەڵی‌و خزم خزمێنە سەرتاپای وڵات داگیربكات، لەبەرامبەردا بەهۆی چەنددەستكەوتێكی مەعنەویی وەك دەستپێشخەرییەكەی بارزانی‌و پۆستە كۆمارییەكەی تاڵەبانی، جەوهەری پرسە نەتەوەییەكان بكەن بە سووتەمەنی‌و بەبێ ئیمزاكردنی هیچ پرۆتۆكۆڵ‌و هیچ گەرەنتیەك دامەزراندنی حكومەتی عیراقی بكەن بە ئامانج‌و كار بۆ رێكخستنی ناوماڵی داگیركەران دەكەن، لێ گەلی كورد بەش بەش‌و ماڵەكەشی كاول بكرێت، بۆیە جێی خۆیەتی بپرسین، داخۆ بەڵێنەكانی سەرۆكەكانی كـورد چ بەهایەك بە گەل دەبەخشن یان ئەو بەهایانە چین سەرۆكەكانمان دەخوازن شەڕیان بۆ بكەن...

> ئێمەش ئەو مافەمان هەیە بپرسین، ئەی سەرۆكەكان چۆن لەم قەیرانە مۆراڵییە تێدەگەن كە هەرێمی كوردستان تێی كەوتووە؟

بۆ ئەوەی گەلی كورد بگات بە ئامانج ئەمرۆ لەهەموو كات زیاتر پێویستی بەخۆرێكخستن‌و یەكڕیزیی هەیە، بەڵام داخۆ لە مێژووی هیچ گەلێكی بندەست‌و وڵاتێكی داگیركراودا، روویداوە سەرۆك بێجگە لە ئابووریی‌و كۆمپانیاو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، بیری لە كەلتوور، سیاسەت‌و دوارۆژ، ئینسانییەت‌و یەكگرتنی گەلەكەی نەكردبێتەوە!!

سەرۆكەكان ئەركی خۆیانە لەپێناو بەهێزكردنی بنەماكانی ئابووریی هەرێم گەشە بە پەیوەندییەكان‌و كۆمپانیاكان بدەن، كە من پشتیوانیی دەكـەم بـەوەی خوازیارم گـۆڕان لە خۆیان‌و لە سیستمی هەرێمەكەمان دروست بكەن، بەڵام بەڕێوەبردنی دەوڵـەت‌و گەشەكردن‌و داڕشتنی نەخشەی سەركەوتنی گـەل، تەنیا بریتی نییە لە پەیوەندیی نێودەوڵەتیی‌و پەیوەندیی بازرگانیی، بەڵكو پێویستە ئـاوڕێـكـی جـدیـی لـە سیاسەت‌و مـۆراڵـی جـەمـاوەری كوردستان‌و یەكڕیزیی گەل‌و نیشتمان بدرێتەوەو پرسەكانی كۆمەڵگە شیبكرێنەوە، عەدالەتی كۆمەڵایەتیی دابین بكرێت‌و ئازادیی راستەقینەو دیموكراتیی لە كوردستان دابمەزرێت، چونكە ئەوانە یەكڕیزیی‌و یەكێتیی نەتەوەییمان بەهێز دەكـەن. لـێ بەپێچەوانەوە، ئەوان لەژێر ناوی دەستپێشخەریی، بەمەبەستی دابینكردنی ئاشتی لەنێوان لیستە براوەكانی عێراق‌و پێكهێنانی حكومەتەكەی، لە هەولێر كۆبوونەوەیەكی فراوان بە ئامادەبوونی كەسایەتیی‌و نوێنەرانی كۆی لیستە براوەكانی عێراق سازدەكەن، كە بەشێك لەو لیست‌و كەسایەتییانە كەمتر لە (٥) كورسییان بەدەستهێناوە، لێ بەهۆی شكستی سیاسیی بارزانی‌و تاڵەبانییەوە كە نەیانتوانی یەكڕیزیی لە كوردستان دروست بكەن‌و پێگەی كورد بەهێز بكەن، (٨) كورسییەكەی بزووتنەوەی گۆڕان لە دەستپێشخەرییەكەی بارزانی پەراوێزی دەخەن.

دەكرێت سەرۆكەكان پاساویان هەبێت‌و داوابكەن جەماوەر تێگەیشتنی هەبێت بۆ ئەم شكستە سیاسییەی بەسەر گەلی كوردا هاتووە، لێ ئێمەش ئـەو مافەمان هەیە بپرسین، ئەی سەرۆكەكان چۆن لەم قەیرانە مۆراڵییە تێدەگەن كە هەرێمی كوردستان تێی كـەوتـووە، بـێ دوودڵـیـی، هۆكاری تاكڕەوییی‌و هەست نەكردنی ئەوان بە مەسئولییەت‌و سەپاندنی بڕیار بەسەر یـاسـادا، بووەتە لەناودانی مـوراڵـی نیشتمانی‌و ئینسانییمان، بۆیە تاڵەبانی وتەنیی، دروستبوونی دەوڵەتی كوردیی خەون‌و خەیاڵە، لە رەوشی تاكڕەوییی‌و مەحسوبییەت‌و خزم خزمێنەو گەندەڵیی‌و خۆبەزل‌و داگیركەر بە گـەورەو گەلی كورد بە بچووك زانیندا، داگیركردنی ئازادیی خـەڵـك‌و پارچەكردنی جـەمـاوەری كوردستان دەبێتە لایەنی سەرەكیی ئاكاری دەسەڵاتی شكستخواردوو، ئەوەش خەونەكانی گەل مایەپووچ‌و خزمەت بە داگیركەران دەكات، چونكە موراڵی خەڵك‌و بەهای ئینسانییەت لەناودەبات، لەبەرئەوەی پەیوەندییەكی بەهێز لەنێوان دیموكراتیی‌و مۆراڵدا هەیە، دیموكراتیی بەبێ مۆراڵ دروست نابێت، هەروەك چۆن مۆراڵیش بەبێ دیموكراتیی جێگیر نابێت.

# هەڵێكی دیكە بۆ یەكێتیی‌و پارتی



دەشتی سالار

دانیشتنەكەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە (٨) مانگ بەسەر هەڵبژاردنەكەی (٧)ی ئـادارردا، وێـڕای ئـەوەی دەستپێكێكی گرنگ بـوو بـۆ رێككەوتنی لایەنە سیاسییەكان بەرەو پێكهێنانی حكومەتی نوێی عێراق، لەهەمانكاتدا ئەو دانیشتنە چەند رووداوێكی گرنگ‌و چاوەڕوان نەكراوی بەخۆوە بینی‌و كاردانەوەو بـۆچـوونـی جـیـاوازی لای لایەنە سیاسییەكان دروستكرد، هەروەها مایەی قسە لەسەركردن‌و گفتوگۆو لێكدانەوەی زیاترە.

لەو دانیشتنەدا، پاش هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمان‌و لەمیانی هەڵبژاردنی سەرۆك كۆماردا، نزیكەی (٦٠)پەرلەمانتاری لیستی ئەلعێراقییە دانیشتنەكەیان بەجێهێشت‌و چـوونـەدەرەوە، بـەوەش تاڵەبانی لە جەولەی یەكەمی هەڵبژاردنەكەدا، نەیتوانی رێـژەی دوو لەسەر سێی دەنگەكانی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت، بۆیە بڕیاردرا كە جەولەی دووەمی دەنگدان دەستپێبكات‌و لەم جـارەدا تاڵەبانی بەبێ ركابەر سەركەوتنی بەدەستهێناو بۆ دوەمـجـار بـووەوە بـە سـەرۆك كۆمار، بەڵام ئـەوەی لێرەدا جێگەی هەڵوەستە لەسەركردنە، هەڵوێستی فراكسیۆنی گۆڕانە، كە پێش ماوەیەك لەو دانیشتنە بەهۆی سیاسەتەكانی یەكێتیی‌و پارتییەوە لە هەرێم، كشانەوەی خـۆیـان لـە ئیئتیلافی فراكسیۆنە كوردستانییەكان راگەیاندبوو، هەروەها دژی كاندیدكردنەوەی تاڵەبانی بوون بۆ سەرۆك كۆمار، ئەگەر فراكسیۆنی گۆڕانیش كە خاوەنی (٨)كورسیی پەرلەمانە دانیشتنەكەیان بەجێبهێشتایە، ئەوا لەوكاتەدا نیسابی قانونی تەواو نەدەبوو، سەرۆك كۆمار هەڵنەدەبژێرراو ئالۆزی تێدەكەوت، بەڵام گۆڕان ئەوەی نـەكـردو لەدانیشتنەكەدا مـایـەوەو لەگەڵ یارمەتیدان بۆ هەڵبژاردنەوەی سەرۆك كۆمار، هاوكات پاڵپشتییەكی بـەهـێـزیـش بـوو بـۆ سەركەوتنی دەستپێشخەرییەكەی سەرۆكی هەرێم كە بۆ پێكهێنانی حكومەتی عێراق پێشكەشی كردبوو، بە واتای ئەوەی كە بە مانەوەی گۆڕان لەو دانیشتنەدا، دوو هەلی گرنگی بەخشییەوە بە یەكێتیی‌و پارتیی‌و هەم بۆ مسۆگەركردنی پۆستی سەرۆك كۆمارو هەم بۆ سەركەوتنی دەستپێشخەرییەكەی مەسعود بارزانی.

ئا لێرەشەوە گـۆڕان هەموو ئەو بـۆچـوون‌و لـێـدوان‌و هەڵوێستانەی ئاوەژوكردەوە كە پێیانوابوو، دەنگی گـۆڕان لـە پـەرلـەمـانـەكـەی بەغدا، كاریگەریی نابێت‌و جـەلال تاڵەبانی بۆ وەرگـرتـنـەوەی پۆستی سـەرۆك كۆمار پێویستی بە دەنگی گۆڕان نییە، بـەڵام نەك هەبوونی كاریگەریی بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك كۆمار، بەڵكو پاڵپشتێكی گـەورەش بوو بۆ دەستپێشخەرییەكەی سەرۆكی هەرێم.

بۆیە لێرە بەدواوە، پێویستە یەكێتیی‌و پارتی دان بە هەڵەی ئەو سیاسەتەی خۆیاندا بنێن كە بەرامبەر گـۆڕان‌و لایەنگرانی لە هەرێم گرتوویانەتەبەرو هەروەها چاوخشاندنەوە بكەن بەو ناعەدالەتییانەی لە هەرێمدا دەكرێن، لـەهـەمـانـكـاتـدا بـە پراكتیكی ئەو داواكارییانەی كە گۆڕان وەك چاكسازیی سیاسیی لە هەرێم خستونیەتیەڕوو كە خۆیان لە داواكاری گشتیی هاوڵاتییانی هەرێمی كوردستاندا دەبیننەوە، جێبەجێ بكەن.

جێی خۆیەتی كە گۆڕانیش لەگەڵ ئەوەی دەبوو راشكاوانە هەڵوێست‌و دەرئەنجامەكانی ئـەو دانیشتنەی دەنگدانیان بە تاڵەبانی بۆ هاوڵاتییانی هەرێمی كوردستان روونبكردایەتەوەو شیـكـردنـەوەی بـۆ قـازانـج‌و زیانی كورد لەم ئالوگۆڕە سیاسییانەی ئەم دواییەی بۆ هاوڵاتییان ئاشكرابكردایەو هـاوكـات، دەبێت بیر لە هەڵوێستی خـۆی بكاتەوە بەرامبەر ئـەو دوو پارتەو سیاسەتەكانیان بەرامبەری لە داهاتوودا، ئەگەر لەئێستاشدا هەندێك نـارەزایـیـ لای لایەنگرانی گـۆڕان لەسەر هەڵوێستی فراكسیۆنەكەی لەو دانیشتنەی پەرلەماندا هەبێت بە هەموو باشیی‌و خراپییەكانییەوە، ئەوا دەبێت گۆڕان ئەمە بكاتە دوایین هەلی خۆی بۆ یەكێتیی‌و پارتیی‌و چیتر بە لێدوان‌و بەڵێنی زارەكی رووگیر نەبێت‌و دەستەوەسان نەبێت بەرامبەر ئـەو ناهەقییانەی بەرامبەر هاوڵاتییانی هەرێم‌و لایەنگرانی دەكرێن.

(گـــۆڕان) دەبـێـت ئـەمـجـارە لە پەرلەمانی بەغداوە هەوڵەكانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ كۆتاییهێنان بە ناعەدالەتیی‌و ناهەقیی‌و سزادانی سیاسی لە هەرێم‌و كۆتاییهێنان بە بیانووی دەسەڵات كە هەر بۆ پرسێكی لەوشێوەیە بیانوی كوردبوون‌و لایەنی نەتەوەیی دەهێننە پێشەوەو دەبێت گۆڕان لەمەودوا لە بەغداوە فشارەكانی بخاتە سەر ئەو دوو حیزبەو بۆ بەدەستهێنان‌و گەڕانەوەی مافی هاوڵاتییانی هەرێم‌و پێویستە گۆڕان ئەو بەرپرسیارێتییە لەبەرچاو بگرێت كە لەسەر شانیەتی بەرامبەر هاوڵاتییانی هەرێم‌و دەنگدەرانی كە ئەویش بەرپرسیارێتیی تەسلیم نەبوونە بە ئیرادەی سیاسی یەكێتیی‌و پارتیی‌و بەو مۆدێل‌و میكانیزمانەی دەسەڵاتدارێتی كە لە دوای راپەڕینەوە سەروەریان كردووە.

له پەرلەمانەوە



كاردۆ محەمەد
ئەندامی پەرلەمانی كوردستان

# قەرەبووكردنەوەی راگیراوان‌و بەندكراوانی بێ پاساوی یاسایی

لە دانیشتنی ژ(١٣)ی رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٢٩) پـەرلـەمـانـی كـوردسـتـانـدا، پـرۆژەیـاسـای (قـەرەبـووكـردنـەوەی راگیراوانی بێ پاساوی یاسایی) كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كرابوو، خوێندنەوەی یەكەمی بۆكرا. پێناوی پرۆژەكە لەسەر بنەمای پاراستنی مافی مرۆڤ‌و شكۆی كە بەدەستوور پارێزراوە، پێشكەشكرابوو، هەبوونی یاسایەك دەستەبەری ئازادیی‌و مافەكانی بكات‌و لەكاتی پێشێلكردنی مافەكانیدا لەئەنجامی هەڵە، یان زیادەڕۆیی پێویستە قەرەبووی مادیی‌و مەعنەویی راگیراوان‌و بەندكراوانی بێتاوان بكاتەوە، هەتا ئەگەر بڕیارەكە لەلایە دەسەڵاتی دادوەرییش بێت.

دیاردەكە لە هەرێمی كوردستاندا هەبووەو هەیە، جا هۆكارەكەی جیاوازیی‌و ململانێی سیاسی بووبێت، یان قوربانی عەدالەت بێت. گفتوگۆو تاوتوێكردنی پرۆژەكە جیایی رای دروستكرد، رایەك پشتگیریی پرۆژەكەی دەكرد لەسەر بنەمای بوونی هۆكاری پێویستی بۆ دەرچوواندنی یاسایەك كە چارەسەری پرسێكی گرنگ لەكۆمەڵی كوردستان دەكات‌و رای پێچەوانە بە پاساوی ئەوەی یاسا كارپێكراوەكان رێگرنین لە داواكردنی قەرەبوو، ئەگەر هاوڵاتی زیانلێكەوتوو داوای یاسایی بۆ قەرەبووكردنەوە تۆماربكات، چونكە لە یاسای شارستانی ئاماژەیەكی گشتی بۆ قەرەبووكردنەوە كـراوە، كەچی خەڵك بەهۆی نەبوونی ئاگای یاسایی‌و ترس لە شوێنەوارەكانی دوای داوا تۆماركردن لە سەر لایەنی بەرپرس، سوود لەم دەقانە بۆ قەرەبووكردنەوە وەرناگرن. هەروەها جەخت كرایەوە لە مادەی (١٤)ی یاسای ژمارە (٣) ی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر كە بەڕوونی هاتووە، ئەگەر ئەو كەسەی بەتاوانی تیرۆركاریی تاوانبارە، بێتاوان دەرچـوو، بۆی هەیە، داوای قەرەبووی ئەو زیانە جەستەیی‌و ناجەستەییانە بكاتەوە كە لێیكەوتووە (چونكە میكانیزمێكی بۆ چۆنێتیی وەرگرتنەوەی قەرەبووەكە دانەناوە)و دەقەكە نەچووەتە بواری پراكتیكەوەو هیچ سوودێكی بە هاوڵاتییان نەگەیاندووە.

پێموایە، سەرجەم پاساوەكانی ئەم بۆچوونە، ئەگەر شتێك راستیشی تێدابێت كە گوایە دەق هەیە، بەڵام زۆر گشتگیرەو ناتوانێت هەموو حاڵەتەكانی ئەم دیاردەیە چارەسەربكات، بۆیە زەروورەتـی هەبوونی یاسایەكی تایبەت خۆی دەسەپێنێت. بوونی جەمسەرە جـیـاوازەكـان لە پشتگیرو رەتكردنەوە، یان هۆكاری رێكخستنی بۆچوونەكان بوون لە داڕشتنەوەی پرۆژەیەك كە دەقەكان بە جیاواز لەوەی كە پێشكەشكرابوو، بەشێوازێك دابرێژێتەوە كە بتوانێت مافی هاوڵاتی زیانلێكەوتوو كە لە ئەنجامی راگیرانی، یان بەندكردنی بێپاساوی یاسایی پێشێلكراوە، قەرەبوو بكاتەوە.

رێكخستنی یاساكە بەم شێوازەی ئێستا، هەنگاوێكی گرنگەو راستیی‌و دروستی ئەم بۆچوونەی سەلماند كە دەركردنی یاساكە هۆكاری پێویستی خۆی هەیە، بەتایبەت لە دیاریكردنی مافی ئەو هاوڵاتییانەی زیانیان لێكەوتووەو هەروەها لایەنی بەرپرس كە حكومەتە لە قەرەبووكردنەوەی زیانلێكەوتوان، ئینجا گەڕانەوەی حكومەت بۆ سەر كەسی بەرپرس‌و ئەنجامدانی رێكارە یاساییەكان لەبەرامبەریدا، ئەمەش بەربەستێكی یاسایی كاریگەرە لەحاڵەتێكدا كە زۆرجار هۆكاری ململانێی سیاسیی‌و بیروڕای جیا، گومان‌و داوای فێڵاویی، دەستگیركردن، یان هێشتنەوەی پتر لەماوەی یاسایی دوایی بێتاوان دەردەچێت‌و ئازاد دەبێت، دەبێتە هۆكاری پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤـو دەبێت بەیاسا قەرەبوو بكرێتەوە. هەروەك لەمادەی (٨٩) لە پرۆژەی دەستووری هەرێم ئاماژەی پێكراوە، هەركەسێك زیانی پێبگات لە ئەنجامی هەڵسوكەوتی هەڵە، یان خەمساردیی لە كارمەندانی دامودەزگای حكومەتی هەرێم لەكاتی كاركردندا، مافی داواكردنی قەرەبووكردنەوەیان هەیە لەلایەنی پەیوەندیدار.

خاوەنی ئیمتیاز:
كۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
ئازاد چالاك

بەڕێوەبەری نووسین
سیروان رەشید
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨
serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
hiwa.jamal@yahoo.com

لێپرسراوی هونەری
شـــاخـەوان ئەنوەر
٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦
shakhawan.shdn@gmail.com

كارگێڕیی‌و ریكلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشكردن:
كۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

ئۆفیسی سەرەكیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – كۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر:
گەڕەكی زانكۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە
٠٧٥٠١١٧٧٥٢٤

# کورد لە هاوکێشە سیاسییەکاندا

**هاشم ساڵح**

عێراق ئەمڕۆ لە سەختترین قەیرانی سیاسیی‌و دەسەڵاتدایە، بۆ خوێندنەوەی ئەم قەیرانەش، پێویستە پێش هەموو شتێک هۆکارەکانی دەستنیشان بکرێن‌و دواتریش قسەو باسی لێوە بکەین، سەرەکیترین هۆکاریش، هۆکاری تایفەگەریی بووە، بەپێی ئەو ململانێیەی کە ئەمڕۆ گۆڕەپانی سیاسیی عێراقی تەنیوە وتووشی قەیرانی کردووە، ململانێ نێوان (سوننەو شیعەو شیعە بە شیعەو کوردو عەرەبی عێراق)ە، دەرئەنجامی ئەم ململانێیەش، دەستێوەردانی دەوڵەتانی ئیقلیمیی‌و دەرەکـیـی لێکەوتووەتەوەو ئـەم دەسـتـوەردانـانـەش، سـەرچـاوەی لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان‌و پاراستنییەوە سەرچاوە دەگرێت‌و داکۆکیکردنیش لەو بـەرژەوەنـدیـیـە، کـاری سـەرەکییانەو بە ئاسانیش دەستبەرداری نابن.

ئـەوەی بەلای منەوە گرنگەو دەمەوێت لێرەدا قسەو باسی لێوە بکەم، ڕۆڵی کوردە لەم هاوکێشە سیاسیی‌و ئاڵوزو نادیارەی ئەمڕۆدا.. کورد ئەگەر لە سەرەتای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە بە شێوەیەکی بابەتیانەو لە ڕووی بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەییەوە مامەڵەی بکردایە، دەبوو یەکەم کاریان بریتی بوایە لەو پرسیارە، کە چۆن‌و بە چی شێوازێک کـارو کـرداری خۆیان ڕێکبخستایەتەوە؟ بۆ لە کات‌و ساتە هەستیارەکاندا مامەڵەی بابەتیانەی نەکردووە، لەگەڵ پێشهاتەکاندا؟ دەبێت ئێستا چی بکەن؟ ئەم پرسیارانەو گەلێک پرسیاری دیکە دێنە ئاراوە، دەکرێت هەریەکە لەم پرسیارانەش بە شێوەیەکی بابەتی‌و مەنتقییانە وەڵام بدرێنەوەو خوێندنەوەی زانستییان بۆ بکرێت، تا لە داهاتوودا زیاتر بەرژەوەندییەکان بەر مەترسیی نەکەون.

کورد هەمیشە سەنگو ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە مێژووی سیاسیی عێراق‌و هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا، بەڵام ئەم ڕۆڵ‌و سەنگو کاریگەرێتییەی لە بەرژەوەندیی خودی خۆی‌و داهاتووی نەتەوەییدا بەکار نەهێناوە، هاوکات بەرژەوەندیی گشتیشی فـەرامـۆشـکـردووەو کـاری لـەو پێناوەدا نەکردووە، هۆکاری ئەوانەش بە بۆچوونی من لە دوو خاڵدا خۆی دەبینێتەوە...

یەکەمیان: بیرکردنەوەییەکی سـادەو خۆدەرخستن لەسەر حیسابی نەتەوەیی‌و کارکردن بۆ خۆناساندن بەو شێوازەی کە خۆیان دەیخوازن، ئەم بیرکردنەوەیەش تەنیا لە بیری ئەم زاتە سیاسییانەی وڵاتی ئێمەدا نەبێت لە هیچ جێگەو مەنتیقی سیاسیی دنیادا جێگەی نابێتەوە، لە سیاسەتدا بەخشین‌و خۆدەرخستن کارێکی گێلانەو تێنەگەیشتن لە سیاسەت‌و کاری سیاسیی.

دووەمـیـان: کـارکـردن بـۆ پاراستنی بەرژەوەندیی تایبەتی‌و فراوانکردنی نفوزی خۆ لەسەر حیسابی نەتەوە! سیاسییەکانی کـورد هەمیشە بـەرژەونـدیـی تەسکی حیزبایەتییان لە سـەرووی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دانـاوەو بەلاشیانەوە گرنگترو پەسندتر بووە لە بیری نەتەوەیی‌و کاریشیان بۆ پێشخستنی فراوانکردنی بیری نەتەوایەتی‌و بەهێزکردنی ژێـرخـانـی وڵات‌و نەتەوە نەکردووەتەوە، بە قەد ئەوەی بیریان لای بەرژەوەندییەکانی خۆیان‌و دارودەستەکانی خۆیان! فراوانکردنی دەسەڵات‌و برەودان بە داکۆکیکردن لە بەرژەوەندیی گشتیی گەلی کوردو سودوەرگرتن لە دەرفەتە سیاسییەکان پێموایە؛ لە ئەجێندای کـاری سیاسییاندا نەماوە... هەرکاتێکیش هەستیان بە بچووکترین مەترسیی کردبێت بۆ سەر بەرژەوەندیی حیزبییان پەنایان بـردووەتـە بەر هەموو جۆرە کارێک، تا کاری سازشکردنیش لە مافە نەتەوەیی‌و گشتییەکان وەک: «گەڕانەوەی کـەرکـوک‌و نـاوچـەدابـڕاوەکـان‌و هێزی پێشمەرگەو داهاتە نەتەوەییەکان‌و ...هتد» هەر کەسێکیش ئەم دەرگایەی لێیان کوتابێت ئەوەندیان لەسەر وتووە، ئەوەندەیان لەسەر نەیارەکانیان نەووتوە! ئەم کارەشیان تەنیا بۆ خزمەتکردنی سیاسەتی خۆیان‌و حیزبەکانیان بووەو هیچی تری لێ بەدی نەهاتووە، بۆیە چیتر ناکرێت مامەڵەی لەم جـۆرە لێیان قبوولبکرێت‌و تەنیا بیرکردنەوەی دەسکەوتی حیزبی تاکە ئامانج بێت، بەڵکو دەبێت هەموو بیرکردنەوەکان‌و دەسکەوتەکانیش لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەیی بێت.

# میکانیزمی دیفاعیمان بەرامبەر هەڕەشەکان چییە؟



**د. محەمەد ئەمین گەناوی***

دروستبوونی میکانیزمی دیفاعی، کارەکتەری فیزیکیی تەواوی زیندەوەرانەو لەوانە مرۆڤیش بەرامبەر هەر هەڕەشەیەک کە مەترسی هەبێت بۆ مانەوەی لە ژیان، بەشێوەیەکی گشتی، دوو جۆر میکانیزمی دیفاعی هەیە، یەکێکیان سروشت (**فطرية**) کە هەر لە سەرەتای ژیانەوە بوونی هەیە، ئەمیش وەک کاردانەوەی فیزیکی لە فۆرمی فسیۆلۆجیدا بەرجەستە دەکرێت، ئەم جۆرە لە هەموو گیانلەبەراندا هاوبەشە، جۆرەکەی تریان میکانیزمی دیفاعییە لەسەر بنەمای مەعریفەو فێربوون‌و عەقڵەوە دروست دەبێت‌و ئەم میکانیزمە دیفاعییە عەقڵییە بووە کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤ توانیویەتی بەرگریی لەخۆی بکات لە دیـاردەو کارەساتە سروشتییەکان‌و هەموو ئەو هەڕەشانەی کە مەترسی بوون لەسەر ژیان‌و قەوارەی سیاسی‌و فەرهەنگی‌و ئابووریی.

لەناو هەر گەل‌و کۆمەڵێکیشدا، دوو جۆر میکانیزمی دیفاعی هەن، یەکێکیان لەسەر ئاستی فەرد( تاک) کە هەر کەسێک یان تاکێک لە کۆمەڵدا بەگوێرەی تواناو تموح‌و پێگەی خۆی میکانیزمێکی دیفاعی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو شتانەی کە هەڕەشەن لەسەر پێگەی کەسێتی ئەو کەسە لەناو کۆمەڵدا، بۆ نموونە، هەر کەسێک هەر لە سەرەتای هۆشیاریی کۆمەڵایەتییەوە، هەست بـەوە دەکات کە فاشل بووە لە کاردا وەکو خوێندن، یاخود هەر کارێکی تر کە پێگەو شوێنی لە کۆمەڵدا دیاریی دەکات‌و مەترسییە بۆ ژیان‌و داهاتوو و پێگەی کۆمەڵایەتی، بۆیە بە پاڵنەری عەقڵ‌و مەعریفەی خۆی کەڵک لەو هەلومەرج‌و هەلانە وەردەگرێت کە دەتوانێت بەکاریانبهێنێت وەکو میکانیزمێکی دیفاعیی بۆ لەدەست نەدانی هیواو پێگەو کەسێتیی لەناو کۆمەڵدا. میکانیزمی دیفاعیی تر لەسەر ئاستی کۆمەڵ یان کۆ، هەم چین‌و توێژێکی تایبەت دەگرێتەوە لەناو کۆمەڵدا، کە دەشێت بەهۆی پێگەی چینایەتییەوە، یان کۆمەڵێکی دیاریکراو لەناو کۆمەڵدا هەڕەشەی لەسەر بێت، بۆ نموونە، دەشێت چینی کرێکار هەڕەشەی لەسەر بێت، یـان هەست بە هەڕەشە بکات لەلایەن بە (**اصطلاح**) چینی بۆرژوا بە مانا کلاسیکییەکەی، یان هەر چینێکی تری دەسەڵاتدارەو بە جۆرێک کە ژیان‌و ئازادیی ئابووریی تەنگ بکات‌و بێبەشی بکات لە ژیانێکی ئاسایی، کە ژیانی سەردەم دەیخوازێت، بۆیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی چەوسانەوەو مرومکردن لە ژیانێکی ئاسایی وەکو میکانیزمێکی دیفاعیی لـە سەندیکاو ڕێـکـخـراوی تایبەت بە خۆیان، خۆیان ڕێکدەخەن‌و هۆشیاردەکەنەوە لەسەر مافەکانیان، یان دەست بە خۆپیشاندان‌و مانگرتن دەکەن لەشوێن‌و کاتی دیاریکراودا.

بەهەمان جۆر چینەکانی تریش بۆ نموونە ئافرەتان، ڕۆژنامەنووسان، فەرمانبەران.... هتد لەسەندیکاو ڕێکخراوی تایبەتیدا خۆیان ڕێکدەخەن وەک شوێنێکی دیفاعیی لەخۆیان، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە بـەرژەوەنـدیـی ئابووریی‌و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان بکەن‌و لە زۆر شوێندا بینراوەو دەبینرێت، بەتایبەتی لە دنیای جیهانگیریی ئەمڕۆمان کە کۆمەڵێکی دیاریکراو لەناو هەر کۆمەڵێکدا، یان میللەتێکدا بۆ پارێزگاریکردنی خۆیان لـەڕووی فەرهەنگیی‌و هەتا ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی‌و شوێنەوە جۆرێک ژیانی تایبەت بۆخۆیان دیاریی دەکەن‌و بوونی جولەکە وەک کۆمەڵێکی نەتەوەیی‌و ئاینی کەمینە لە وڵاتانی دنیا لە مێژوویەکی کۆنەوە تا ئێستاش وەکو میکانیزمێکی دیفاعیی بۆ پارێزگاری لە ئاین‌و فەرهەنگی یەهودی ژینگەو فۆرمێکی تایبەت بەژیانی خۆیان دروستکردووە، هەروەها کەمینەی مەسیحی لە وڵاتی ئیسلامیی بەهەمان جۆرو ئەمڕۆش کەمینەی موسوڵمانان لە دەرەوەی وڵاتانی ئیسلامیی، بەتایبەتی لە خۆرئاوا ژیان‌و ژینگەیەکی تایبەت بە خۆیان دروستکردووە، وەک میکانیزمێکی دیفاعیی بۆ پارێزگاری لە فەرهەنگو داب‌و سوننەتی ئیسلامیی.

بـەشـێـوەیـەکـی سـروشـتـی، لـەو وڵاتانەی کە زیاتر لەیەک نەتەوە دەژین‌و نەتەوەیەک زاڵە بەسەر نەتەوەیەکی تردا، واتـە دەسـەڵاتـی سیاسی‌و ئابووری‌و سەربازی‌و یاسایی بەدەستەوەیە، لای میللەتی ژێردەست میکانیزمی دیفاعی هەم لەسەر ئاستی تاک‌و کۆمەڵ دروست دەبێت، بەتایبەت لەبواری فەرهەنگی‌و ناسنامەوە، نموونەی نزیک‌و زیندووش، ئیجبارکردنی کوردە کە لەم وڵاتانەدا بژی کە ئەمڕۆ لە جوگرافیای سیاسیدا بوونیان هەیە، وەکو ئێمەی کورد لە عێراقی عەرەبیدا.

بەهەر هۆیەک بووبێت، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بەبێ ئیرادەو ئارەزوو ویستی کورد، کوردستان‌و گەلی کورد بەزۆر خرایە پاڵ دەوڵەتی تازەی عێراق کە ناسنامەی عەرەبی پێدرا، لەکاتێکدا هیچ بەرژەوەندییەکی هاوبەش لەنێوان کـوردو عەرەبدا نەبووەو نییە تا ببنە هاوسەرنەویشت، چونکە عەرەبی عێراقی لەڕووی ئابووریی‌و فەرهەنگو مێژوو و ئاین‌و هەتا جوگرافیاوە، تەکاملی دنیای، یان جیهانی عەرەبەو ئیمتیدادی عەرەبی هەیەو کوردیش بۆخۆی لە کوردستانی عێراق ئیمتیدادی کوردستانی هەیە لەڕووی جوگرافیاو مێژووو زمـان‌و ئابووری‌و فەرهەنگەوە، بـەم جـۆرەش جیهانی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازە لە جیهانی عەرەبی، هەر لەبەر جیاوازیی‌و نەبوونی سەرنەویشتی هاوبەش لەگەڵ جیهانی عەرەب‌و هەر لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی عەرەبی بە دەستی ئینگلیز، کورد وەکو میللەت وەکو تاک میکانیزمی دیفاعی بۆ دروست بوو لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، تا ناسنامەی کوردبوون بپارێزێت لە کاریگەرییەکانی نەتەوەی عەرەبی عێراقی کە لە هەموو بوارەکانداو تا ئێستاش باڵادەست‌و دەسەڵاتدار بوون، شۆڕشە یەک لەدوایەکەکانی کوردی دژی دەوڵەتی بەزۆر سەپێنراوی عەرەبی عێراقی بەسەر کـورددا، نموونەی میکانیزمی دیفاعین لە هەموو ئاست‌و جۆرەکاندا بەرامبەر هەڕەشەی ناسیۆنالیزمی شۆڤێنی عەرەبی کە تا ڕۆژی ئەمڕۆش لە هەموو بوارەکاندا حـزووری هـەیـەو دوای ڕووخـان‌و لەناوچوونی دەوڵەتی عەرەبی عێراقی بەدەستی ئەمریکاو هاوپەیمانانی لە(٩/ ٤/ ٢٠٠٤)دا، کورد نەیتوانی کەڵک لەم هەلە مێژووییە وەربگرێت‌و قەدری هەلی نەزانی، تا ڕۆژ گەیشتە ئەم ڕۆژو حاڵەی دەیبینین کە زیاتر(٥٠٪)ی خاکی کوردستان نەتوانرا بگەڕێتەوە سەر کوردستان، لەمەش خراپتر جەنگێکی تیرۆریستی دژی کورد لە ناوچەدابڕێنراوەکان دەستپێکردووە، کە ڕۆژانـە دەیـان خێزانی کورد لەژێر فشاری تیرۆرو تۆقاندندا ناچار دەکەن، ماڵ‌و ژیان‌و ئەرزو ئاوی خۆیان جێبهێڵن بەرەو ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، کە ئەمەش هەڕەشەیەکە بۆ بواری ئاسایش‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی هەتا سیاسیی، کە بێگومان ئامانجی ناسیۆنالیزمی عەرەبی ئەمەیە کە ئەگەر نەتوانن باری ئاسایش‌و سیاسیی سێ پارێزگاکەی کوردستان بشێوێنن، ئەوا دەیانەوێت کوردەکانی ناوچەدابڕێنراوەکان بەزۆریی تیرۆر بەرەو سێ پارێزگاکەی هەرێم کۆچ بکەن.

ئـەوەی کە بەڵگەنەویستە، ئامانجی هەموو شۆڕش‌و خەباتێک ئەوەیە کە بۆ هەتا هەتایە هەڕەشە نەمێنێت، بەتایبەت لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەییداکە بە مافی دیاریکردنی سەرنەویشت‌و دروستکردنی قەوارەی سیاسی‌و ئابووری‌و فەرهەنگی دێتەدی‌و ئێمەی کورد تا ئەو ڕۆژەی نەتوانین مافی دیاریکردنی سەرنەویشتمان هەبێت‌و نەبینە خاوەن قەوارەو ناسنامەی میللی، بێگومان هەموو هەڕەشەکان لەسەر تاکی کوردو گەلی کورد بەردەوام نەوە دوای نەوە حزووری هەمیشەیمان دەبێت‌و ناچار دەبین کە بەدرێژایی مێژوو لەجیاتی خەبات بۆ ژیان‌و فەرهەنگو ئابووری‌و پێشکەوتن، هـەمـوو وزەی خۆمان بەکاربهێنین بۆ کاراکردنی میکانیزمی دیفاعیی تەنیا بۆ ئـەوەی وەکـو کورد بمێنینەوە، ئەوەی بەر لە (٩٠)ساڵ یان بەر لە چەند (نەوە)ی گەلی کورد لە کوردستانی باشوور (عێراق) هەڕەشە بووە لەسەر تاکی کوردو گەلی کوردستان، تا ئێستاش هـەر مـاون کە نـەک تەنها هەڕەشەی ئابووری‌و هەژارکردن‌و گەشەنەکردنی بـواری فەرهەنگو کۆمەڵایەتی، بەڵکو هەمیشەش هـەڕەشـەی گیانی لەسەر کورد بووە تا ئاستی کۆمەڵکوژیی، کە لێرەدا ئەنفال‌و کیمیابارانی کوردستان کە لە هەڵەبجەدا گەیشتە لوتکەی تاوان‌و ئێستاش لە عێراقی نوێی عەرەبیدا هەموو ئەو زەمینانە هەن کە هەمان تاوان بەڵکو خراپتریش دژی تاکی کوردو گەلی کورد دووبارە ببێتەوەو بە ئاماژە بۆ هەموو ئەوانەی سـەرەوە، بۆ ئەمڕۆمان ئەوە پێویست دەکـات کە دەبێت بەجدیی‌و دلسۆزانە هەموو ئەو میکانیزمە دیفاعییانە بخەینەکار بۆ ئەوەی تا ئەبەد هەموو ئەو هەڕەشانەی کە تا ئێستا لەسەر تاکی کوردو گەلی کورد هەبوون، بنەبڕ بکرێن بەتایبەت ئێستاش تا بوار ماوە کەڵک لەم هەلومەرجانەی ماون وەربگرین.

گونجاوترین، شیاوترین‌و کاراترین میکانیزمی دیفاعیی بـۆ ئێستا، تا هەڕەشەکان لەسەر کوردو کوردستان بۆ ئەبەدی پوچەڵ بکرێنەوە لەکوردستانی باشوور (عێراق )و بتوانرێت نەوەکانی داهاتوو لە ئاشتی‌و خۆشگوزەرانیدا بژین، دروستبوونی جوڵانەوەیەکی میللی، یـان جـەمـاوەریـی فـراوانـی بڕیاردەرە (مصمم)، لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردستان لە عێراقی عەرەبیدا لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە، کە جگە لە هەرێمی کوردستان، موسڵ‌و تکریت‌و دیالەش بگرێتەوە، چونکە بەشی زۆری ناوچەکانی دیالەو موسڵ، تا ئێستا لەڕووی مێژووییەوە ئیمتیدادی کوردستانن‌و لەهەمانکاتدا دەبێت ئەم جوڵانەوە جەماوەرییە، بەجدیی کاربکات بۆ زیندووکردنەوەی پرۆژەی ویلایەتی موسڵ وەکو پاڵپشتێکی بەڵگەدار بۆ ڕیفراندۆم‌و هەر لایەنێکی عەرەبی دژی پرۆسەی ڕیفراندۆم‌و مافی چارەنووسی گەلی کورد بێت‌و دەبێت لەلایەن کەسانی یاسایی لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، داوای یاساییان لەسەر تۆمار بکرێت وەکو تاوانباری جەنگو کۆمەڵکوژ، بەهەمان جۆر هەر دەوڵەتێکی عەرەبی‌و غەیرە عەرەبیش دژی ئیرادەو سەرنەویشتی گەلی کورد هەڵوێستی نابەجێ بنوێنێت، پێویستە وەکو دەوڵەتی مامەڵەی یاسایی لەگەڵ بکرێت‌و داوای قەرەبووی تاوانی ئەنفال‌و کیمیابارانی کوردستانی لەسەر تۆمار بکرێت‌و بەهەموو ڕێگایەک ناچاربکرێت بە پێدانی قـەرەبـوو بۆ کوردستان.

(جووڵانەوەی میللیی بۆ ڕیفراندۆم‌و دیاریکردنی سەرنەویشت)

بێگومان، خاڵێکی وەرچەرخانی مەزن دەبێت لە مێژووی خەباتی نەتەوەییداو هەروەها کۆی پەیامی هەموو شۆڕش‌و خەباتەکانی گەلی کوردە لە (١٠٠)ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا، بۆ ئەوەی ئاشتی ئەبەدی بۆ گەلی کوردو گەلانی هاوسێ فەراهەم بکات‌و ئەگەر ئەمە نەکرێت، دیسانەوە بێگومان دەبـێـت هەمان تەجرووبەی تاڵی (١٠٠)ساڵی ڕابردوو تا (١٠٠)ساڵی داهاتووش دووبارە بکەینەوەو بە دڵنیاییەوە، هیچ کەس ئارەزووی ئەمەی نییە کە نەوەکانی داهاتوومان هەمان ئەزموونی تاڵ‌و تراژیدی ئێمە ببینن، بۆیە جوڵانەوەی میللیی بۆ ڕیفراندۆم، مافی دیاریکردنی سەرنەویشت تاکە ڕێگەی ڕزگارییەو ئەمەش دڵسۆزیی‌و لەخۆبوردوویی‌و ئازادیی‌و ئامادەیی هەموانی گەرەکە، بۆیە داوادەکرێت لە هەموو گرووپ‌و حیزب‌و ڕێکخراوەکانی کوردستان (٢٠١١/١/١) بکرێتە ڕۆژی میللیی بۆ ڕیفراندۆم‌و مافی دیاریکردنی سەرنەویشت‌و لـەدوای ئەمە هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەشی زۆری کاتی خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئەم مەبەستە، لەگەڵ کـردنـەوەی هـەزاران بنکە بۆ هۆشیارکردنەوە.

ئەم جووڵانەوە میللییە (جەماوەرییە) لە ئەمڕۆدا تەنیا میکانیزمی دیفاعیمانە کە بتوانین ئاراستەی مێژوو بگۆڕین‌و ئەگەر ئەمە بەکارنەهێنین، ئەوا دەبینە گەلێکی بێدەسەڵات‌و بێئیرادە کە هیچ هیواو ئامانجێکی گەورەی نەبێت‌و چاوەڕێی مردن بکات، چونکە هەر کەس‌و میللەتێک کە هیوای نەما، هیچی نامێنێت تا خەباتی بۆ بکات جگە لە چاوەڕێکردنی مردن‌و تەسلیمبوون بە هەر هێزێکی ناڕەواو ساختە.

لەگەڵ ئـارەزوو هیوامان کە کوردو تاکی کورد، هەرگیز تەسلیمی هیچ هێزێکی ناڕەواو ساختە نەبێت‌و بەهیواوە بۆ ژیان بژی.

*** مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی**









چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩